# فڕین بە مەرزی حەرامدا

## کورتە چیرۆک

ڕەووف بێگەرد

سلێمانی 2011

نووسەر: ڕەووف بێگەرد
ناوی کتێب: فڕین بە مەرزی حەرامدا
بابەت: کورتە چیرۆك
مۆنتاژ: جەمال دەروێش
تایپ: ژوان عادل فەتاح
هەڵەچن: ساکار ڕەووف
تیراژ: ٧٥٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی ١٥٠٩ ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە
چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١١

دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کوردستان - سلێمانی

www.sardam.org
مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپو پەخشی سەردەم پارێزراوە

# فڕین بە مەرزی حەرامدا

زنجیره كتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم

كتێبی سەردەم ژمارە (٥٦٦)

سەرپەرشتیاری گشتی زنجیره

ئازاد بەرزنجی

## دۆنادۆن*

زەوی ئەوبەری پردە ئاسنەکە، لەدوای ڕۆخی ڕووبارەکەوە، وردەوردە ڕوو لە هەورازە. گژوگیا و دارو دەوەن مەودایەکی فراوانی سەر تەپۆڵکەکەی گرتۆتەوە. لە ئاستێکیدا شەپۆلی بەردەوامی چۆمەکە ڕۆخەکەی دڕیوە. لەوانەیە ئەو درەختانەی بەسەر کەنارەکەوەن و ڕەگیان بە ئاودڕەکەدا بۆ ناو چۆمەکە شۆڕبۆتەوە و لە دوورەوە دیارن، پاش ماوەیەک، دوا هەناسەی ماڵئاوایی هەڵکێشن و سەری کەوتن بۆ ناو ئاوەکە دابنەوێنن، ڕوو لە تاراوگەیەک بکەن کە هەرگیز جێگای ڕەگ داکوتانی تریانی تیا نابێتەوە. دەوەن و پووش و پەڵاشی زەرد و هەندێکی کەمێک سەوز لە شوێنێکدا چڕو لە لایەکی تریەوە تەنک یان هەر رووتەنە. لە ناوەڕاستی زەبەندێکیشدا توولە ڕێگایەک بەرەو ژوورتر دەڕوات. پێ دەچێت قاچاخەڕێ یان گوزەری ئەو پیادانە بێت کە لەوێوە بەرەو گوندەکانی ئەو ناوە دەڕۆن. دوای چەند هەنگاوێکی دوورکەوتنەوەی تر ڕێگایەکی خۆڵی سەرەکیە، لەوێدا، ڕێبوار و ماشین، لەناو دارستانی چڕ و پێچ و پەنای ڕێگاکەدا بە ئاسانی ون دەبن.

لە نیوە شەوێکدا، کاتێك ئەو دوانە لە ڕێگای دوورەوە، بە تیۆتایەکی ئەڤەلۆن بەرەو ناو شار دەگەڕانەوە، کە لە ڕێگای قیر لایاندا و بەسەر پردە ئاسنەکەدا پەڕینەوە ئەوبەر، لەناو شەخەڵەکەدا، ئارەزوویەکی بە جۆش و خرۆشی ئیرۆتیکی چاوی کوڕەکەی لە کچە شۆخەکە بڕی. زۆری نەبرد، ئارەزوەکەی وەك هەڵکردنی ڕەشەبا، یان تەقینەوەی گڕکانێك، هات و ئیتر کۆتایی بە هەموو شتەکان هێنا.

ئەو دوانە نزیکەی سەعاتێك بوو، بە ڕێگایەکی پڕ لە هەڵەتی خۆڵ و چاڵ و چۆڵدا ماشینیان داژووت. لە زۆر شوێندا، سێبەری تاریکی هەردوو زنجیرە چیاکەی ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکە دنیای لێ دەکردنە شەوەزەنگی بە ترس و تارمایی. بە درێژایی ڕێگاکە لایتی ماشینێکیان نەبینی کە بەرەو گوندەکانی ئەو ناوە بێن یان لەوێوە بۆ ناو شار بگەڕێنەوە. تەنانەت دەنگی وەڕینی سەگ و لوورەی گورگێکیان لە گوێ نەهات. ڕێگا بۆ ئەو شەوە، بۆنی گۆڕستانی کۆنی لێ دەهات و بەردەوام زاووزێی ترسێکی تازەی دەکرد.

هەڵتەك و داتەکی ماشینەکە، چەند جارێك رووی شەوبۆی بەلای هیوادا وەرگێڕا کە ناڕازی بوونێکی بێدەنگی پێوە دیار بوو. ئەو دەیزانی ئەوە بێ باکی و کەمتەرخەمی هیوایە کە ماشینەکەی داوەتە دەست قەدەری ڕێگا. هیوا بۆ ئەو کاتە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی و ناسینی پێشتری شەوبۆوە، زۆر لەوە مات و خامۆشتر بوو ئاگای لە ترپە خێراکانی دڵی خۆیشی بێت. لە ڕاستیا هیوا تووشی حاڵەتێکی دەروونی یان ترسێك هاتبوو لە ژیانی لەوەوبەریدا بە خۆیەوە نەیدیبوو. ئەو سالانێك لەوەوبەر لەگەڵ هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانیدا، گەلێك جار شەوانی تاریکی ساردی زستان و هەرەسی بەفر و ڕەهێڵەیان بە نێو ئەم جۆرە ڕێگایانەدا بڕیوە، بەتایبەتی دەیان جار بێرەدا تێپەڕیوەو تەمتومان و تاریکیی سەری ترسیان بە دەروونیدا نەکردوە، کەچی ئێستا، لەگەڵ ئەم شۆخەدا، ڕمۆزنێکی رووتەڵەی زیت و چالاك بەناو خانەکانی ورە و چاونەترسیی جارانیدا دێت و دەچێت، گومان دەچێنێ و ئارەزووی خەفە دەکات، ئەم نازانێت هۆکاری چیە. کە بەدوایشیدا دەگەڕێت

نایدۆزێتەوە، یان لەوانەیە بیزانێت و وەك گەلێك خۆگێل كردن لە ڕاستیی، ئەمیش خۆی لێ نەبان بكات، نەك شەرمی پێ نەیەت، بەڵكوو چێژی لێ وەربگرێت.

لە پێچێكی ڕێگاكەدا، سوورە كەروێشكێك لە دووریی هەشت نۆ مەترەوە كەوتە بەر لایتی ماشینەكە، لە چەقی ڕێگاكەدا وەستا و سڵەمیەوە. چاوە درەوشاوەكانی لە ماشینەكە بڕی، ویستی بگەڕێتەوە دواوە. بەڵام لەپڕێكدا وەزاقی بۆ ئەوبەری ڕێگاكەداو لەناو بۆتەو تاریكیەكەدا ون بوو. هیوا لە خۆوە تەزویەكی تێ گەڕا، پێ دەچوو بە بینینی هەر گیاندارێكی چیا تامی هاودەمیەكی تازە بچێژێت، لەبەر خۆیەوە وتی: سەیرە! مرۆڤ لەم ناوە ئاژەڵی كێوی بنبڕكردوە، ئەم كەروێشكە لە كوێوە هات؟ شەو بۆ لەخۆوەو بەدەنگی بەرز وتی: لەوە دەچێت ئەمیش قاچاخ بێت، بە شەو نەبێت نەوێرێ خۆی دەربخات.

هیوا جارێكی تر خۆی لەسەر ستێرنەكە قیت ڕاگرت، شەوبۆیش بە ئاراستەی كەروێشكەكە، بە پەیكەری ترسناكی چیاكەدا هەڵیڕوانی كە لەوە دەچوو دەستێكی زەبەلاحی ئەفسانەیی بێت و، لە تەمەنی دوور و درێژی خۆیدا هەزاران نێچیری وەك ئەمان و لەمانیش بە زەبر و تواناتری ڕاوكردبێت. لە شەوی تاریكدا سامی چیا لە چاوی ئەو دڕندە دڕو برسیانە دەچێت كە خۆیان بۆ هێرش مەڵاس داوەو نازانیت چۆن و كەی پەلامار دەدەن، كەچی بەڕۆژ خاوەنی جوانترین چاو ئەنداز و ڕەنگاڵەترین دیمەنی سروشتن.

شەوبۆ جامەكەی لای خۆی دادایەوە، بۆنێكی تایبەت هاتە ژوورێ، بۆنی خاك و شێ و گژوگیای سەرەتای ئەو وەرزە بوو، بەحەسرەتەوە هەناسەی لێ پڕكردن. هەرچەندە ئەو شارەزای چ بۆنێكی دەشت و دەر نەبوو، جیاوازیی لە نێوان بۆنی هەرمێ كێویلە و گوڵە عەترو كەنێرەدا نەدەكرد، نەیدەزانی دارەبەن چی دەگرێ و مازوو بۆچی باشە. بەڵام بەو بۆنە هەناسەیەكی لە جاران خۆشتری تێگەڕا و هەستی بە نیمچە مەستیەك كرد. خەیاڵی لای ئەو پەپوولانەیش بوو كە لە دوورەوە بەگوڕ دەهاتن، بەلایتەكانەوە دەنیشتنەوەو لەپڕێكدا دادەكەوتنە خوارێ. ئەمەیش نزیك

خستنەوەی رۆحی ئەو بوو لەو گیاندارانەی لەهەر جێگایەکدا مرۆڤ و رووناکایی هەبێت بوونی ئەوانیش حەتمیە، هەیشیانە بەشێکی ژیان و چێژ وەرگرتنی پێك دەهێنێت. جگە لەوەی ئەو بوونەوەرەی گەلێك جار سەرکێش و بە گوڕ و گەرمیەوە بەرەو رووی تیشکێك دێت، دەبێت چاوەڕێی ساردبوونەوەی کتوپری خۆی بکات. ئەمیشیان خەسڵەتێکی تری هاوبەشی نێوان گیاندار و سروشت و بەرئەنجامی پەیوەندیە ناکۆکەکانە.

لە پێچێکی تردا کە ڕێگاکە تەواو کەوتبوە نەدیویی، دیسانەوە ماشینەکە خۆی بە چاڵێکی قووڵدا کێشا، بەرزبوەوەو ژێری لە گڵە قۆقز و کەرسەکە گەورەکان خشا. دەنگێکی ناقۆڵا و تەکانێکی هێند ناخۆش بوو دیسانەوە شەوبۆی خستەوە بۆڵە بۆڵ. کەچی هیوا وەك هیچ روونەدابێت و چ باکی بە زیان پێگەیشتنی ماشینەکەی نەبێت، پێ ترازاوەکەی بە هێوریی لەسەر ستۆپەکە دانایەوەو بێدەنگ کەوتەوە ئاژووتن. هێشتا تەزووی ساتمەکە نەڕەویبوەوە، لاشەی گەماڵێکی ڕەش و گەورە کە لەسەر چەقی ڕێگاکە بەمردویی کەوتبوو بەر ڕووناکیی لایتەکان کەوت. هیوا پرنگایەوەو ناچار وەستا، بە خوێنەکەیدا دیاربوو تازە لێ دراوە، لەوانەیە سەر لە ئێوارە ماشینێك کوشتبێتی، بەشی دواوەی سەگەکە تەواو لە زەویە تەڕەکە چەقیبوو. بەلام لۆز و هەردوو دەست و سەروملی لە گیانداریکی دەکرد هیچی لێ ڕوو نەدابێت و بە ئارەزووی خۆی لەوێدا نووستبێت. شەوبۆ بە خۆی وت: لەوانەیە ئەو شۆفێرەی کوشتوویەتی ئاوری لێ نەدابێتەوە، یان ئەگەر لەباتی سەگ مرۆڤیش بوایە ئەو هەر ئەوەی بکردایە. بەڕاستیی مرۆڤ بوونەوەرێکی لەوە ترسناك و بەنهێنی ترە سڵی لێ نەکەیتەوە یان بە ئاسانی پەی بە نهێنیەکانی ناوەوەی بەریت.

هیوا بۆ چرکە ساتێك ئاوڕی لە شەوبۆ دایەوەو تەماشای کرد، شەوبۆ بەر ڕوانینەکەی کەوت و لە چاویدا رازێکی خوێندەوە زیاتر روانینی سەگێك بوو توانای پاس کردن و بەرگری نەمابێت و تەنیا دەنگی کڕوزانەوەو بەزەیی پێدا هاتنەوەی

لێ بەرز بێتەوە. بەڵام شەوبۆ زۆر بڕوای بەو خوێندنەوەیە نەکرد، دەیزانی هیوا لەوە بەفێڵ و زیرەکترە بهێڵێت بە ئاسانی بگیرێت، وەلێ لەوەیش کەودەنترە بتوانێت بۆ هەمیشە دەمامك بپۆشێت و کەس نەبێت مووروە شاراوەکانی نێو گیرفانی نەدۆزێتەوە، بۆ ئەو کاتە، هیوا لە درەختێکی کلۆر دەچوو کە تەنیا هەستی ئەوەی تیا مابێت مشاربەدەستێك لە کەمینی برینەوەیدایە. بۆیە شەوبۆ لەوە بێگومان بوو کە هیوا لەو کاتەدا، زۆر لەوە بێدەسەڵاتترە بتوانێت نمایشێکی مرۆڤانەی خۆی بکات، یان بەسەر ئەو ترس و دوودڵیەدا زاڵ بێت کە لە خۆی کردۆتە مۆتەکە و جەستە قورس و زەبەلاحەکەی خستۆتە سەرشانی. ئەو لای خۆیەوە سادەییەکی وای دابوە دۆخەکە کە زۆرجار دەیویست بداتە قاقای پێکەنین و پێی بڵێت: ژیان لەوە سووکەڵە و بێ هوودەترە کە مرۆڤ خۆی لە ژێریدا بچەمێنێتەوەو ڕووداوەکانی بۆ دۆزەخ نەنێرێت، بەڵام دەیزانی هیوا بەو قسەیە جنگڵ دەبێت و لەوانەیە زیاتر خۆی بداتە دەست دوودڵی و شپرزەیی. بۆیە هەر لە گەرمەی ئەم لێکدانەوەیەداو بێ ئەوەی پێشتر خۆی بۆ قسەیەك ئامادە کردبێت بە هیوای وت: دەڵێی چی جێگاکەمان بگۆڕینەوە، من ماشینەکە لێ بخورم؟

هیوا وەك دەمێك بێت چاوەڕێی پێشنیازێکی وابێت و ڕووی درکاندنی نەبێت، لە شەوبۆی ڕوانی و ئەمجارەیان چاوی درکاندنی لەوە زاڵتر بوو کە بە زمان بیلێ. هەر زوو هاتە خوارێ و جێگاکەیان گۆڕیەوە.

شەوبۆ بە هێوریی ئاژووتی، چۆڵیی ڕێگا و تاریکاییەکەی زیاتر بە دنیایەکی شاعیرانە چواند کە بێجگە لە دۆخێکی ڕۆمانسی چی تری لێ بەرهەم نایەت، بیر و لێکدانەوەکانی کۆکردەوەو، تەواو چاوی لە ڕێگاکە بڕی بۆ ئەوەی خۆی لە تاسەو چاڵەکان بپارێزێت، رادیۆکەیشی کردەوە کە بەڕێکەوت گۆرانی (شەوە دنیا وەکو زوڵفت سیاپۆش)ی حەمەی ماملێی دەوت و ئەم بەدڵ عاشقی بوو. هیوا دەنگەکەی کزکردو شەوبۆ لەگەڵیا وتیەوە. ماوەیەك کە شەوبۆ ماشینەکەی ئاژووت، هیوا هەر مەلێکی باڵشکاو و بێ جووڵە بوو. نە دەدواو نە چاوی دەگێڕا. بە جۆرێك پاڵی

دابوەوە و گرمۆڵەببوو دەتوت تاوانبارێکە خۆی لە پرسیاری دادوەر و لە چاوی خەڵکیی دەدزێتەوە.

دوای بەرزاییەکی کەمێك کورو پاشان لێژبوونەوە بەرەو گۆماوێکی لارێکە، ڕەوە بۆقێك، چما نەیارێکیان دیبێت و یەکدی ئاگادار بکەنەوە، لەیەك کاتدا کردیان بە قیرەقیر، شەلاقەیەکی تەنیایش کە دیاربوو هەر لە قەراخ گۆماوەکە هەڵنیشتبوو، لەشەقەی باڵی دا و بەسەریاندا تێپەڕی، سەری ماندووی ئەمانیش جارێکی دی بەر بروسکەیەکی تری جەنجاڵی و دنیا گەورەکەی ژیان کەوت و بۆ چرکەساتێك فڕینەوە لای مرۆڤەکانی وەك خۆیان کە لە هەندێك خەسڵەتدا باڵندەیەکی تەنیا یان کۆمەڵێك بۆقی بەقاووقیژن.

زۆری نەبرد کەوتنە سەر پردێکی نزم و چکۆڵە، لەوانە بوو شۆفێری نەشارەزا واهەست بکات لەپڕێکدا دەتەپێت و ماشین و سەرنشینەکانی دەکەونە ناو شیوەڵۆکێکەوە.

شەوبۆ زوو ترسەکەی لە خۆی ڕەواند کە دیارە رۆژانە چەندین ماشین بێرەدا دێن و دەچن و پردەکە وەك خۆیەتی. کە لەوێ تێپەڕین، لە بناری چیاکەی دەستی ڕاستیانەوە چرای نێو گوندێك دەرکەوت. هەر لەوساتەدا و لەودیو چیاوە تازە تریفەی مانگ بەر لووتکەی چیا کەوتبوو. ئەستێرەیەکی زۆر گەشیش کە دەتوت توند بە لووتکەکەوە چەسپیوە جریوەی دەهات. هەموو ئەمانە لەو میوانە هەرە ئازیز و دوور وڵاتانە دەچوون کە دوای جوداییەکی زۆر، لە ناکاوێکداو بێ ئەوەی ئاگاداربیت سەر بە ماڵی چۆڵتا دەکەن و سلاَوێکی لە هاتنی خۆیان خێرا و بەتامترت بۆ دادەخەن.

هیوا کە رووناکیەکەی بینی، ئۆخژنێك وەهەناوی کەوت و هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا، تەواو چۆن هەستی دیلێك بەرانبەر بە ئاسۆیەکی پاك، یان گمەی کۆترێکی جووتە ون کردوو لەکاتی دۆزینەوەیدا. تەماشای شەوبۆی کرد و وتی:

- خانمەکەم، بەڕاست ئەمە گەشتی خۆشی و ڕابواردن بوو یان ژەهر نۆشین؟

شەوبۆ بەقسە هاتنە کوتوپڕەکەی ئەوی لاسەیر بوو، زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

-ئەو پرسیارە لە خۆت بکە جەناب! تۆ بۆ ئەم ڕێگا چەپەك و دوورەت هەڵبژارد؟ خۆ دەمانتوانی بەهەمان ڕێگادا بگەڕاینایەتەوە کە لەوسەرەوە پێیدا هاتین. باشە ئەی پێم ناڵێیت بۆ وات بەسەرهات؟

-بەڕاستیی نازانم بڵێم چی، ڕەنگە ئەوەبێت کە خەڵکی ئەم ناوە دەمناسن و ترسی بینینی ئەوانم لێ نیشتبێت، یان شتی تر بێت و هەستی پێ ناکەم. نەیشم زانی ڕێگاکە ئەمەندە وێران و بەمەترسیە!

-تۆ زمانت چوبوە کلیلەو ڕەنگت پەڕیبوو. ئێستایش نەهاتوویتەوە سەرخۆت!

-دەزانم، من جاری تر وام بەسەر نەهاتوە، ڕاستت پێ بڵێم هێشتا شتێکم تیایە نازانم ناوی بنێم ترس یان...

-لای خۆت سەردەمانێك هاورێی شەوانی تاریك و ڕێگای سەخت و دژوار بوویت، کەچی بێ ئەوەی هیچ ڕوویدابێت ئەمشەو بوویت بە ...

-...نازانم ، نازانم، پێ دەچێت ترسێکی چکۆڵە ترسێکی زۆر گەورە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و من ئێستا نەتوانم درکی بکەم!

-بەڵام ئاخر ترس لەچی؟ لەتاریکیی؟ لەڕێگای چۆڵ؟ یان ترس لە شتێك کە تەنیا خۆت دەیزانیت و نایلێییت!

-بلێی ترسێك بوونی نەبێت چ هۆکارێکی لەدواوە نەبێت؟ وەك ئەمەی من؟

-شتی وانیە، هەندێك ڕاستیی هەیە مرۆڤ تامردن بەکەسی ناڵێت، بەڵام خودی کەسەکە پێ دەزانێت هۆکاری چیە. وایە؟

-دەشێت، بەڵام من ناتوانم بڵێم شتێکی دیاری کراو هەیە، ڕەنگە شتگەلێکی زۆربن، یان هەر حاڵەتێکی کتوپڕ بێت و مرۆڤ نەتوانێت دەستگیری بکات.

-با، من دەیزانم، تۆ لەناوەوەی خۆتدا هەست بە گوناهێك دەکەیت، ئیتر

سەرچاوەکەی کوێیە و چیە ئەوەیان بۆ خۆت و بێگومانم لە شوێنێکدایە کە تۆ هەستی پێناکەیت، یان دەیکەیت و ناتەوێت بیڵێیت. هەمیشەش ناپاك ترسنۆکە، بەڕاستی پێت بڵێم تۆ بەتەواوی تۆقیبوویت.

هیوا وەك سەگێك داری سزادانی بەدەستی خاوەنەکەیەوە دیبێت لەناوەوەیدا لەرزی و هیچی نەوت: شەوبۆ وتی: من لەوە بەگومانم کە ئەمەی تۆ تەنیا ترسبووبێت یان هەست بە تاوان کردن! تۆ کاتی خۆی بە مەزنیی و شکۆمەندیەوە بێرەدا تێپەڕیویت، ئێستا کە خۆت بەوسا بەراود دەکەیت لەوە بچوکتر دەبیتەوە کە هەست بە جیاوازی نەکەیت. ئەوسای پاکی و ئێستای پڕ لە درۆکردنی رۆژانە و ناپاکی کردن لەگەڵ ژن و منداڵ و ویژدانی خۆتدا.

هیوا کڕبوو، شەوبۆ تەماشای کردو گوێی بە بێدەنگیەکەی نەدا، پاشان دڵنیاتر سەیری درەختەکانی بنار و رەوەزی چیاکە و ئەو تاوێر و لاپاڵانەی کرد کە تازە مانگ پەنجەی تریفەی بەسەردا دەهێنان و نامۆییەکانی پێشتری لێ دەتەراندن.

لەپڕێکدا هیوا بەتەوسەوە وتی: قسەی ترت پێ نەماوە؟ ئەگەر ماندوویت بابێمەوە جێگای خۆم.

-نابێت، بۆ تۆ لێخوڕینی دوا مودێلی ئەڤەلۆن لەم ناوچەیەدا لایەنی دەروونیت شپرزەتر دەکات!

هیوا مۆرەی لێ کرد، پاشان سەری دانەواند و چاوی لەبەردەمی بڕی. کە لە گوندی سەر ڕێگاکە تێپەڕین و وەڕین و هەڵبەز و دابەزی سەگی دەوری ماشینەکەیان بەجێهێشت، ئینجا هیوا جامەکەی دادایەوە، ئاسوودەتر تەماشای دار هەنار و سنەوبەر و بەڕوو و مازووی ئەمبەر ئەوبەری ڕێگاکەی کرد کە وەك لەشکری شکاو بە نارێکی وەستابوون و چاوەڕێی دەستی مرۆڤ و لێزمەی باران بوون. دەنگی تاك و تەرای تاقتاقکەرە لەناو دارەکانەوە دەهات و پۆلێك قاز و قوڵنگیش بەسەریانەوە بەرە و باکوور دەبوونەوە.

کاتێك گەیشتنە سەر ڕێگای قیر و لە دوورەوە تاك و تەرای گڵۆپی ماشینەکان لە

دوورەوە دەرکەوتن، هیوا زەوقی لێخوڕینی هەستایەوە، دیسانەوە بە شەوبۆی وت:

-کچی باش، ئیتر نۆرەمە.

-لەشەوی وا درەنگدا زۆرخۆشە ژنێك ماشین لێ بخوڕێت و پیاوێك لە پاڵیدا دانیشتبێت.

-ئەی، ئەوانەی دەمانبینن چۆنی لێك دەدەنەوە؟

-دەڵێن پیاوەکە نەخۆشە، یان بێ حەوسەڵەیە و تاقەتی ئاژووتنی نیە، یان هەر شۆفێری نازانێت. ئیتر شتێکی لەم بابەتانە.

هیوا دوای کەمێك بێدەنگیی لێی پرسی:

-من کامیانم؟

شەوبۆ کە دۆخە سروشتیەکەی دەرەوە لە زۆر شتی دابریبوو، بێ ئەوەی ڕوو بەلای هیوادا وەربگێڕێت یان مەبەستی بێت وەڵامی بداتەوە لێی پرسی:

-تۆ هیچ لە جریوەی ئەستێرە و تریفەی مانگ دەگەیت؟

-مەبەستت چیە؟

-مەبەستم ئەوەیە مانگ و ئەستێرە و ئەو ملیونان هەسارەیەی ئێمە زۆریان نابینین هەر لە بوون و بێدەنگیاندا گەلێك مانا هەیە، دەیزانیت؟

-بێگومان وەك تۆ نەخێر.

-ئەم گەردوونە بێ مانا دروست نەبوە، جریوەی ئەستێرەیەك، وەرینی گەڵای درەختێك، گیایەکی وشك بوو، پڕوشە بارانێکی ناوەختی هاوین، سڵەمینەوەی کەروێشکێك، خۆماتدانی شەوگەردی پاڵ نێونێك و بزەی ناوەختی جەلادێك. هەموویان مانایەك بەبوون و مانەوەو نهێنیەکانی ژیان دەبەخشن.

-باش تێناگەم.

-تێناگەیت یان ناتەوێت تێ بگەیت؟ یان هەرهەستی تێگەیشتننت تیا وشك بۆتەوە؟ من زۆر بەسادەیی قسە دەکەم، دەڵێم ئەگەر مرۆڤ هەستی بخاتە کار و شتەکان بە ئەقڵ لێك بداتەوە، بەو ئەنجامە دەگات کە تۆ چۆن هەستیاریت

بوونەوەرەکانی تریش هەروان، ئایا تۆ لە زمانی ئەو چۆلەکانە ناگەیت کە بەسەر درەختێکەوە بێدەنگ هەڵنیشتوون و کە مرۆڤێك دەبینن هەموویان هەڵدەفڕن؟ یان ئەو پشیلەیەی لە دەستت ڕادەکات و ئەوەی تریان دێتە باوەشت؟ یان ئەو جاڵجاڵۆکەیەی چاکترین ئەندازیاری تەون چنین و فێڵزانترین ڕاوکەرە!

-ئەمە زانستی زیندەوەرزانیە؟

-نەخێر، من باسی ڕەچەڵەك و تەمەن و پێکهاتەی فیزیکی چ بوونەوەرێکم بۆ نەکردوویت. دەڵێم من و تۆ، کیسەڵ و ماسی و گورگێك هەستی تایبەتیمان هەیەو دەبێت کەم و زۆر لێی تێبگەین و ڕێزی لێ بگرین.

هیوا ڕاما و پاشان وتی: بەکوردی و کورتی دەتەوێت چی بڵێیت؟ یان پێت خۆشە جاڵجاڵۆکەم لێ بکەیت بە حوشتر؟

-زمانێك هەیە لە دەرەوەی زمانی ئاخاوتنی ئاسایی کە زمانی هەستە. پڵنگێك نەزانێت بە نیازی کوشتنی چەکت هەڵگرتوە پەلامارت نادات. مارێك، زەردەواڵەیەك، تەنانەت مێروویەك کە لەپڕێکدا بە قاچتا دەنووسێت. دەزانیت ئەو مەڕەی چەقۆ دەخەیتە سەرملی چۆن دەتوقێ و چ هاوارێك دەکات و چۆن فرمێسکی ترس دەپەڕێتە ناو چاوی! دەزانیت منداڵێکی شیرەخۆرە لە چاوێك ئاسوودەیە و لە یەکێکی دی بەدگومانە؟ بۆنی یەکێکی پێ خۆشە و بێز لە کەسێکی دی دەکاتەوە! دەزانیت هەستی ڕاستەقینەی من بەرانبەر تۆ چۆنە، یان هەستی نەدرکاوی تۆ بەرانبەر بە من؟

-ئەمشەو مەراقت لەشتی سەیرداوە، دیارە هەموویشی ڕوو لەمنە!

-بێگومان، دەنگ و جووڵەی دوژمنایەتی یان دۆستایەتی زمانێکن بۆ خۆیان، بۆلای خۆمان باڵندەکان کە مرۆڤ دەبینن هەڵدێن، کەچی لەشارە ئاپوورەکانی ئەوروپادا، لەگەڵ مرۆڤدا، بەسەر شەقام و لەنێو باخچەدا هاتوچۆ دەکەن، تەنانەت کۆتر هەڵدەفڕێتە سەر دەستی مرۆڤ  بۆ ئەوەی خۆراکی لێ وەربگرێت. ئایا پێکهاتە فیزیکیەکەیان هەمان پێکهاتەی لای ئەوانەی ئێمە نین؟

-ڕاستە، بەڵام ئەوە پەیوەندیی بەخودی مرۆڤەکانەوە هەیە.

-بەڵێ، بەڵێ، منیش مەبەستمە ئەوە بڵێم کە یەکەم گەلێك گیاندار لە مرۆڤ بەهەست و وەفاترن، دووەم کە ئاژەڵی دڕندە تێری خوارد ئارام دەبێتەوەو گیانی شەڕئەنگێزی تیا نامێنێت و هەوڵی تړنادات کەچی مرۆڤ هەمیشە برسیەتی. سێیەم مرۆڤ لە هەموو گیاندارەکانی تری ئەم سەرزەمینە بەگڕێ و گۆڵ و درۆزنترە.

هیوا زانی سەری ئەم گفتوگۆیە بەرەو کوێ دەچێت و شەوبۆ توند دەست دادەگرێت، نەیشی توانی وەڵام نەداتەوە.

-ئەمشەو مامۆستایەکی فرە زانستیت و هەر بەمەبەست دەتەوێت پەستم بکەیت.

-نەخێر، من دەمێکە قوتابیەکی زۆر تەمەڵ و فریو خواردووی تۆم.

-بۆ فریو خواردووی ئازیزم؟

-ئازیزم! بەه بەه! ئەمەیش درۆیەکی تر، من بەڕاستیی چاوو کردارت دەخوێنمەوەو لە گێلیدا نامەوێت قەناعەت بەخۆم بکەم، ئەمەیش ئاکارێکی ناپەسەندی تری مرۆڤە کە پێی دەڵێن گەوجایەتی، بۆ دواجار من گەوجم، ئەمەم بەڕاستیی لێ وەربگرە. تائێستا نەمتوانیوە واز لەو گەوجایەتیە بهێنم، بەڵام تاقەت پڕوکێنە!

هیوا چاوی لەبەردەمی بڕیبوو، هیچی بۆ نەدەوترا.

لە دووکانێکی داخراوی سەر ڕێگاکە نزیك کەوتنەوە، هێشتا مابوویان بگەنە بەردەمی، پیرەمێردێکی گۆچان بەدەست کە هەستی هاتنی ئەمانی کرد هەستا و هاتە سەر ڕێگاکە، شەوبۆ بێ دوودڵی لە پاڵیا وەستا، پیرە هاتە نزیکیانەوەو وتی:

-ببورن ڕامگرتن، ئەگەر خواردنتان پێیە من زۆرم برسیە ڕۆڵەکانم، لە بەیانیەوە هیچم نەخواردوە.

شەوبۆ دابەزی و لەو بابۆڵە مریشك و گۆشتانەی پێیان بوو دوانی بۆ برد و دایە دەستی. پیرە وتی: جارێکی تر داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، من سواڵکەر نیم،

خەڵکی ئەو گوندەی بنارم، حەوت کوڕو کچم هەیە، زۆر بە منەتەوە دەرگام لێ دەکەنەوە، بۆیە شەوانە لەم چایخانەیەدا دەنووم. ئەمڕۆ خاوەنەکەی پێش هاتنی من دایخستوەو چوە بۆ شار، نامەوێت بڕۆمە ماڵی کەس و داوای شتیان لێ بکەم.

شەوبۆ ویستی پارەی بداتێ، پیرە وەری نەگرت و وتی:

-کچم تەنیا برسیەتی سواڵ بە پیاو دەکات، بەشی تێربوونم لێ وەرگرتوون و ماڵتان ئاوابێت. شەوبۆ لێی پرسی:

-ئەی چۆن دەخەویت؟ سەرمات نابێت؟

-ڕاهاتووم، پاڵتاوەکەم بە خۆمدا دەدەم، گرنگ ئەوەیە سکت خاڵی نەبێت ئەگینا سەرما دەتگەزێت.

کاتێك لە بەرزاییەکەوە داکەوتنە خوارێ ئیتر ئەوە ئەو دواپێچە بوو پاش کەمێکی تر بەلای ڕاستا لادەدات و دەڕواتە سەر ئەو پردە ئاسنینەی سەری ئەوبەری بە دار و دەوەنی چڕی کەنار تەپۆڵکەکەوە نووساوە، هەر لەو ئاستەدا شەپۆلی بەردەوامی چۆمێك ڕۆخەکەی دڕیوە، لەوانەیە ئەو درەختانەی بەسەر کەنارەکەوەن و، ڕەگیان بە ئاودڕەکەدا بۆناو چۆمەکە شۆڕبۆتەوەو لە دوورەوە دیارن، پاش ماوەیەك دواهەناسەی ماڵئاوایی هەڵکێشن و سەری کەوتن بۆ ناو ئاوەکە دابنەوێنن، ڕوو لە تاراوگەیەك بکەن کە هەرگیز جێگای ڕەگ داکوتانی تریانی تیانابێتەوە.

★ ★ ★

هیوا لەنێو تریفەی مانگ و شەوقی تاك و تەرای گڵۆپەکانی سەر ڕێگای ئەوبەر و بینینی پردەکەدا، وردە وردە ساتەکانی پێشووی خۆی لەیادکرد، چاوی لەنێو سنگ و بەرۆکی شەوبۆ بڕی و وتی:

-لە شەوی خۆشی وادا و لەپاڵ شۆخێکی وەك تۆدا پیاو خۆی بە پاشا ناگۆڕێتەوە.

شەوبۆ نە تەماشای کرد و نە هیچی وت.

-دەبێت خوا بە چەند سەدە جوانیی ژنی دروست کردبێت، بەتایبەتی شۆخ و شەنگێکی وەك تۆ؟

-تۆ ساتێك زۆر زەلیلی و لەپڕێکدا دەماری فێڵ و زمان لووسیت چالاکە، تاوێك لەو مارە جوان و ناسکە دەچیت کە مرۆڤ حەزدەکات لەناو دەستیا یاریت لەگەڵدا بکات، جاری تر وەك جیوە وایت و لە گرتن نایەیت!

-ئەو جۆرە قسانە تەواو شەوبۆ گیان، تۆ بەم کراسی ئاوریشم و قژی ڕەش و درێژەتەوە هەر لە پەیکەری خودایی دەچیت، لەبەر چاومدا هەرگیز بەم ڕادەیە شۆخ و شەنگ نەبوویت.

-پێ دەچێت ترس پیاو بکات بە عاشق و شاعیر!

-ترس کە خاوبوەوە یان بەتەواویی نەما، ئیتر پیاو هەر لە خۆیەوە دەوروژێ و دەبێت بە ئارەزوویەکی ڕووت، سەری هەوەسی ژنی جۆش دەسێنێت و خۆی بۆ ناگیرێت؟

-ئەمە وتەی ماقووڵی خەڵکە یان قسەی بێ مانای خۆت؟

-تۆ بیڵێ، ڕەنگە ئەزموونی خۆم بێت.

-لەوانەیە لە سەردەمی شۆڕشگێڕیەکەتدا کاتێك لەنێو سام و ترسی شەڕ گەڕابیتەوەو خۆت بە ماڵی ڕوت و ڕەجاڵی گوندییەکدا کردبێت ئەم هەستەت تیا وروژابێت! وایە؟

-واز لەم تانەو تەشەرانە بێنەو کای کۆنیش بەبا مەکە.

-بۆ؟ یادەوەریەکانت دەوروژێن؟ ویژدانت بریندار دەبێت؟ یان حەز بەو ڕابووردوەت ناکەیت؟

هیوا بێ ئەوەی چ وەڵامێکی بداتەوە. دەستی چەپی خستە سەر ئەژنۆی و ڕانی شەوبۆی گوشی، زیاتریش چاوی لە شان و ملی ڕووت و سنگ و مەمکی بڕی، پاشان سەر و چاوی خستە ناوقژیەوەو بە قووڵی بۆنی کرد. بۆنێك گەرمایی خستە جەستەیەوەو لاجانگی کەوتە پلدان. ترپەی دڵی زیادی کرد و هەناسەی خێرابوو.

لەوکاتەدا وا هەستی کرد ئەمە یەکەم جاریەتی لەگەڵ ئەو ژنەدا بەتەنیا بێت و ساڵێك نەبێت بە دزی ژن و مناڵ و چاوی خەڵکەوە پەیوەندیی لەگەڵیدا هەبێت و بەڵێنی هێنانی دابێتێ.

شەوبۆ تەماشای کرد و زانی لە چ حاڵەتێکدایە.

-کە ئەوەندە جوانم و هێندە خۆشت دەوێم ئەی بۆ نامخوازیت؟

هیوا دیسانەوە وەك لە ناکاودا پەلەپیتکەت لەسەری لووتی دابێت و نەزانێ چی بکات، کەوتە منجەمنج. بەڵام کە شەوبۆ وازی لێ نەهێنا و دووبارەی کردەوە وتی:

-تۆ لەناوەختا پرسیاری ناخۆشم لێ دەکەیت، چەند جاری تر پێم وتوویت ئەو کارە بۆ من زەحمەتە. بەڵام خۆمن و تۆ لە ژن و مێرد زیاترین، هەفتە نیە شەوێك لات نەبم، من بەو گیانەوە لەگەڵتام ژن و مێردی سەرجێگایەك کە هەموو شەوێك بەیەکەوە دەنوون ئەوەندە ئەو گیانە زیندوەی منیان تیانیە.

-نا، بەلاتەوە شورەییە بمهێنیت، لەوانەیە بەسۆزانیشم بزانیت!

-هەگیز وانیە، بەڵام ناوێرم.

-لەچی دەترسیت؟ لە ژنەکەت یان لە قسەی خەڵکی؟ یان لە پلە و ناوەکەت؟

-لە زۆرشت، هەر ئەوانە نیە.

-لەبیرتە چ بەڵێنێکت پێدام؟ تۆ چەندین جار سوێندت بۆ خواردم کە دەمخوازیت، ئەگینا چۆن خۆم بەدەستەوە دەدا؟ واساڵێکە دەستی دەستیم پێ دەکەیت، دوای ئەوەی هیچت پێ نەهێشتم. ئەی گۆڕی شەهیدەکانت چی بەسەرهات؟ ئەو سوێندانەت لەبیر چوو؟

هیوا کەمێك ڕاما، ناوچاوی گرژ کردو وتی: شەهید شەهیدی چیتە؟ بەڕاستی پێت بڵێم من بڕوام بەهیچ نەماوە، ئەو شەهیدانەی من سوێندم پێ خواردون و تۆ باسیان دەکەیت ئەگەر بمانایە لە ئێمە خراپتر دەبوون.

شەوبۆ خرۆشا و چاوی زیاتر کرایەوە.

-من بڕوام بەم قسەیە نیە، ئەمە پاکانەیە بۆ گومان و گەندەڵی خۆت و بەشێك

لە هاوڕێکانت، ئەگینا شەهیدبوون ناسنامەی وەفا و پاکی مرۆڤە.

-تۆ لە خۆتەوە تفەنگ بە تاریکییەوە دەنێیت. باشە، ئارەزووتە، باقسەی تۆبێت! بە خۆشباوەڕی خۆت بیری لێ بکەرەوە.

-نا، دیارە زۆر لەخۆت دەکەیت بۆ سەلماندنی قسەکەم، بەڵام من بەتەواوی قەناعەتەوە وادەڵێم، خۆ منیش بەم وڵاتە نامۆ نیم و خاوەن شەهیدی گەورەم.

-ئاخر من تیابووم و لەگەڵیاندا ژیاوم، تۆ لە دنیایەکی سەیرا دەژیت کە ڕێگا بەهیچ گومانێك نادات، بۆ ئەوانەی تۆ ئێستا بە سووکیان دەزانیت ئەوسا چی بوون؟ ها؟

-لەوانەیە لەناو ئەو شەهیدانەدا خەڵکی وایان تیا هەڵبکەوتایە ڕەوتی ژیانی ئێوەیشی بگۆڕیایە، تۆ لەباتی ئەوەی ئێستا هەست بە بچووکی خۆت بکەیت جوامێر و مەزن بوویتایە.

هیوا بە ڕوە گرژەکەیەوە مۆرەیەکی لێ کرد و هیچی نەوت. خەریك بوو گومانێك پەی بە ناوەوەی بەرێت، وەلێ پێش بیرکردنەوە چاوی لە شەوبۆ بریەوەو وتی:

-کاتی وتنی زۆر نەماوە گوڵەکەم، زۆر لەمانەی دەیانڵێیت قسەی ناو کتێبن و لە واقیعدا ئاسەواریان نیە. بەهەرحاڵ من هەر شەیداتم، چی بڵێی قایلم، هەموو دنیایش بەو قژە ڕەش و درێژو پێستە ناسکەت ناگۆڕمەوە کە لە تریفەی مانگەکە دەچێت، بەڕاستیی گوڵەکەم تۆ دووجار منت شەیدای خۆت کردوە، یەکەمیان جوانی و شۆخیەکەت و ئەویتریان زیرەکی و ڕاشکاوانە ڕادەربرینت، حەزدەکەم بێ پێچ و پەنا بڵێم من زۆرجار بێجگە لە خۆشویستن شەرمت لێ دەکەم.

شەوبۆ پێکەنی و بە تەوسەوە وتی:

-شەرم؟ شەرم سیفەتی ئەو کەسانەیە کە هەستیان بەهێزە.

-بەڵێ، زۆریش، ئەو هەستەم بۆ تۆ دەبێتە ئارەزوویەك حەزدەکەم هەمیشە لە باوەشت بگرم، یان خۆم بەسەرتەوە ببینم، لەوکاتەدا وادەزانم من سەرۆکی هەموو دنیام.

-دەزانیت ئەوە چ هەستێکە؟ هەستی بچووکی خۆتە، هەروایشە، بەڵام گرنگە ئەوە بزانیت منیش جاران تۆم زۆر لە خۆم بەگەورەتر دەزانی بۆیە حەزم لێ کردیت.

-ئەی ئێستا؟

شەوبۆ لە ناوچاوی ڕاماو ویستی قسە بکات، لەوکاتەدا سەگێك بەبەردەم ماشینەکەدا تێپەڕی و شەوبۆ سەگە کوژراوەکەی بیرکەوتەوەو بێدەنگبوو.

هیوا کڕ بوو، خۆی لە ماتیەك دا کە زۆرجاری دی کردبووی، بەڵام شەوبۆ باوەڕی پێ نەدەکرد.

تازە گەیشتبوونە ئەوسەری پردە ئاسنەکە کە دوای تێپەڕاندنی بەرزاییەکی کەم ئیتر ناو دار و دەوەنەکەیە. کاتێك لە دارتوویەکی گەورەی سەر ڕێگا چەپەکەکە نزیك کەوتنەوە، هیوا دەستی خستە سەر ستێرنەکەو وتی:

-لەژێر دارەکەدا بوەستە.

-بۆ؟

-ناشێت کارێکم هەبێت؟ دوای ئەم هەموو ترس و لەرز و هەراوزەنایە! دوای ئەم هەموو جوێن و تانە و تەشەرانەی تۆ؟

شەوبۆ بە هێوریی ئوتومبیلەکەی لەپاڵ دارەکەدا ڕاگرت. کە دابەزین هیوا واخۆی نیشاندا، یان هەر بەڕاستی وابوو، کە زۆر شەکەتەو لە مەترسیەکی گەورە دەربازی بوە. دوای ئەوەی چەند جارێك هەناسەی قووڵی دا، زیاتر هەستی بە جوانی و دڵڕفێنی مانگەشەو و جریوەی ئەستێرەکان کرد. دەستی بۆ چڵێکی دارتوەکە درێژ کرد کە تەواو شۆڕببوەوە سەر ڕێگاکە و لەسەرخۆ ڕایوەشاند، ئەو چەند گەڵایەی هەودایەکیان بە لەشی دایکیانەوە مابوو کەوتنە خوارێ. ئەوسا بە شەوبۆی وت:

-بڕوانە، ئەمە جەوهەری ژیانە، یان بابڵێم یاسای دیالەکتیکە، گەڵاکان دەوەرن و پاشان لە شوێنەکەیاندا گەڵای تر دەڕوێتەوە، دار بەر دەگرێ و دیسانەوە رووت و قووت دەبێتەوە ئیتر هەروا... ئەمەیش بەشێکی ترە لە سیحری بەردەوام بوونی

ژیان کە یەکیەتی دژەکان پێکی دێنێت.

شەوبۆ کەمێك بێدەنگ بوو، لە پڕێکدا دایە قاقای پێکەنین و وتی:

-بەهـ..بەهـ.. مامۆستایەتیش دەزانیت! بەڵام ئەمانە شتی تازە نین، مۆدیلی وتنیان لەوە کۆنترە شانازی بە زانینیانەوە بکەیت، قسەی ناو ئەو کتێبانەن دەمێکە وازت لە خوێندنەوەیان هێناوە. بەڕاست ئەو کتێبانە چیان بەسەرهات؟

-مەبەستم تەواوکردنی قسەکانی تۆ بوو، مەترسە کتێبەکانیش هەرماون. دەمەوێ پێت بڵێم مرۆڤ لە توانایدایە لە شکستا سەرکەوتن دروست بکات، تەنانەت گەلێك لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دنیا وابوون، کەوتن و هەستانەوەو..

-هەموو شۆڕشێك وانیە، تیایاندا هەیە ئەگەر بەچاوی سۆزەوە لێیان نەڕوانیت لە خۆیاندا بەزین و مەسخەرە بوون. چونکە نەیانتوانیوە تەنانەت ڕەوشتی هەوادارەکانیان بگۆڕن و جوانتر بیریان پێ بکەنەوە، نەیانتوانیوە مۆمێکی خۆشەویستی بۆ خۆیان و مرۆڤایەتی دابگیرسێنن.

-ئەمەیان کارەساتە! ڕەنگە لای ئێمە بەو تۆخیە نەبێت کە تۆ دەیڵێیت.

- من بێگومانم، خۆیشت باشی دەزانیت. ئەو شۆڕشەی نەیتوانیبێت لە دیدی تۆدا ژن بکات بە مرۆڤ، ئەو شۆڕشەی لە ڕەفتار و ئاکاری هەوادارانیدا پارێزگاری لە بەها مرۆڤایەتیەکان نەکات، تەنانەت فێری دزی و درۆزنیان بکات، ئەو شۆڕشەی پێتان بڵێت تا خەڵکیی زۆر بکوژن زیاتر شۆڕشگێڕن، تەنانەت لەناوبردنی ئەوانەیش کە وەك تۆ لە سەنگەری بەرگریدابوون و بۆچوونی جیاوازیان هەبوە، ئەوە چ شۆڕشێکە؟ ڕاستگۆبە، خۆت بیلێ؟ تۆ و ئەوانەی لە تۆ دەچن شۆڕشگێڕ بوون یان شەڕکەری ڕووت؟

هیوا دوای کەمێك ڕامان وتی:

-هەموو ئەمانە ڕاستن، دانی پێدادەنێم، بەڵام ئەمە لە خۆوە نەهاتوە. ئێمەیش قوربانین، قوربانی کلتورێکین نەمانتوانی نەخشەکەی بگۆڕین، ئێمە کۆمەڵێك لاوی نیاز پاکبووین. جڵەوی خۆمان دابوە دەست کەسانێك بەئارەزووی خۆیان یارییان

بەچارەنووسمان دەکرد، چیان پێ بوتینایە گوێڕایەڵ بووین.

-ئەی چۆن ناوی شۆڕشگێڕتان لە خۆتان نابوو؟ ئەی نەتان توانی یاخی بن؟ چاکی بکەن؟ هیچ نەبێت لە دەرگا داخراوەکەی بدەن؟ ئاخر باشترین هەڵوێست بۆ دەرچوون لە زیندان هەوڵی شکاندنیەتی.

-شەوبۆ گیان، دەوری ئەو زیندانە بە جۆرێك تەنرابوو ئەوەی ورتەی بکردایە یان لەسەری خۆی بێزاربوو یان دەکرا بە ناپاك و هەروایش دەمرد.

هەردووکیان بێدەنگ بوون، تەواو وەك کریی دەوروبەریان، لەوکاتەدا تەنانەت نە سروەی بایەك هەبوو نە دەنگی باڵندەیەك. هیوا ویستی باسەکە بگۆڕێت. بە قووڵی لە ڕوخساری شەوبۆ ڕامایەوە، جارێکی دی وای هەست کرد ئەمە یەکەمجاریەتی لەگەڵ ئەم ژنەدا و بەتەنیا و لە شەوێکی وادا پێکەوەبن، وتی:

-شەوبۆ گیان، ئەوانەی وتت ڕاستن، بەڵام تاقە ڕێگای دەربازبوون نین لە کێشە و خەمەکانی ژیان، ڕێگای تر زۆرن ئەگەر مرۆڤ بیەوێت ئەو زیندانە بشکێنێت و ئاسوودەبێت.

-وەکوو؟

-وەکوو..

هیوا تەماشای ئەملاو ئەولای خۆی کرد، پاشان لەنێو چاوی شەوبۆ وردبوەوە کە دەتوت کۆترێکی نائومێدی تیانووستوە، دوودڵیەکی تووش هات و لەپڕێکدا بەرەو لای ماشینەکەی چوو، لە سندووقەکەیدا قاپێك شەرابی سوور و دوو پەرداخی هێنا، هەر بەپێوە پەرداخێك شەرابی بۆ شەوبۆ ڕاگرت و وتی:

-ئێستا خەمی هەموو دنیات لەبیر دەچێتەوە، منیش لەو زیندانە دەرباز دەبم کە باست کرد.

شەوبۆ پێکەکەی لێ وەرگرت و نیگایەکی هیوای کرد، ئەو زانی چی پێ دەڵێت، وەلێ خۆی لێ نەبان کردو وتی:

-شەوبۆ گیان مەسەلەکە هێند بەقورس وەرمەگرە، ئەمەیش ڕوانینێکی ترە

بۆ ژیان، بڕوابکە. خۆت زۆرچاك ئەمە دەزانیت کە دوای چرکە ساتێکی دی دنیات لەبەرچاو دەبێتە ڕەنگاڵەیی، تۆ ئەم شاشەیە هەر بەڕەش و سپی مەبینە ئازیزم.

زەردەخەنەیەکی شەوبۆ تەژی بوو بەمانایەك هیوا سەری لە کۆدەکەی دەرنەکرد، بەلاّم زانی گاڵتەکردنە بە شتێك، ئیتر خۆیەتی؟ ئەوە؟ ژیانە؟ ڕەفتارە سەیرەکانی مرۆڤە؟یان شتێکە لە دەرەوەی تێگەیشتنی ئەم؟ کە زانی سەری لێ دەرناکات لەباتی پرسیار لە هەرشتێکی تر زەردەخەنەکەی لێ بوە جوانیەکی زۆر دەگمەن کە لەوەوبەر نەدیبوو، لەشی پڕکرد لە گەرمی و ئارەزوویەکی ئیرۆتیکی، مەبەستی بوو ئەویش وەك خۆی لێ بکات:

-شەوبۆ، ئەو هەقیقەتانەی بە مەستیی تێیان دەگەیت لەکاتی تردا گیرت ناکەون، ئەمەیش ڕاستیەکە بۆ خۆی.

-مەستیی گەیشتنە بەو هەقیقەتەی تۆ لێی ڕادەکەیت، گەیشتن بەڕاستیی لە دوو کەسدا جیاوازە کە یەکێکیان لێی هەڵبێت و ئەوی دی پێشوازی لێ بکات.

شەوبۆ بەدەم خواردنەوەی پێکە شەرابەکەوە چەند هەنگاوێك دوورکەوتەوە، خۆی دایە دەست عەشقی ئەو تریفەیەی بێ جیاوازی کردن لە چیا و دەشت و چۆم و هەر بندارو مرۆڤێك خاکیانە بەسەریاندا دابەش ببوو. هەستی کرد ئەویش لەوکاتەدا بەشێکی دانەبڕاوە لە سروشت. بە خۆی وت: ئەگەر تریفە بەدەست هەندێك مرۆڤەوە بوایە لەوانەیە شەوانە هەر ئەنگوستە چاو بووینایە.

هیوا جگەرەیەکی داگیرساند، شەوبۆ پێی وت: سەعات دووی شەوە، لەوانەیە ڕێگا...

هیوا کە دواپێکی ڤاپەشەرابەکەی هەڵدابوو لەسەرخۆ وتی:

-نا.نا، خەمت نەبێت، هێشتا کاری زۆرمان ماوە.

هاتەوە بەلای شەوبۆوە، دەستی لەملی ئالآندو کەوتە ماچکردنی، هەربەدەم ماچ کردنەوە هێنایەوە ژێر دارتوە گەورەکە، کاتێك شەوبۆ ویستی خۆی لێ دووربخاتەوە پێی وت:

-دەزانیت من چەندم تۆ خۆش دەوێت؟ بێگومان نایزانیت، ئەی ئەوە دەزانیت

کە گەورەترین خۆشەویستی ئەوەیە لەهەر جێگایەك و بۆ هەرکاتێك شوێنەواری خۆی هەبێت بۆ ئەوەی لەیاد نەچێتەوە.

-تێت ناگەم؟

-چاکی تێدەگەیت گوڵەکەم، تۆ شای تێگەیشتنیت.

- ئەگەر وابوومایە نەدەبوومە کۆیلەی تۆ!

-دیسان هاتەوە ناو دنیا تاریکەکە! تۆ کۆیلە نیت خۆشەویستمی، ئەگەر هەموو ژنێك جوانی و درەوشانەوەی تۆی هەبوایە کەس پێویستیی بە تریفەی مانگ نەدەبوو.

شەوبۆ قاقا پێکەنی، هیوا لەوە بێ دەربەستتربوو جارێکی تر خۆی بداتە دەست پرسیار و وەڵامی دی، ئەوە ئەو کاتە بوو کە زمانی تر لاڵ دەبێت و تاقە وزەیەك دێتە دەنگ کە جەستە سەروەری دەکات و چ لۆژیکێك جێگای پێ ناگیرێتەوە.

هیوا دەستی بۆ سەرسنگی شەوبۆ درێژ کرد و وتی:

-ئێستا، هەموو ئەم گەردوونە لەنێو مشتی مندایە، بۆ ئایندەی خۆت ئەمەیش بزانە کە دەستی خۆشەویستی زۆر لەوە گەورەترە کە تۆپی ئەم زەویە لە خۆیدا حەشار نەدات.

شەوبۆ هیچی نەوت و وەك مرۆڤی بێ گیان لەبەردەمیا وەستابوو، هیوا دوای ماچ کردن و هەڵگلۆفتنێکی زۆر لەپرێکدا وەستا، وەك شتێکی گرنگی بەخەیاڵدا هاتبێت وازی لە شەوبۆ هێنا و کەوتە چاوگێڕان و سووسەکردن، شەوبۆ هەر لێی دەڕوانی و بێدەنگبوو، لەو خۆکوژانەی دەکرد بێ ئەوەی پرسیارێکیان بۆ خۆیان هێشتبێتەوە لە هەڵدێرێکەوە خۆپەرت دەکەن، یان بێ ئەوەی شارەزای شەپۆل بن خۆ بەدەم ڕووبارەوە دەدەن. شەوبۆ کە سەری لە گەلێك شتی قورس دەردەچوو، لەو کارە سادەیەی هیوا دەیکرد و ئەم چاوی تێ بڕیبوو سەری لێ شێوابوو. هیوا لەژێر دارەکەدا چەمابووەوە و یاری بە گەڵا وەریوەکان دەکرد، ڕێکی دەخستن و بەم لاو ئەولادا پەرتی دەکردنەوە، وەك بیەوێت وێنەیەکیان لێ دروست بکات و باش بەدەستیەوە نەیەت، بەڵام نەیدەویست بە ئاسانی وازبێنێت و دەستبەرداری

کارەکەی بێت، تا ئەوکاتەی هەستا و جارێکی دی لێی ڕوانیەوەو ئینجا بەرەو ماشینەکەی چوو، بەتانیەکی لەناو سندووقەکەی دەرهێنا و گەڕایەوە. ئەوە ئەو کاتە بوو کە شەوبۆ نەیزانی بگری یان پێبکەنێت، ڕابکات یان بوەستێت، هاوار بکات یان وەك پشیلەی دەستەمۆ بکەوێتەوە ئامێزی .

هیوا بەتانیەکەی لەسەر گەڵاکان ڕاخست، چاکتر لێی وردبوەوە، بۆ چرکەساتێك بیری لە شتێك کردەوە، جارێکی تر گەڕایەوە لای ماشینەکەی، بەنێو سندووقەکەدا گەڕا، دیار بوو ئەوەی دەیویست زوو بەدەستیەوە نەدەهات، شەوبۆ هەرلێی دەڕوانی و نەیدەزانی بۆچی دەگەڕێت، بۆ شەرابی تر؟ بۆ خواردن؟ بۆ ئاو؟ تا بەدوو بەرگ کتێبی قەبارە ئەستوورەوە گەڕایەوە، کە گەیشتە پاڵی شەوبۆ تەماشای بەرگی کتێبەکانی کرد، یەکێکیان لێی نووسرابوو(( تیۆرەکانی شۆڕشگێڕی)) و ئەوی تریان ((فەلسەفەی مێژوو)) بوو، بە سەرسامیەوە لێی پرسی ئەمانەت بۆ چیە؟

-قابیلە ئێستا بیانخوێنمەوە؟ ئەی نازانیت پێویستی دایکی داهێنانە؟ بۆ ئێستای ئێمە کتێب ڕۆڵێکی گرنگتر لە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی دەگێڕێت.

شەوبۆ هەر لێی دەڕوانی. هیوا هەردوو کتێبەکەی لە بەشی سەرەوەی بەتانیەکە کە دەکەوتە بنی درەختەکەوە بەڕێکی و لەپاڵ یەکتردا دانا.

شەوبۆ کە لە مەبەستەکە گەیشت نەیدەزانی چی بکات یان چی بڵێت، بە واق وڕماویەوە تەماشای کار و ڕەفتارەکانی دەکرد و بێدەنگ بوو.

لەوکاتەدا مانگ زیاتر بەرەو ناوەڕاستی ئاسمان سەردەکەوت، ئەستێرەکانیش وەك هەریەکە و بێ ئاگا لەوی دی گۆرانی جریوەی خۆی بڵێت، یان زۆر درەوشاوە، یان لە سێبەری ئەو هەزاران هەزار هەسارەیەدا تروسکەیەکی بێ تینی هەبوو. شەوبۆیش بۆ ئەو چرکەساتە لەو سەربازانەی دەکرد کە لە گەرمەی شەڕدا نە هەست بەخوێن ڕژان دەکەن، نە گوێی هاوار وناڵینیان هیچ دەبیستێت. بە هەمووڵایەکدا دەیڕوانی و پرسیارەکانی لەوە زۆر زیاتربوون لە هیوایان بکات. بۆیە بە خۆی وت:((بەڕاستیی من تائێستا ئەو باڵندەیە بووم کە بەدوای قەفەزێکدا دەگەڕێت خۆی تیا زیندانی

بکات. ئاخر ئەمە چ پیاوێکە؟ چ بەهایەکی مرۆڤایەتی لاماوە؟ ئەو من بەچی دەزانێت؟ بێگومانم ئەمە ئەو کارەیە کە لەگەڵ هەر سۆزانیەکدا دەیکات).

کە هیوا بن باڵی گرت و بەرەو سەربەتانیەکە پەلکێشی کرد، شەوبۆ خۆی راپسکاند و وتی:

-ناهێڵم ئەگەر بەڕاستی پێم نەڵێیت بۆ نامخوازیت؟

-ئیتر کاتی ئەو قسانە بەسەرچوو، خۆ خەرەك نیە!

-لای تۆ خەرەکە، تۆ نە مێردمی نە عاشقێکی پاك و بەوەفا، وەك خۆیشت دەڵێیت رۆژێك لە رۆژان بیر لە خواستنم ناکەیتەوە. تا ماوەیەکی دی دەستم پێ گەرم دەکەیتەوەو ئارەزووت دادەمرکێنیت تا کۆن دەبم، ئەوسا توورم دەدەیت و لەگەڵ یەکێکی تردا دەست پێدەکەیتەوە، تا مابیت هەروا دەیگوزەرێنیت.

-سەد جارم وتوە تۆ خۆشەویسترین کەسی منیت، ئەگەر ببیتە ژنم لەوانەیە ئەو خۆشەویستیەم نەمێنێت.

-من پێش تۆ پیاوم نەناسیوە، تۆ عاشقی خۆتت کردم و ئێستا ناتوانم وازت لێ بهێنم، تکات لێ دەکەم بۆ دواجار گوێم لێ بگرە، چونکە ناتوانم شوو بە یەکێکی تر بکەم.

شەوبۆ خۆی گرت و زیاترلە دەم وچاوی هیوا راما کە تەواو سوور داگەرابوو. لەپرێکدا چەند دڵۆپێك فرمێسك بەسەر رووومەتیا هاتنە خوارێ، هەناسەی هەڵکێشاو وتی:

-حەزدەکەم پێت بڵێم هەموو ئەو پیاوانەی لە شوێنێکدا شکست دەخۆن، بەتایبەتی لە شکستی بیر و باوەڕدا، دواجار پەنا بۆ ژن دێنن، بێ ئەوەی هەست بەم راستیە بکەن لە پەنایدا دەحەسێنەوەو بۆشاییە رۆحیەکەیان فەرامۆش دەکەن. یان با بڵێم کە خۆیان بەسەر ژنەوە دەبینن هەست بە سەرکەوتن دەکەن، بەکورتی دەیانەوێت هاوکێشەیەك لەنێوان دۆڕانی راستەقینەو بردنەوەیەکی ساختەدا دروست بکەن. تۆ بە خۆت نازانیت کە لە ناوەوەتدا وێرانیت، بەڵام بەم شێوەیە نمایشی پیاوەتی خۆت دەکەیت.

-تۆ ئەمشەو لەمن بوویتە زانای دەروونی و کۆمەڵناس و .. من خەریکە دڵم

دەردێت و لەمە زیاتر قسەم بۆ ناکرێت.

-ئێوە هەمووتان نەخۆشن، تەنیا لەلایەنە فیزیکیەکەوە تەندروستن و ئەندامی نێرایەتیتان سەلامەتە.

کە هیوا پاڵی خست و سەری پێ نایە سەر کتێبەکان، شەوبۆ لە بەردێك دەچوو دەستێك بە ئارەزووی خۆی لە شوێنێکەوە بیگوێزێتەوە بۆ جێگایەکی دی و ئەم بێ ئیرادە و بێ بەرگری خۆی بەدەستەوە بدات. هەستێکی ئەوەندە نامۆ ئەوکی گرت هەرگیز لەوەوبەر بە خۆیەوە نەیدیبوو، لەوکاتەدا و بۆ چرکە ساتێك وای هاتە بەرزەین کە هەموو دار و درەختەکانی دەوروبەری، مانگ و ئەستێرەکانی ئاسمانیش نەفرەتی لێ دەکەن یان پێی پێدەکەنن. یەکەمجاری بوو وا لە خۆی تێبگات لە باوەشی پیاوێکی سووك و ڕسوادایە، کەسێك گاڵتەی بەهەموو شتێك دێت تەنانەت بەو کتێبانەیش کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ویستوویانە وانەی خۆشەویستی مرۆڤ و ڕێگای تێکۆشانی فێربکەن.

شەوبۆ هەر لەو ساتەدا جەستەی خۆیشی بە سووك زانی، جەستەیەکی بێ قەرار و شپرزە کە لە پڕێکدا غەریزە هەڵەی گەورەی پێ دەکات و زمانی ڕۆح و ئەقڵ قفڵ دەدات. ئەو بروسکە ئاسا لە خۆی پرسی: چۆن ئەم پیاوە وا بەئاسانی هاتە ناو ژیانی منەوە؟ ئایا تەنیا تاوانی خۆمە؟ من لەبەر ژیانی ڕابوردووی چارەنووسی خۆم دایە دەستی، ئەو یەکەمجار سوێندی گەورەی بۆ خواردم و بەڵێنی هێنانی پێدام. ئیتر وەك پشیلەی ماڵیی خۆم خزاندە ناو سنگە تووکنەکەیەوە تا بە ئاسوودەیی تیا بنووم. ئەوسا ئەو بۆ من بەفرێکی سپی و کانیەکی ڕۆشن بوو، ئەی ئێستا..

شەوبۆ بۆ چرکە ساتێك چاوی لێکنا بۆ ئەوەی وێنەیەکی سادەی ڕەش و سپی هیوا بکێشێت. مرۆڤێکی هێنایە بەرزەین تازە لە ئەشکەوتەوە هاتبێت: مووی لەشی ڕەش و درێژ و لەگەڵ قژی سەریدا وارێك هاتبوونە خوارێ مەودایەك بۆ جیاکردنەوەیان نەبوو. قۆڵی درێژ و ئێسکن و نینۆکێکی تیژ، پێی ئەستوور و دەماراوی و چڕنووکیشی لە چڕنووکی جانەوەرێکی دڕندە دەچوو کە برسیەتی یان

ئارەزووی خوێن ڕشتن پلی تێ ژەندن و چەقانیان پێ بدات. سیمای دەم و چاو و کلکە درێژەکەی زانایەکی بایالۆژی وەبیر شەوبۆ هێنایەوە کە بۆ ئەو ساتە ناوەکەی لەیاد کردبوو. بەڵام چاوی جانەوەرەکە لە گێران و ترس بەخشیندا ئەوی لە دنیایەکی هێند کپ و بێدەنگدا گیردا کە نەزانێت چی بکات. لەو کاتەدا پروشەیەك باران بەر قژ و روومەتی کەوتن. شەوبۆ زوو چاوی کردەوەو سەیری لێ هات کە لەو ئاسمانە سامالەوە چۆن میوانێکی ئاوا ناوەخت سەری خەمی ناوە بەسەری ئازار و خەونی ئەمەوە. کە چاوی هەڵبڕی پەڵە هەورێك، وەك لە ناکاوێکدا بۆ هاودەمیی ئەم هاتبێت و فرمێسکی پەشیمانی لەباتی ئەو بڕێژێت، بەسەریەوە وەستابوو، دەتوت مرۆڤێکی سپی پۆشەو بۆ شایەتیدان هەردوو چاوی کردۆتەوەو دڵۆپەکانیش لەوێوە بەسەر ئەمدا دەڕژێن. شەوبۆ –بێئاگا لەوەی لەوکاتەدا هیوا چی لێ دەکات- دڵۆپەکانی وا وێنا کرد کە بۆ پاك کردنەوەی ڕۆحی پەژموردەی ئەون، لەوە بێگومان بوو کە دەستی سروشت لەوە بەخشندەترە کە لەناکاوێکدا دنیایەك نەگۆڕێت، بۆیە ئەمیش بۆ دواجار خۆی دایە دەست یەکێك لەو ڕێکەوتانەی دەشێت بێن و بێ ئەوەی کەس ئاگاداربێت یان پێشبینی کرابێت دنیایەك ئاوەدان یان نغرۆ بکەن .

★ ★ ★

جاران دوای جووت بوون هیوا خۆشیەکی سەیری لێ دەپڕژا کە لە مەستیەکی دەگمەن دەچوو ، بۆماوەیەك چاوی لە شەوبۆ دەبڕی و ئاسوودە دەبوو، کەچی ئێستا لەناو سروشتێکی ناوازەدا و بەو کەف و کوڵە کەم وێنەیەوە، لەوە بێدەنگ و مات تربوو کە خۆی و شەوبۆ چاوەڕێیان دەکرد. شەوبۆیش خۆی بە نەخۆشێك چواند بەزۆر دەرمانی تاڵ بە گەروویدا کرابێت تا لە تاوا بێهۆش کەوتبێت. بۆنێکی هێند ناخۆشیش لەناو لووتیەوە هات وای زانی گازی لە سێوێکی گەنیو گرتوە. شەوبۆ پێی وت: تەواو، حەسایتەوە؟ ئەگەر لەگەڵ مردوویەکیشدا جووت ببویتایە هەر ئاوانەدەبوو؟ من دەزانم تۆ لەگەڵ لەشفرۆشەکانیشدا سەروکارت هەیە، حەزدەکەم بۆدواجار بە ڕاشکاوی پێت بڵێم کە ئەوان لە تۆ شەریفترن.

هیوا تەواو شڵەژا و ڕەنگی تێکچوو، بەپەلە دوورکەوتەوە، خۆی کوتایە ناو تاریکاییەکی چەپەکی نێو دارو دەوەنێکی چڕەوە، چەند جارێك هێڵنجی داو ڕشایەوە. شەوبۆ چاوی لە پەڵە هەورەکە بڕیبوو کە بەرەو لای چیاکەی باکوور دەبووەوەو ئەم بەتاسەوە حەزی دەکرد دەستێکی هەبوایە، ئەمی هەڵبگرتایە و لەگەڵ خۆیدا بیبردایە بۆ شوێنێکی نادیار، بەڵام پاکیزە. بیری کردەوە ئەمە ئەو خۆزگانەیە کە لە داری زڕ دەچن و بەرناگرن، کەچی مرۆڤ ناتوانێت دەست بەرداریان بێت و لەکاتی تەنگانەدا ئاسوودەیی بە ڕۆحی نەبەخشن.

هیوا چەند جارێکی تر هێڵنجی داو ڕشایەوە، پاشان کەوتە قرخە قرخ، دەنگی کەوتن و هاوارێکی بێ وشە شەوبۆی سڵەماندەوە، زیاتر چاوی لە شوێنەکە بڕی، ویستی بڕوات بۆلای، بەڵام هەر لەو جێگایەدا کە هیوای لێ کەوتبوو تارماییەکی ڕەشی بینی، لە سەرەتادا وەك گیاندارێکی خشۆکی هاتە بەرچاو کە سێبەری دار و دەوەنەکان نەهێڵن زۆر گەورە بێت و هەر بە ئەندازەی بزن مژەیەکی بهێڵنەوە. بەڵام وردە وردە تارماییەکە کەوتە سەرپێ و ئەو جانەوەرەی هاتە بەرچاو کە کەمێك لەوەوبەر لەمێشکی خۆیدا وێنای کردبوو.

چاوی شەوبۆ بۆ ئەو ساتە و لە ڕوانیندا لە درەوشانەوەی ئەستێرەیەك دەچوو تازە لە باشوورەوە کەوتبوە جریوەو وات هەست دەکرد هەر ئێستا دەگات و بەسەر شەوبۆوە لەنگەر دەگرێت. بینینی شەوبۆ بینینی مرۆڤێکی ئاسایی و تەنانەت بەبەزەیی بوو، بەڵام گۆڕانی جەستەی مرۆڤێك بۆ گیاندارێکی دی نائاسایی بوو، بەتایبەتی کاتێك بەتەواویی سیمای گیاندارەکە دەرکەوت و چ گومانێکی بۆ نەهێشتەوە. شەوبۆ نەیزانی چی بکات! ڕابکات؟ بمێنێتەوە؟ چاوەڕێی ئەنجامێك بێت کە چارەنووسی هیوای بۆ یەکلایی بکاتەوە؟ گیاندارەکە وەستابوو، تەماشای لای شەوبۆی دەکرد و نەدەجووڵا، شەوبۆ کە زۆر بە هێوریی لێی دەڕوانی هەستی ئەوەی لا دروست بوو کە گیاندارەکە نایەوێت تەواو لێی نزیك ببێتەوە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە بزانێت تووشی بەدگۆڕان بوەو نایەوێت بەو لەش و لارە قێزەونەوە

لەبەردەمی  ئەودا خۆی نمایش بکات، یان شەوبۆ دەناسێت و لەوە بەئاگایە کە ئەم رۆژانێك چەندە ئازاری بە رۆحی گەیاندوە و ئێستا ناتوانێت نە دڵی بداتەوە نە زمانی ئەوەی هەیە داوای لێبووردنی لێ بکات، چونکە تەنانەت ئێستا زمانی گوتنی نەماوە. گیاندارەکەیش وەك شەوبۆ لە چاوەڕوانیەکی حەوسەڵە بەزێندا کاتی بەرێ دەکرد، هەر بێ جووڵە و بێدەنگ بوو. شەوبۆیش نە توانای مانەوەی مابوو نە دەیزانی چی تر بکات. بەڵام وای لێکدایەوە کە ئەو ئیدی هیوا وەك جاران نابینێتەوە. بۆیە لەسەرخۆو بە گومانەوە بەرەو لای ماشینەکە بەرێ کەوت، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ئاوری دەدایەوەو زیاتر لەوە بێگومان دەبوو کە گیاندارەکە، یان بابڵێین هیواکەی جاران، لە چاوەڕوانیی گوم بوونی ئەودان.

شەوبۆ گەیشتە لای ماشینەکە و لەسەرخۆ لێی خوڕی، چاوی هەر لای گیاندار و بن دارەکە بوو تابزانێت چی ڕوو دەدات. کە گەیشتە نزیك هەورازەکە ڕاوەستا و ویستی بۆ دواجار لە دیمەنەکە بڕوانێتەوە. گیاندارەکەی دی بە لەشە تووکن و ڕەشەکەیەوە هاتە ژێر دارتوە گەورەکە، لەسەر بەتانیەکە وەستا و بەملاو ئەولادا هەڵیڕوانی، تەماشای هەمووولایەکی کرد، چوە سەر کتێبەکان و بەدەست  ئەملاو ئەولای پێ کردن، پاشان، وەك ڕقێك سەری حەوسەڵەی قورس و توورە کردبێت هەڵیگرتن و هەریەکەیانی بەلایەکدا فڕێدا. ڕێك وەستایەوەو تەماشای لای شەوبۆ و ماشینەکەی کردەوە، سەری داخست و لەسەرخۆ بەرەو لای ئەو تاریکیە چوەوە کە هیوای تیا ونبوو بوو، شەوبۆ هەر پەرۆشی ئەوە بوو کە دەبێت چی ڕووبدات! بۆیە چاوی نەدەتروکاند و تەواوی هۆش و گۆشی لەوێ بوو، تا گیاندارەکە گەیشتە ناو دەوەن و گژوگیاکە، لەپڕێکدا، ئەویش، بوو بە تارماییەك و ئیتر لەبەرچاوی شەوبۆدا ئاسەواری نەما.

تەموزی ٢٠٠٩

٭ دۆنادۆن یان بەدگۆڕان (انمساخ)

# فڕین بە مەرزی حەرامدا

ئەوکاتەی کەمالی هاوڕێم بێ ئاگاداری من و کەس و کارەکەی چوو بۆ هەندەران، من تا ماوەی چەند مانگێکیش پێم نەزانیبوو. نەك لەبەرئەوەی مەبەستم نەبووبێت یان بیرم نەکردبێت، بەڵکوو لەبەرئەوەی حاڵەتی دەرنەکەوتن و دیار نەمانی چەند مانگێکی ئەو لای من ئاسایی بوو، بابڵێم تارادەیەکی زۆر لەگەڵیا ڕاهاتبووم و پرسیارم لێ نەدەکرد. لەوەیشی بەئاگابووم کە ڕەنگە کەس و کاریشی هەر بەئەندازەی من لە شوێن و چارەنووسی بزانن. تەنیا دایکی بوو لە هەندێك تایبەتمەندی و نهێنی ئەو بزانێت و ئەویش لەوە بێدەنگتر بوو بەئاشکرا لای من یان هەرکەسێکی دی باسی بکات. ئیتر لەو ماوەیەشدا ئەم جۆرە ونبوونانەی لاوانی ئەم ولاتە لە چیرۆکی ئەفسانەیی دەچوو کە شەو گەنجێك لەخەودا کچێك دەبینێت و حەزی لێ دەکات، ئەو ناونیشانی ولاتێکی زۆر دووری بۆ هەڵدەدات کە لەوێیە، لاوەکە بۆ بەیانی خۆی دەداتە دەست ڕێگای وێڵی ناو دەرەو چغوردی بێ ئامان و دەریا و رووباری بێ بوار بۆ گەیشتن بەو ولاتە بێ ناونیشانەو شادبوون بە

کچەکە. ئیدی سەری عەشقی کوڕەکە لەوە کاستڕە پرسی ئەو هەڵەت و ئەنگێزانە بکات کە مرۆڤی هۆشیار دەرکیان دەکات و هەنگاوی مەترسیی بۆ ناخاتە ئەودیو دەرگای ماڵەکەیەوە. بەڵام کەمال لەوە خەمساردتر بوو ئەوەی بەخەیاڵیدا دەهات بێ سێ و دوو کردن ئەنجامی نەدات و پرسیش بەکەس نەکات. بۆیە کە دوایی بە ڕۆیشتنەکەیم زانی خۆم بە بێنەو بەردەی گریمانەو لێکدانەوەی بێ سەرەو بەرەوە ماندوو نەکرد. دەمزانی ئەو عاشقی ڕاوکردنی مەحاڵ و پەی بردنە بە سیحری تەلیسمەکان، تاقە شتێك سەری بەسووڕهێنابووم ئەوە بوو کە بڕیاری ڕۆیشتنی کەمال بۆ هەندەران لەوە خێراتربوو ئێستا من وێنای دەکەم. جارێك پێی وتم: هەندەران لە چێشتی بێ خوێ دەچێت و منیش لە ڕەگەزی بزنم. ڕۆژێك کۆنە هاوڕێیەکی پێی وت: تۆ قژت زەردەو چاوت شینەو سروشتیشت زۆر لە ئەوروپایی دەچێت، ئەی بۆ خۆت لەم دۆزەخە ڕزگارناکەیت؟ کەمال تووڕەبوو، لەو تووڕە بوونانەی بەرانبەرەکەی هەراسان دەکرد ئەگەر قسەکەیشی بە چ نیازێکی خراپ نەکردبێت، وای وەڵام دایەوە کە ئەوروپا بۆ ئێمە بێجگە لە دەست پان کردنەوەو کۆیلایەتی چی ترنیە.

ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمین جار کەمالم تیاناسی، لە ڕێکەوتی دۆزینەوەی دەرزی دەچێت لە بێشەلانێکدا. یەکەمجارم بوو بچمە هاوینە هەوارێك تازە سەفەری گەشتکەرانی بۆ کرابێتەوە. لە بارێکی چەپەکدا بەتەنیا دانیشتم، ئەمویست بەدەم بیرە نۆشینەوە لە هەراوزەنای مرۆڤ دابڕێم و دیمەنی سروشتی ئەو ناوە خەیاڵم ئاسوودە بکەن. لەگەڵ ئەو شەبەنگە ماتەدا بڕیم تازە خەریکبوو پرشنگی خۆشەویستی تیا دەردەکەوت. بەتەنیا هاتنم بۆ ئەو جێگا دوورە بۆ ئەوەبوو ناسیاوێك، دۆستێك خەیاڵم شلوێ نەکات و وێنای شەبەنگەکەم لێ نەشێوێنێت. ئەم جۆرە خەیاڵە لە نیگارکێشانی هونەرمەندێك و لێ ڕامانی بیرمەندێك دەچێت کە هەردووکیان شەیدای تەنیاین و لە دەنگێکی دوور، یان جریوەی پاساریش دەشەمزێن و خەیاڵ و بیرکردنەوەیان بەرەو وێڵگە سەرهەڵدەگرێت. بەڵام گەلێك

جار ڕێکەوت بە پلانێکەوە ئەوکت دەگرێت کە سەری نەخشە بۆدانانیت نایپەرژێتە سەر هەڵاتنی خۆی. لەو بارەداو لە ناکاوێکدا، لاوێکی هاوتەمەنی وەك خۆم ڕێك بەرانبەرم لەسەر مێزێکی تر بەتەنیا دانیشت و دەستی بە بیرە خواردنەوە کرد. لەوە نەدەچوو بیناسم، بەلاّم هەر بە دانیشتن و جل و بەرگیدا گومانم کرد خەڵکی سلێمانی بێت. من زوو وازم لە تەماشا کردن و هەوڵی ناسینی هێنا. دەمویست لەو دنیایەدا بژیم کە خۆم بۆ تەیار کردبوو، دنیایەکی تەنیایی رووت، هیچ نەبێت تەنیا لەگەڵ خۆم و بیرکردنەوەو سروشتە گونجاوەکەدا، یان بیرکردنەوە لەو خودایەی لە حاڵەتی لەم جۆرەدا تاقە کەسێکە لەگەڵتابێت و خۆی لەگەڵتا نەکات بە دوولەتەوە. کەچی وەك یەکێك رووم بەلای گەنجەکەدا وەربگێرێت، زوو زوو نیگامی تێ دەگیراو ئەویش تەماشای دەکردم. تا لە چرکەساتێکدا تیلەی چاومان بەریەکدی کەوت و ئیتر شەرمی یەکتر نەناسینمان ڕەویەوە، یان نیگاکان جەختی ئەوەیان لێ دەکردین کە پێویستیمان بەیەکدیە. نەمزامی بۆ لەپڕێکدا ویستم بەرنامەی تەنیاییەکەم بشێوێنم؟ لە خۆمەوە جگەرەیەکم بە گارسۆنەکەدا بۆ نارد، ئەویش بێ سێ و دوو کردن داوای لێکدانی مێزەکەی کرد و منیش ئامادە بووم. هەرئەوەندەو لە ماوەیەکی زۆر کورتا کەوتینە ناونیشان هەڵدان. ئەو منداڵی گەڕەکی سەرشەقام و من چوارباخی بووم. دوو گەڕەکی جیاواز بەلاّم لە هەندێ جێدا کۆلاّن و ماڵیان تێکەڵ بەیەکتر دەبوون. کەچی من و ئەو یەکمان نەناسیبوو. کە کەمێکی تر کەوتینە ناونیشان هەڵدان لەپڕێکدا هەردووکمان بێدەنگ بووین. ئەو نەیویست زۆر باسی بنەماڵەو خێزانەکەیان بکات، منیش پێم وت: کە زۆر سووسەکردن و لاپەڕەی خێزان و بنەماڵە هەڵدانەوە پیشەیەکی ناپەسەندی کون پشکنی خۆرهەلاّتیە و من لێی بێزارم، لەبەرئەوەی راستیەکان لە خودی خۆتەوە دەست پێ دەکەن و درۆکانیش هەرچیەکیان لەگەڵدا بکەیت هەر بە رووت و قووتی دەکەونە سەر زەوی. ئەوەی لای ئەو مایەوە ناونیشانی نووسینگەکەی ئێمە بوو. بۆ منیش ڕوخساری مرۆڤێکی نائاسایی بوو کە خۆی بە شتێکی دیاریکراوەوە

نەبەستێتەوەو لەو باڵندە کۆچەریانە بچێت کە هەمیشە سەودای گوێزانەوەو هەواری تازەن. کە لێم پرسی دەیەوێت لەگەڵ مندا بگەڕێتەوە یان دەچێتەوە هاوینە هەوارێکی دی وتی:

- باجارێ ئەمەندە بەس بێت. دەرگایەك کە ڕێکەوت کردوویەتیەوە با پەلە لە داخستنی نەکەین.

- بەڵام من چێژی تەنیاییەکەم هاتۆتە کزی؟

- تامی ئەو چێژە هەمیشە لە تازە بوونەوەدایە، بەتەواویی وەك ئەو کەسانەی لە ماوەی چەند سەعاتێکدا دەیانگۆڕیت و هەریەکەیان دنیایەکی تازەت تیا بەجێدێڵن.

- کەوایە یەکتری نابینینەوە؟

- وایش نا، ئەمەیشیان هەردەدەینە دەست ڕێکەوت، با چێژی پێك گەیشتنەکانمان لەوە ئاساییتر نەبێت کە خەڵك هەیەتی.

لەو دانیشتنە دوو سەعاتیەدا هەندێك باس و خواسمان کرد، باسی خواکانی دۆزەخ و شەیتانەکانی بەهەشت، ئەو پارچە مۆسیقا و گۆرانیانەی رۆحت پاك دەکەنەوەو ئەو شیعرانەی دەتگرێنن. گریان بۆ رۆحێکی مردوو لە تاراوگەی زیندوەکانداو، ئەو کچانەیش لەبەر کاڵ فامی زەریای خۆشەویستییان بە خۆڵەمێشی جەستەیان خەلات دەکەن.

باسی کوڕێکی هەرزەکارمان کرد کە شەوانە کەمانچە دەژەنێت و تەنیاییەکەی بە هیچ ناگۆڕێتەوە، کە رۆژ دەبێتەوە چەکێك دەکاتە شانی و شەقام و بن درەختی پارکەکان بە عاشقەکان چۆل دەکات. باسی ئەو ماسیە بۆشناخانەی تاڤگەو شەپۆلی تیژ نەیدەتوانی ڕێ لە بازرەقەیان ببەستێت و هەنگاوی رۆیشتنیان پێ سست بکات، وا ئێستا لە حەوزی مەرگداو چەند هەنگاوێك لەولای خۆمانەوە نە دەتوانن مان بگرن و نە خۆشیان پێ دەکوژرێت، سەرو چاوو پوولەکەی داماڵراوی لەشیان باس لە بێ هوودەییەك دەکات هەموو بوونەوەرێکی سەر ئەم ئەستێرەیە بە ناچاریی تووشی دێت و تا سەرئێسکی دەیکرۆژێت.

ئەو چەندجارە کەمەی بەزۆر بردمەوە بۆ ماڵی خۆمان و دوای ئەوە نەهاتەوە، دایکم زۆری دواند و کەمی دەست کەوت، بۆیە لە هاوڕێکانی ترمی جیاکردبووەوەو ناوی لێ نابوو کوڕە تارماییەکە، دایکم دەیگوت تارمایی نە دەنگی هەیەو نە دەگیرێ و نە جامێك ئاویش دەشڵەقێنێت. من نەمدەزانی ناونانەکەی دایکمی پێ خۆشە یان نا، بەڵام هەر کە باسم دەکرد ئەو دەیگوت: دایك لە خودی خۆشەویستی خۆشەویست ترە. ئیدی هیچی تر لەسەری نەدەڕۆیشت. چەند جارێکیش منی بردەماڵی خۆیان و فریشتەخانمی دایکی پێ ناساندم، دایکی لەو ژنە ئاغر و سالارانەی شار بوو وەك دەڵێن پیاو شەرمی دەکرد قسە لە قسەیدا بکات، من وام هاتە بەرچاو لە ژن و دایکی ئاسایی نەچێت.

جارێکیان کە من و کەمال باسی دڵداریە هەرزەییەکانی خۆمانمان دەکرد و پێکەنینمان بە زۆریان دەهات ئەو چیرۆکی کچێکی گێرایەوە کە لە سەرەتای هەرزەکاریدا لەبەر خەمە درەوشاوەکانی ناوچاوی خۆشی ویستوەو عیشق بوەتە نان و ئاوی و جاری وابوە دوو ڕۆژ دەمی لە هیچ نەداوە. کەچی کە کچەکە ئەمی بەکزی دیوە زۆر ئاسایی پێی وتوە:(( خۆت ماندوومەکە ئازیزم، من لەسەر سەفەرم بۆ سەرزەمینێکی دوور، زۆر دوور، تەنیا لەسەر نەخشەیەك دەدۆزرێتەوە کە حەرفەکانی لارن و ڕەنگەکانی شلوێ، ڕەنگە هەرئێستا یان بەیانی بڕۆم، ئیتر نە کەس دەمبینێتەوە نە منیش تاقەتی ڕوانینم دەمێنێت)) ئیتر لەپڕێکدا کچەکە بێ ئاسەوار ون بوەو ئەمیش جارێکی تر نەچوەتەوە سەر خۆشویستنی کچێکی دی. وتم:

-تەمەن ئەوەندە میهرەبان نیە هەموو کون و قوژبنەکانی ژیان بە ئێمە ڕووناك بکرێتەوە، خۆشیی لەوەدایە بەشێکی لە نەدیوی و تاریکیدا بمێنێتەوە. وتی: من لەو کەسانەم ئەگەر گەواڵە هەورێکی سپی بە ئاسمانەوە ببینم، وا هەست دەکەم لە چرکە ساتێکدا ڕەنگی شین لە ئاسمان دەبڕێت و هەورێکی ڕەش چۆك لەسەر دڵمان دادەدات و لەوانەیشە بەرد ببارێنێت. وتم:

- دەشێت هۆکاری ئەمە پەروەردەی منداڵیت بێت؟

- هەموو جارێك بڕوا بە قسەی ناوکتێب مەکە، ژیان کتێب دروست دەکات نەك پێچەوانەکەی.

دوای ئەوە کەمال ئەو باڵندەیە بوو کە جاربەجار لە هێلانەکەی مندا دەحەسایەوە. ئەگەرچی ڕێ دەکەوت بە مانگ نەمدەبینی و نەمدەزانی لە کوێیە. جارێك هاوڕێیەکم پێی وتم ڕۆژێکی شەستە بارانی بەهار کەمالی بە تەنیا لەسەر چیای گۆیژە دیوە کە وەستاوەو سەری بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوە، ئەم لە دوورەوەو لەناو ماشینەکەیدا تەماشای کردوە کە چۆن بەپێ لە چیاکەوە هاتۆتە خوارێ، باران لێی داوەو ئەویش لێوان لێو بوە لە خۆشی و میهرەبانی و هەموو گیانی پێکەنیوە. هاوڕێکەم لەوکاتەدا وای هەست کردوە کە کەمال بەختەوەرترین کەسی دنیایە.

کەمال بێ کار بوو، سەرەتا من لێم نەپرسی بۆ، ڕۆژێك لە پیاسەی سەر لە ئێوارەیەکی جادەی سەهۆڵەکەدا هاوڕێیەکی کۆنی منداڵیی خۆی بینی کە تازە لە هەندەران گەڕابووەوە، بە کەمالی وت: تۆ بێکاریت وەك پێستی لەشت پۆشیوەو فڕێی نادەیت! کەمال بەتوندی وەڵامی دایەوە کە جیاوازی لە نێوان بێ کاریی ئەم و سواڵکەریی ئەودا گەلێك زۆرە. من دەمزانی کەمال توانای کارکردنی زۆری هەیە، هیچ نەبێت ببێتە مووچە خۆری دەزگایەك، یان لە نووسینگەیەك و پرۆژەیەکی باوکیدا کاربکات. کەچی ئەو نەك بیری لێ نەکردەوە، بەڵکوو بە باسی باوکی و پرۆژەکانی قەڵس دەبوو، یان زوو باسەکەی دەگۆڕی. ئەوەی من تێگەیشتبووم ئەو حەزی دەکرد باربێت بەسەرماڵی باوکیەوە، یان ڕاستتری بڵێم گرێیەك بێت بەسەر دڵی خێزانەکەیەوەو نەیەوێت لە بێ ئەوییدا هەناسەی ئاسوودەیی بدەن، بەلایەوە ئاسایی بوو ئەمانە بڵێت و شەرمیشی پێ نەدەهات، من لای خۆمەوە یەکەمجارم بوو دنیایەکی وەك ئەوەی کەمال لای خۆم وێنا بکەم، بەڕاستیی نە دیبووم و نە لە کەسم بیستبوو. هەر لەدوای یەکتر ناسینیشەوە دەمویست خەمی لەگەڵدا بەش بکەم. بەڵام دوایی زانیم کە هەوڵی من لەو بوارەدا لەوەدەچێت بۆ روون

کردنەوەی کانیەك بەردی تێ فڕێ بدەیت. ڕۆژێك کە ویستم دەرگای گفتوگۆی لەگەڵدا بکەمەوە ئەو پێی وتم: هیچ سەری خۆت مەیەشێنە، تاقە شتێك کە منی بە ژیانەوە بەستبێتەوە ئەم بێ کاریەیە کە باسی دەکەیت، دەزانیت بۆ؟ وتم بۆ؟ وتی: مرۆڤ بێ سەرئێشە ناژی، بەتایبەتی لەم دەڤەرەدا، دەبێت کەسێك، حاڵەتێك، جێگایەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە خەمی پێ بخوات، بەڵام ئەو خەمەی من بۆ خۆم پەیداکردوە سەگی بەوەفا نیە، خۆرەیەکە داویەتە سەری چوار کەس و هەمیشە بیری لێ دەکەنەوەو بۆیان چار ناکرێت، دەزانم خەمەکەیان منم. بەبەردەمیاندا دێم و دەچم، دەخۆم و دەخەوم، چیم بوێت دەیکرم و بۆ کوێم بوێت دەچم، ئەوان، مەبەستم باوکم و دووبرا و تاقە خوشکەکەمە، نیگای شەرئەنگێزانەم تێدەگرن و وەك دوژمن لێم دەڕوانن، کەچی من شەماڵێکم بۆ هاتوچۆی خێراو بێجگە لە دایکم کەسیان فێنك ناکەمەوە.

- جا پێویستە ئەم نیگەرانی و ئازارە بە خۆت و بەوان ڕەوا ببینیت؟

- لەناخی خۆمدا بەبێ هوودەیی دەزانم، لێ کەسانێك  هەن خۆیان دەرگای خەم و ئازار لەسەر خۆیان دەکەنەوە نەك کەسانی دی.

- لەبیرت نەچێت بۆ دواجار ئەوان دڵسۆز و پەناتن نەك خەڵکانی تر، ئەمە یاسای نەگۆڕی ئەم وڵاتانەیە. لە تەنگانەدا تەنیا کەسوکارن سەری لێفەی نەخۆشیەکەت لەسەر لادەبەن.

- من و ئەوان وەك هاووڵاتیی دوو سەر زەوی جیاواز بین وایە. نە هەست بەوە دەکەن من لەو خێزانەبم و نە منیش بە دەربەستی بوونیانەوەم. بیریشم لەو تەنگانەیە نەکردۆتەوە کە تۆ باسی دەکەیت و لەوانەیە ڕۆژێك بێتە ڕێگام.

- ئەم ناتەباییەت لەچیەوە هاتوە؟

- شتێکی زۆر بەبەرچاوەوە نیە، بەڵام خوشك و براکانم کۆیلەیەکی لارە ملی باوکمن، منیش باوکم خۆش ناوێت.. نازانم.. ئیتر..

- لە هەندێك کاتدا دێڵە سەگێك بۆ بەچکە گورگێکی لە دایك دابڕاو گوان شل

دەکات و شیری دەداتێ.

- ڕاستە دەشێت دێڵە گورگێکیش گوانی پڕ لەشیری بۆ بەرخۆلەیەك شل بکات. بەڵام ئەم کەسانەی من شەیتان لە چاویاندا فریشتەیە. بێجگە لە دایکم هەموویان کۆیلەن، هەیانە کۆیلەی کۆیلەیە، منیش لەوانەم لە بەندایەتی کردنی خوداییش بێزارم.

من بێدەنگ بووم، لەنێو سەرسامی خۆمدا کۆترێکی ترساوبووم، ڕازەکەیش چێژێکی وای دامێ حەزنەکەم زوو بە ئەنجامی بگەم. بەهەرحاڵ، پێش ئەوەی بە تەواویی لە چیرۆکەکەی کەمال تێربم، یان سوسەیەکی لێ بکەم ئەو ڕۆیشت، ڕۆشتنێکی زۆر کتوپڕ کە هیچی لە ژیانە تایبەتیەکەی کەمتر نەبوو، یان دەتوانم بڵێم سەفەرەکەیشی تەواوکەری پەیوەندیە سەیرەکەی ناو خێزانەکەی بوو، بەڵام چەند مانگێك پێش ڕۆیشتنەکەی ڕۆژێك لە خۆیەوە پێی وتم: میران، مردن و لێقەومان لەم وڵاتەدا لە بارانی ناوەخت دەچێت، هەر لەخۆوەو بێ ئەوەی پەڵە هەورێك دیاربێت بەسەرتا دەڕژێت. بۆیە حەز دەکەم هەندێك شتت لابدرکێنم و تۆ دوایی چۆنیان لێك دەدەیتەوە ئارەزووتە. دەزانم پرسیارت لایە نەتویستوە لێم بکەیت، ئەمەم پێ خۆشبوە، وەك جارێك خۆت وتت ناتەوێت دوای هەموو شتێکی کەسێك بکەویت چونکە سەرئێشەت بۆ زیاد دەکات، بەڵام هەر بۆ خۆت و لەبەر ئەو ڕێگای هات و نەهاتەی لەبەر هەمووماندایە نهێنیەکت لا دەدرکێنم ڕەنگە بۆ ئایندە تاقە بوارێکی پەڕینەوەت بێت بۆ گەلێك گەرداوی کتوپڕ. من دەزانم تۆ تائێستا سەر لە نهێنی پەیوەندی من و خێزانەکەم بە چاکی دەرناکەیت. یان هێشتا ئەو پرسیارەت لابێت کە بۆ هەڵوێستی من بەرانبەر بەوان دوژمن کارانەیە! دەیزانیت؟

- ڕەنگە بیرم لێ کردبێتەوەو نەگەیشتبێتمە چ ئەنجامێك.

- تۆ دەزانیت من نە لە سیما و ڕواڵەتما، نە لە ڕەوشت و هەڵسوکەوت و خەونەکانمدا لە کەسیان ناچم؟

- چۆن؟

- من چاوم شین و قژم زەردە، ئەوان هەر چواریان چاو و قژیان ڕەشی تۆخە. من باڵام بەرزە ئەوان کورتە بنەن. من سادەو خاکیم ئەوان بەترو تۆپن، من شەیدای خوێندنەوەو کتێبم ئەوان عاشقی پارەن، من خەڵکیی خۆشیان دەوێم و ئەوان وەك مشکی تۆپیو کەس لەبەر ماڵدا ڕایان ناگرێت. تەنانەت من تاقە کەسیانم کە دەنگم خۆش بێت. هەر لەبەر ئەمەیە ڕقیان لێمەو منیش خۆشم ناوێن و حەز دەکەم ژەهری خەفەتیان پێ بچێژم. ئەوان لە ترسی دایکم نە دەتوانن دەرم بکەن یان تەنانەت قسەیەکی نابەجێم پێ بڵێن. بێگومان خۆیشم دەناسن کە بەرانبەریان چەندە سەرسەخت و دڵ ڕەقم.

- بەم زانیاریە تازانە دەتەوێت لە چیم بگەیەنیت؟

- دوایی خۆت زیاتر بیری لێ بکەرەوە.

- کەمال تۆ سمیردیا کۆفی دۆستۆیفسکی دەناسیت؟

- بێگومان، بەڵام من سەرم لە تاوان کردن ناخورێت، هەر حەز بەو ئازارە کەمەیان دەکەم کە تەنیا لە بینینمدا پێیان دەگات.

- بە تەمای هیچ نیت؟

- پێم وتیت مەزەندەی خراپم لێ مەکە.

- باشە، بەڵام حەزدەکەم عەترێکی زۆر بەنرخت بۆ بکڕم، تۆ حەزت لە چ جۆرە بۆن و مۆدێلێکە؟

- بۆنێك لە بۆنی دایکمەوە نزیك بێت.

- تۆ بڵێی لە پاریس دایکت بناسن؟

کەمال زەردەخەنەیەکی کرد و هیچی نەوت.

کە دوای سێ ساڵ یەکەم نامەی کەمالم لە هەندەرانەوە پێ گەیشت، هەستم کرد لە خوێندنەوەی دروودی مەرگێك بوومەتەوە، وەك ئەو ڕێوڕەسمانەی باس لە ژارو ژەنگی ژیانی دنیا دەکەن و مزگەوت و کەنیسەیان پڕکردوە. دوای خوێندنەوەی

نامەکە فرمێسکم ڕشت، فرمێسکی پەیامبەرانێك مزگێنی بوونی خودا بە گوێی خەڵکیدا دەدەن و خودایش لە تەنگژەو وەگیر کەوتنیاندا گوێیەکی کەڕو چاوێکی نابینایە. تا یەکەم نامەم پێ نەگەیشت نەمزانی مەودای تێگەیشتنی من لە ئێستاو ڕابووردووی کەمالدا چ ئەشکەوتێکی سارد و سڕە.

دوای چەند خوێندنەوەیەکی تر نامەکەم لە شوێنێکی تایبەتی ژوورەکەمدا تاقەت کرد. ئیتر بەرودوای کارەساتەکانی ژیانی کەمال بوونە سێبەر و لەگەڵما هاتن. بەپێی شوێن و کات گەورەو بچووك دەبوونەوە، وەلێ هەرگیز بۆ یەکجاریی لێم ون نەبوون. لە دواییدا بڕیارێکی سەیرم دا، لەوە سەیرتر هەموو کەس ڕێی پێ بەرێت، یان بەپێی ئەم پێشەکیە چاوەڕێی ئەوە لە من بکات کاری وابکەم. بڕیارم دا لەسەر هەموو ئەو شتانەی لەوەودوا لە نامەکانیدا بۆ منی باس دەکات قسە بکەم، لێیان بکۆڵمەوەو بەپێی بۆچوونی خۆم ئەو بەرئەنجامانە هەڵێنجم ڕەنگە خودی کەمال نەیانزانێت یان هەستی پێ نەکردبن، تەواو وەك لێکدانەوە جۆراو جۆرەکانی خەون. پاشان سەرنجەکان وەك پەراوێز لای خۆم بنووسمەوەو لە وەڵامی نامەکانیدا وەك خۆیان بۆی ڕەوانە بکەم. من ئەو ڕاستیە دەزانم هەندێك دیاردەو حاڵەت بەسەر کەسانێکدا دێن کە خۆیان لە لێکدانەوەیاندا سەردەکەن و ناتوانن سووسەی هۆکارەکانیان بکەن. بەڵام کەسانێکی دەرەوەی خۆیان دەشێت بیانکەنە دەستوورو یاساو ڕێسایان بۆ ئەنجام بدەن.

لە نامەیەکیدا، کە دیسانەوە باسی پەیوەندی نێوان خۆی و خوشك و براکانی بۆ کردبوومەوە من نووسیم: (( لەنێوان ئەم باوك و خوشك و برایانەدا لەلایەك و کەمالیش بەتەنیا لەلاکەی ترەوە من بۆنی خوێن دەکەم، خوێنێك نە چەقۆ ڕشتوویەتی و نە برینێکی زۆر لەبەرچاوە، واهەست دەکەم. (لەبەرهەر هۆیەك بێت) باوکیان دەرگای باوکایەتی خۆی بۆ ئەوان کردۆتەوەو لە کەمالی داخستوە، قفڵەکەیشی هێند مەحکەمە کە نەهێڵێت کەمال چاو بکاتەوەو هەستی کوڕ و باوکایەتی تیا دروست بێت، تەنانەت هیچ دوور نیە لە هەر میراتیەکی بێ بەری بکات، بەڵام ئەمە

بۆ؟ دەشێت کەمال کوڕێکی یاخی و لاسار بێت. بڕوای بە نەریتی باوك سالاری نەبێت و هەروایشە، ڕەنگە ئەمە بۆ کەسێکی تاقانە ئاسەوارێکی ناخۆشی نەبێت یان لێی نەگیرێت، بەلاّم بۆ یەکێك خوشك و براکانی تری گوێ لە مشت و زەلیل و دەست لەسەردەستی بەردەم فەرمانی باوك بن کارێکی دژوارە. کەمال ڕێز لە پیرۆزیەك ناگرێت کە لای خێزانەکەی بەخشندەییەکی خودایەو دەبێت هەموو بیپەرستن، بۆیە دەشێت کەمال نەفرەت لێکراوێکی خودایی بێت. یان لەبەر ئەوەیە- وەك کەمال خۆی دەڵێت- ئەو لە سیماو ئەخلاقدا لەوان جیاوازەو لێیان ناکات، بەکورتی ئەو جوان و خۆشەویستەو ئەوان وانین. ئەم لێك نەچوونەیش، بەتایبەتی لەلایەنی باوکیەوە، هۆیەکی زۆر گرنگە بۆ ناتەبایی خستنەوەو پەرەپێدانی بەردەوامیی، چونکە باوك لە سەر و سیما و ڕەنگ و ڕەوشتی منداڵەکانیدا نەمریی بەخۆی دەبەخشێت و ئەم تایبەتمەندیە لە کەمالدا نیە. بۆیە کەمال جووجەڵەی باڵندەیەکی کێویەو بەهەڵە کەوتۆتە ناو ئەم جووجەڵە ماڵیانەوە. ئەی دایکی بۆ ئەم هەستەی لانیە؟ خۆ کەمال زۆر لەویش ناکات کەچی خۆشەویسترین منداڵی دایکیەتی؟ باشە لەناو خێزانێکی بچووکدا چۆن ئەم جیاوازیە گەورەیە دروست بوە؟ لە کاتێکدا کە مەودای نێوان فریشتەو شەیتانەکانی ئەم وڵاتە هێند فراوان و ئەستوور نیە کە تەواو لێیان نائومێد بیت، بگرە هەندێك جار واتێکەڵ بەیەکتر دەبن کە لێکیانی نەکەیتەوە، لەڕاستیا ئەمە بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ کە زۆرجار جێگۆڕکێ دەکەن و تۆ لەبەردەم کۆمەڵێك پرسیاردا ڕادەگرن کە چ لێکدانەوەیەکی لۆژیکی هەڵناگرن. کەمال لە نامەیەکی تریدا باسی لە دژواری و دزێویی هاوسەرگیریی کردبوو کە ئەو هەرگیز بیری لێ ناکاتەوە یان بەتاوانی دەزانێت، گوایە ئەو پەیوەندیە ڕۆح لە مانا جوانەکان خاڵی دەکاتەوەو مرۆڤ دەبێتە کەرەسەیەکی بێ ئیرادە لەبەردەم چەندان خۆبەستنەوەی ڤێزەوندا. لەو بارەیەوە نووسیبووی هاوسەرگیریی دەرگا کردنەوەی زیندانە لەسەرخۆت و ڤێزەونترین پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤیشە.

من لە پەراوێزەکەمدا ئەمەم نووسی:

"کەمال کەسێکی تاك گەرایەو نایەوێت سیفەت و خاسیەتی کۆمەڵگاکەی لەخۆبگرێت. نە بڕوای بە پەیوەندیی خێزانەو نە بە ڕاهێڵە پیرۆزکراوەکانی. ئەمە بە پلەی یەکەم ئەنجامی شکستی خۆیەتی لەناو پەیوەندیی خێزانەکەیدا، بەو مانایەی ئەوەندە بڕوای بە گونجان و سەقام گیرکردنی نیە. لەوانەیە خوێندنەوەی زۆری بەرهەمەکانی (کافکا)ییش ئەوەندەی تر ئەم هەستەی تیا قووڵتر کردبێتەوە. یان دەشێت لە پەیوەندیە زۆر سادەکەی نێوان دایك و باوکیەوە بێت کە ئەم لەوانی دی زیاتر هەستی پێ کردبێت و لای من نەیدرکاندبێت. بۆ ئەمە دەبێت بگەڕێینەوە سەر پایەکانی بۆماوەو ڕای جیاوازی ڕابەرەکانی. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر کەمال تەواو ڕاستگۆ بێت، زۆر لەم گریمانانە بەلایەکدا دەخات. بەڵام هەموو جارێکیش ڕاستی وتن لە نەوتنی چاکتر نیە.

کەمال لە نامەیەکی تریدا دەڵێت: (لێرە- مەبەستی هەندەرانە- ژیان نامەیەکی چرچ و لۆچەو لەبەردەم ڕەشەبای جەنجاڵیدا کەس تاقەتی خوێندنەوەی ئەو نامەیەی نیە. وام لێ هاتوە بڵێم ژیان) لێرە گوڵێکی دەستکردی بێ بۆنە کە چاو هەستی پێ کرد ئیتر بینینی خۆی بۆ بەهەدەر نادات. یان هەورێکی ڕەش و تاڵە و بەری خۆرو تریفەی لێ گرتوویت و تۆ وادەزانیت بەردەوام لە شەوێکی دورو درێژدایت و کۆتایی نایەت. پەیوەندیی مرۆڤەکانیشی زۆر لەوە کاڵترە بەلای خۆمان بەراورد بکرێت. ئێرە بۆ ئێمە داڵدەیەکی ناچاریە بۆ هەناسەدانێکی کاتی. من دەزانم لەوێ هەڵهاتووم، بۆیە هەمیشە ژاوەژاوێکی نەگریسم بەدواوەیە کە هەستم دەجووڵێنێ و مانای ترسنۆکیم پێ دەبەخشێت. بەڵام ئەوێش مارێکی هەمیشە بەپێوە وەستاو بوو کە بەردەوام لە پێوەدانی دەترسایت و توانای کوشتنیت نەبوو. دەزانیت بە کوشتنی ئەو گەلێك شتی جوانی تری لەگەڵدا دەفەوتێنیت، جوانی و ناشرینیەکان بە جۆرێك تێکەڵ بوون زۆرجار لێك کردنەوەیان نەك تەنیا زەحمەتە بەڵکو مەحاڵیشە. بەتایبەتی بۆ یەکێکی وەك من کە بەردەوام نزایەك لەناوەوەمدا وەك ڕاژەندنی خەون و خەوەکانم بۆ تازە دەکاتەوە. ئێرەیش بۆ من روناکی و

تاریکی، جوانی و ناشرینی، ساردی و گەرمیی وەك یەك وان و هەستی من لە چێژ لێوەرگرتنیان خۆی دەبوێرێ، یان هەر مەبەستی نیە خۆیان پێوە سەرقاڵ بکات، ئێرە بۆ من ئاسۆیەکی تاریکە، تاریکتر لە شەوە بێ مانگ و ئەستێرەکانی ناو چیاو دەرەکانی خۆمان. لێرە یادەوەریەکانت زیندو دەبنەوە، مەودایەك بە مانەوەت دەدەن، تەنانەت یادەوەریە هەرە ناخۆشەکانیشت. تۆ هەمیشە دەستیان بۆ دەبەیت، تا وایان لێ دێت وەك خەونەکانی شەوانت پچڕ پچڕ دەبن. ئەو دەستانەی لە دەریای هەڵچوو دەچێت و تاسەیان نیگەرانی دەیخنکێنێت. ئێرە لەو لیمۆ جوانە دەچێت کە ئێمە بەسەر ترۆپکی درەختەوە دەیبینین و دەستمان نایگاتێ، کاتێ لێی نزیك دەکەوینەوە ئەوسا دەزانین ئەمە بێجگە لە لیمۆیەکی دەستکرد چ تامێکی نە بۆ خواردن و نە بۆ بۆن کردن نیە، ئازادیەکەی ئێرە رەهایە، مرۆڤی لای خۆیشمان لەو باڵندانە دەچن کە بێجگە لە زیندانی قەفەزەکەیان لە ئازادیدا ئاسوودە نابن. ئێمە لە منداڵیەوە وا فێر کراوین کە گوێ ڕایەڵ و کۆیلەی سەرەوەی خۆمان بین، ئەو سەمبوولانە بپەرستین کە باوك و باپیرانمان بۆیان بەجێهێشتووین. لێرە ملی خۆبەدەستەوە نەدان هەمیشە لە چەرخ و خولی خۆیدایەو ناوەستێت. رۆحێکی فەراموش و ئامێرێکی هەمیشە  لە گەڕدان. ئێرە تەڕایی پەیوەندی مرۆڤەکانی لە چۆڵەوانیە وشك و پڕ لە گڕەکانی گەرمیانی خۆمان دەچێت. ئەوەی ئێوارە پێکت بەدەمەوە دەکات بەیانی ناتناسێت. ئەو کۆڵان و شەقامە هەمیشە باراناویەی ئێرە کە بۆ ئێمە دیمەنێکی ستەمبارە، بۆ خۆیان ئاوی ژیان و چرای رۆژانەیە. هەرتەواو وەك ئێمە و خۆر، وەك ئێمە و نوکتە  هەرە قۆڕەکان و خواردنەوەی ئاوی دەستی سیاسیە درۆزن و قاچاخچیە گومڕاکان. ئێستا من، لەم کاتەدا، لەم نێوانەدا، لە بۆشاییەکدام ڕاکێشانی تیا ونەو بەپێوە هەڵواسراوم. نە دەتوانم رۆحێکی بێ جەستەبم و نە جەستەیەکی رووت و قووت. لە نێوان خۆم و ئەویترمدا سەرگەردانیی نوختەی پێك گەیشتنە، هەندێك جار دەم و چاوەکانی ئێرە لە ژنە بەش مەینەتەکانی لای خۆمان ماندووترن. بەتایبەتی پرسیاری مەرگی ئاسایی

و ژیانێکی بێ هوودە. من لێرە بیستنم، بینینم، بۆن کردنم، ئەو هەستەیش لە پشت ئەمانەوە بێت تارادەیەك، مردوون یان خۆم بە مردوویان دەزانم. ئەو گوڵەی لەوێ بۆنی خۆشی دەدامێ، هەمان ئەو گوڵەو لەویش جوانتر چ هەستێکی جوانی و بۆن خۆشیم تیا ناوروژێنن، ئەو کچەی ڕۆژانێك ڕوانینی دزیم و بێدەنگی کردم، لێرە چرکەی سەعاتێکی نووستوە کە تۆ چاوەڕیی دەکەیت و ئەو لێ نادات. چاکتری بڵێم لە هەموو شتێك بێزارم، تاقە عەشقێك کە توانای هێشتنەوەم پێ دەبەخشێت دەنگی شەپۆل و هەڵچوونی دەریایە. حەزدەکەم ڕۆژ و شەو لەڕۆخی دەریایەکدا ڕابوەستم و شەپۆل بژمێرم، بە هەموو بوونمەوە، حەز لەوە دەکەم منیش ببم بە گیاندارێك، یان تەنانەت گژ و گیایەکی ناو ئاو و لەسەر زەوی و لەناو خەڵکیدا ببڕێم).

من لەم نامەیەی کەمالدا هەستم بە زێدەڕۆیی کرد، چونکە هەندەران، بەتایبەتی ئەو وڵاتە ئەسکەندەناڤیەی ئەوی تیا دەژی، نە ئەوەندە تاریك و سامناکەو نە هێندەیش لەبەرچاو تاڵ. دیارە زێدەڕۆیی زۆرجار لە سۆزێکی پڕەوە سەرچاوە دەگرێت دوور لە لێکدانەوەیەکی لۆژیکیی، بۆیە دەشێت مانای ڕاستەقینە بشێوێنێت و قەناعەت لێڵ بکات، هەرچەندە هەقیقەتی کەمال، وەك ئەوەی من دەیناسم، دەستێکی سپیە گەرد شەرمی لەسەر نیشتنی لێ دەکات. ئەی ئەم هەڵچوونە چیە؟ هەڵچوونێك ناتوانیت گەلێکی نەسەلمێنیت و پێچەوانەی هەندێکیشی هەر ڕاستە.

من لە پەراوێزی نامەکەدا ئەمەم نووسی و، پاشان وەك خۆی بۆ کەمالم نارد:

"ژیان لەوێ نامەیەکی دڕاوە، سەرڕێژە لە دوو دڵی و ترس، گوڵێکی دەستکردی بێ بۆنە، لەوێ خۆشەویستی نیە، مرۆڤ کەرەسەیە بۆ توانا پڕوکاندن و ئاڵوگۆڕ پێ کردن، چ تاڵبژێرێکی بۆ خۆی نیەو چەند وێنەیەکی تری لەم بابەتەیە"

بێگومان کەمال کە دژی ئەم نۆرم و ئاکارانەیە لەبەر ئەوەیە لە جێگای تر وەك خۆیان بەڕاستیی و ڕەسەنی ئەوانەی دیوە یان لە زەینی خۆیدا وای وێنا کردوون، هەربۆیە ماناکانی ئەوێی لێ ئاوەژوو بوە. بەمانایەکی دی لە شوێنی تردا ژیان

نامەیەکە دەخوێنرێتەوە، خەڵکیی بە ویستی خۆیان دەژین و ئازادن. خۆشەویستی پردی پەیوەندیی کەسەکانەو دنیای رۆحیش هەتاوێکی درەوشاوەی سەرسەریانە. ئەی کەواتە کەمال بۆ ناگەڕێتەوە بۆ زیدەکەی خۆی؟ یان بۆ بەدوای ئەو دنیایەدا ناگەڕێت کە بۆ خۆی وێنای کردوەو خەریکە نامۆیی دەیکوژێت! هەرکامێکیانی مەبەست بێت بەڕای من ئێرە بۆ ئەو زۆر چاکترە. لێرە دەچوە سەر گۆیژەو بەرگی تەمتومانی دەپۆشی، حەزی بەوەبوو باران بەسەریا لێزمە بکات و بەسەعات چاو لە مانگ و ئەستێرە ببڕێت و گوێ لە گۆرانیە کۆنەکان بگرێت. کەچی لەوێ لە بۆنی گوڵ و باخچە بێزارەو بارانەکەیشی لێ بوە بە ئاگر. لێرە خۆی لەگەڵ خوشك و براکانیدا نەدەژیا، کەچی بۆ ئەوێ باسی پەیوەندی رۆحیی دەکات! خۆ ئەگەر مەبەستی بەراوردکردنیش نەبێت، ئەوا کەمال بۆتە مرۆڤێکی خەیاڵیی رووت و بەدوای دنیایەکدا دەگەڕێت لە واقیعدا نیەو ئەویش وەك هەزارانی دی پێش خۆی هەرگیز نایدۆزێتەوە. ئەنجامیشی بێجگە لە بێهوودەیی و نائومێدیەکی تا سەر ئێسك بێزارکەر چی تر نیە! یان دەشێت خۆی بەو ڕاستیەی نەزانیبێت کە ئەو هێشتا نەیتوانیوە لەگەڵ کلتوری ئەوێدا ڕابێت و نامۆیە بە خەسڵەت و کاراکتەرەکانی، بۆ ئەو ئەمە ئاسان نیە، چونکە رۆحێکی بێ ئۆقرەیەو بەردەوام داوای لەوە زیاتر دەکات کە هەیە. لەم حاڵەتەدا کەمال لەبەردەم دووریانێکدایەو هیچی تر، یان خۆی بدات بەدەم ئەو شەپۆلە هەڵچوانەوە کە خۆشی دەوێن و ڕەنگە بیگەیەننە دڵنیاییەکی کۆتایی، یان بگەڕێتەوە بۆ ئەو ماڵەی کە وەك خۆی دەیوت-لەگەڵ چەند ئەژدیهایەکدا دەژی- و لەوە کرتربێت کە حەزی پێ ناکات.

کەمال لە جێگایەکی تری نامەیەکیدا نووسیویەتی لەوێ بێ کارە، بەردەوام لە ژوورێکدا جگەرە دەکێشێ و بیر لە ژیان و مەرگ دەکاتەوە. بەڵام خۆ ئەو لێرەیش هەر عاشقی بێ کاریی بوو! بەتاڵی وەك خۆرە دابوویە لەشی! کە پێم دەوت بۆ کارناکات، پێدەکەنی و دەیوت کارێکی زۆرباشی هەیە، چەند کەسێکی بە خۆیەوە گیرۆدە کردوەو ئازاریان دەدات، بەڵام ئازارێکی پیرۆز. تاقە جیاوازی ئەوەیە لێرەو

لە ماڵی باوکی بەردەوام لووتی بەر لووتی ئەوانە دەکەوێت کە خۆشیان ناوێت، هەناسەی ئەوانە هەڵدەمژێ کە خۆی بێزیان لێ دەکاتەوە. لە ڕێ و بانیشدا ئەوێ بۆ کەمال چۆڵەوانیەو ئێرە دنیایەکی لەڕادەبەدەر ئاپوورەیە کە پێی خۆش نیە. بەڵام من لەسەر ئەوە سوورم کە کەمال لەوێیش هەست بەوە دەکات ئازار بە کەسانێک دەگەیەنێت شایانی ئازاردان نین. ڕاستە بێ کاریی هەر بێ کاریە، بەڵام کە هۆکاریان جیاواز بوو ئەنجامیشیان هەروا دەردەچێت. کەواتە ڕێگاکانی بەردەم کەمال لە بنبەستیان داوەو هاواری مەرگیانە.))

کەمال بۆی نووسیبووم زوو وەڵامی نامەکانی بدەمەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر تاقەتی هەبوو لەبەر ڕووناکیی ڕاکانی مندا بیر لە هەڵوێستی گونجاو بکاتەوە. منیش بە ڕاستگۆییەوە، بێ پێچ و پەنا پەراوێزەکانم بە هەمان ماناو دارشتنەوە بۆ دەنووسی. بێگومانیش بووم بەو نامانەم هەناسەیەکی ئاسوودەیی دەدات، چونکە دەزانێت هەموو ڕاستیەکان لای ئەو نیە، ئەمەیش بەشداریەکە لە کەمکردنەوەی ڕەنج و خەمەکانی و ڕووناک کردنەوەی گۆشەیەکی تاریکیشە لە بۆچوونەکانی. بەڵام کە بۆ دواجار وەڵامەکەی گەیشت هەستم کرد من لەسەر سەر دەڕۆم و دنیاییش ئەو تونێلە تاریکەیە کە ئێمە لە دەرەوە قسەی لەسەر دەکەین و لە ناوەوەی دەترسین.

### وەڵامەکەی کەمال بۆ من بەم جۆرە بوو:

"هەندێك لە بەرئەنجامەکانی تۆ لەسەر بۆچوون و ڕەفتارم وەهمی خۆتن و بەخەیاڵ داترشتوون، لەو گومانانەیشی تێدایە کە پێم خۆشبن. بەڵام ئەوە بزانە کە نهێنی ژیان لەوە باڵاترە مرۆڤ بە ئاسانی درکیان بکات و پاشان شیان بکاتەوە. ئەو نهێنیانە تەلیسمی بێ چارەسەرن و لەو نەخۆشیە سەختانە دەچن کە بۆ دواجار پزیشك دەیداتە دەست خواو سوور دەزانێت ئەویش هیچی پێ ناکرێت. من دەمێکە دەزانم گەوجم و سەر لە زۆر شت دەرناکەم، ئەوانەیش کە دەیڵێم و دەیانکەم شتی ئاساییین و هەموو کەسێك ڕێیان پێ دەبات. بەڵام بەڕاستیی تۆ

لەمن گێلتریت. زۆرم پێ خۆشبوو ئەو نامەیەم بەو ڕایانەی تۆوە پێگەیشت، چونکە بڕیارە پێشوەختەکەی منی نزیکتر کردەوەو ڕەنگە تەنیا سوپاسی ئەوەت بکەم. ئیتر لەدوای ئەم نامەیەوە نامەی تری منت پێ ناگات. وەلێ زۆرباش لەوە تێدەگەم کە بۆ لەمەودوا ڕەوتی بیرکردنەوەت دەگۆڕێت، لە دەریای گومانێك ڕادەمێنیت کە بەشێکی گەورەیە لە ئاوات خوازیی من بۆ تۆ)).

ماوەیەك بیرم کردەوەو وەك شێتێك بە جەنگەڵێکدا تێپەڕێت لە هیچ حاڵی نەبووم، تەنیا گومانێك نەبێت چون ناڵەی داپیرەیەك کە لە سەرەمەرگدا بێت و دەوروبەرەکەی بێجگە لە دوعای مردنێکی زوو هیچی تریان بۆ نەمابێتەوە لەناوەوەمدا نووزەیەکی کرد، نووزەی نائومێدێك پێشتر بزانێت ئەوەیش بە هەڵە دەکات. من لەو کاتەوەی کەمال ڕۆیشتبوو سێ جار دایکیم لە بازاڕ دیبوو، دوو جاریان بە تایبەتی هاتە نووسینگەکەم و ئەو لە من زیاتر ئاگای لە کەمال نەبوو، بێجگە لە نامەیەك- وەك خۆی باسی کرد- بۆنی خەمۆکی و نائومێدیەکی زۆری لێ کردووە. لەوە نیگەران بوو کە بۆم دەگێڕایەوە چۆن کەمال لەوێ بێزارەو حەوسەڵەی گەڕانەوەی ئێرەیشی نیە. جارێکیان پێی وتم: دیارە ئێرەی لەگەڵ خۆیدا بردوە بۆ ئەوێ و نەیزانیوە بارەکەی ئەوێ لەوە قورسترە شتی تری لەسەر کەڵەکە بکەیت، بەڵام خۆ کەمال لەوە تێگەیشتووترە لەوانە نەگات، هەرچەندە ئەوەندەی پیاوی ئاقڵ تێ دەکەوێت پیاوی گێل تووشی نابێت.

دەڵێن لە لێقەوماندا گوێ بۆ دەنگی بەردێکیش هەڵدەخەیت کە دەزانیت چرکەی لێ نایەت، منیش بۆ ئەم حاڵەتەو لەدوای ئەو نامەیە وام بەسەر هاتبوو، تەلەفوونم بۆ ماڵی کەمال کرد بێ ئەوەی بزانم کێ وەڵامم دەداتەوە. کە گوێم لە دەنگی باوکی بوو سەرەتا شڵەژام و ویستم تەلەفوونەکە داخەم، چونکە نەمدەزانی چۆن لە دەرگای یەکێك بدەم کە پێشتر یەکمان نەناسیوە. بەڵام من خۆم گرت و پێشەکی خۆمم پێ ناساند، کە هەواڵی کەمالم لێ پرسی ئەو زۆر ئاسایی و بێ بایەخانە پێی وتم ئەی نازانیت کەمال خۆی کوشتوە؟ وتم بۆ؟ وتی ڕەنگە بزانیت ئەو لێرەیش

هەر کەسێکی سەیربوو، ئێمەیش بەباشی لێی تێ نەدەگەیشتین، ئەنجامی ئەو جۆرە کەسانە هەروا دەبێت. وتم: باشە ڕاسپاردەیەك، نامەیەك، هۆکاری خۆکوشتنەکەی! وتی: هەفتەیەك لەمەوبەر هاوڕێیەکی نزیکی بە تەلەفوون پێی وتین کە شەوێك لە ژوورەکەیدا خۆی هەڵواسیوەو مردوە. تۆ بڵێ بەچی خۆی هەڵواسیوە؟ وتم: فەرموو. وتی لێرە لەچکێکی دایکی لەگەڵ خۆیدا بردوەو بەوە خۆی هەڵواسیوە. پێم بڵێ تۆ ئەمە بەچی ناودەنێیت؟ ئەمە کاری پیاوی ئاقڵە یان نەزان؟!

من قسەم بۆ نەکرا، ئەو وتی: بۆ بێدەنگیت؟ وتم: نازانم بۆ دەبێت لەچکی دایکی بێت؟ وتی: هاوڕێکەی بۆی باس کردم کە شەوانە زۆرجار ئەو لەچکەی لەژێرسەری ناوە، ئەو زۆر جار دیویەتی کە بۆنی پێوەکردوەو پاشان خستوویەتیە ژێر سەری و ئینجا نووستوە. ئەمە هاوڕێ خۆشەویستەکەی تۆ! ئەمە کوری ناو کتێب و خوێندنەوە! وتم ئەمە بێ مانا نیەو دەبێت پێش هەرکەسێك تۆ بیزانیت. وتی: بێجگە لە سەیرو سەمەرەیی ئەو کوڕە هەست بە شتی تر ناکەم، هیچ شتێك، خۆ ئەگەر پشتێنەکەی منی ببردایەو خۆی پیاهەڵواسیایە قسەیەکم هەبوو، هیچ نەبێت دەموت کوڕمە، بەڵام ئێستا..نا..

من بێدەنگبووم و ئەویش وەك توورە بووبێت بێ خواحافیزی تەلەفوونەکەی داخست.

دوای ئەوە وازم لە بیرکردنەوە لە لەچکی دایك و پشتێنی باوك و گەلێك شتی تر هێنا، مایەوە ئەوەی وەك هەر مرۆڤێك کە بەرپرسیارە لەو شتانەی لە دەوروبەری ڕوودەدەن منیش بکەومە ناو گەرداوێکەوە کە دەزانم خۆیشم لێی دەرناچم، بەتایبەتی بۆ کەسێك دەستی مەرگ بگرێت و بیباتە سەر جێگای هاوڕێیەکی خۆشەویستی، یان لەباتی دواخستنی مەرگەکەی- کە رەنگە لە ئەنجامدا هەر ڕووی نەدایە- ئەو خێراتری بکات. کەواتە من ئەگەر خۆمی لێ گێل نەکەم تاوانبارم. ڕاستە من دەستێکی ڕاستەوخۆ نیم لەبەردەم ئیرادەی یەکێکی ترداو بەو نیازەیش پێشنیازەکەم نەکردوە. بەڵام هاندان بۆ ئەنجامدانی کارێکی ناڕەوا لە ڕوە ویژدانی

و یاساییەکەوە تاوانکاریە. ئێستا بەڕاستی من لەناو ئەو دەریای گومانەدا دێم و دەچم کە کەمال باسی کردوە. لەوەیش بەئاگام کە لەدوای ئێمەوە، بەهەزاران نامەی لەو بابەتەی من و کەمال دەنووسرێت، هەزاران و تۆ بڵێ ملیۆنانی وەك کەمال لەناو سەرەگێژەی دۆزینەوەی خۆیان یان پەی بردن بە نهێنیە هەرە شاراوەکانی ناوەوەی مرۆڤدا پەلی بێ هوودەیی دەکوتن. بەڵام گرنگە تۆ لەکاتی وادا چاودێرێکی زرنگ و هوشیار بیت و ئاستی بەرپرسیاریت لەوە باڵاتربێت تەنیا بە نووسینی چەند پەراوێزێکی گەمژانەو خاڵی لە مانای قووڵی ژیان و کێشەو گرفتەکانی، پەلکێشی مرۆڤێك بەرەو گەرداوی تیاچوون بکەیت کە لەوانەبوو لە ئایندەدا ببێتە نموونەیەك بۆ خۆگرتن و مرۆڤ دۆستی! لەڕاستیا کارکردن بۆ ئەوەی کەسێك لە بەرپرسیاریەتی بخەیت و نەهێڵیت لەنێو دەوروبەرەکەیەوە، لە نێو دەریای زوڵمەتەوە مۆمێك دابگیرسێنێت، تاوانێکە لە کوشتنی هابیل کارەساتترە!

من ئێستا لای خۆمەوە دڵشکاوترین کەسی ئەم سەر زەمینەم. چونکە بەهەڵە پەیامێکی نادروستم گەیاند، ئەمەیش پەڵەیەکە بەسەر ویژدانمەوە، بۆیە ناتوانم هەروا بمێنمەوەو لەڕێی دانپیانانێکی ئاسایی لەم جۆرەوە خۆم پاك بکەمەوە. لەبەر ئەوە بریارمدا هەرچۆنێك بوە دایکی کەمال ببینم، چی دەزانم پێی بڵێم، گلەیی ئەوەی لێ بکەم کە بۆ هەواڵەکەی پێ نەگەیاندووم، باسی نامەکانی ئەو و وەڵامەکانی خۆمی بۆ بکەم. من نازانم دایکی چیم پێ دەڵێت یان چی دەکات، بەڵام وەك پێشتر وتم ئاگاداری ئەوەم دایکی کەمال ژنێکی هەروا ئاسان نیە لەوانەی پێیان دەڵێن ژنی سەر تەنوور. ئەو لە ساڵانی پەنجادا ناوەندی خوێندوەو دواییش هەر وازی لە خوێندنەوەی ئازاد نەهێناوە. بۆیە دەبێت من بە هەستیاریەوە بیدوێنم و گرێکانی لەگەڵدا بکەمەوە. کەمال هەموو جارێك لەبارەی دایکیەوە دەیگوت لەو ژنانەیە کە باوکی پێی ناوێرێت، تەنانەت دیویەتی هەڕەشەی لێ کردوەو لەکارو هەڵوێستی نارازی بوە. بەڵام من ئێستا نازانم دوای قسەکانم دەپەشۆکێت؟ چیم پێ دەڵێت؟ گاڵتەم پێ دەکات؟ پاساو دێنێتەوە یان هەڵدەستێ و زۆر لەسەرخۆ پێم

دەڵێت: (میران، ئەوەی کردووتە با لە بەینی خۆم و خۆتا بێت و لای کەسی دی ئاشکرای مەکە.)

ئەمانە گریمانەی خۆم بوون کە نازانم چەندیان ڕاستەو چەندیان وەهمی رووتە.. بەڵام ئەمە هەقیقەتی ئەو ژنەیە. لەماوەی هاوڕێیەتیم لەگەڵ کەمالدا وەك پێشتر وتم چەند جارێك لەگەڵ دایکیدا دیبووم، هاتبوونە نووسینگەکەیش. جارێکیان بۆ ماوەیەکی زۆر سێ قۆڵی ماینەوەو هەر لەوێ نانی نیوەڕۆمان خوارد. دایکی کەمال بەتەواویی ئەو ژنە بوو کە من بە ڕاست و دروستی وێنام بۆ کردن. بۆیە دوای رۆیشتنی کەمالیش دەمویست ناوەناوە بیبینم. بێگومان ئێستا ئەو چێژ لەوە وەردەگرێت لەدوای کوڕەکەیەوە من تەنیا کەس بم هاوبەشیی خەم و ڕازەکانی بکەم، هیچ نەبێت لە هەندێك لەو نهێنیانە بگەم کە ڕەنگە تا ئێستا شارابێتنەوەو ئەو نەیەوێت بەتەنیا لەنێو پەرژینی قەدەغەکراوی خۆیدا کەڕوو هەڵ بێنن. خۆیشم دوای ئەو تاوانەی بێ مەبەست بەرانبەر بە کەمالم کرد، بەوە ئاسوودەو دڵخۆش دەبم کە جارجارە تەلەفوونی بۆ بکەم یان لە بازاڕدا بیبینم. بۆیە لەو کاتەدا کە من لەبیری ئەوەدابووم چۆن و کەی بۆ سەرخۆشی بچم بۆ لای، لە پێشا تەلەفۆنم بۆ کرد، ئەو زۆر بە غەمگینییەوە وتی: لێم بببوورە کە نەمتوانی زوو هەواڵەکەت پێبگەیەنم، وتم: بەڵێ، دەبوو من یەکەم کەس بم تۆ پێم بڵێیت. وتی: من لەوە نائومێد و هەراسانتر بووم بتوانم هیچ بڵێم یان بیکەم، تەنانەت خۆم بە کەسم نەوت و ئەوانەی کە هاتوونەتە ماڵەوە بەتایبەتی سەرخۆشیان لە خۆم کردوەو بەس. وتم: بۆ لەمەودوا دەبێت یەکتر ببینین. وتی: بێگومان، بەڵام لە ئێستادا زۆر لەوە نائارامترم کە بتبینم.

من لای خۆمەوە دوای ئەوە هیچم نەکرد، بەڵام ئەوانەی من و کەمالیان دەناسی و هەواڵەکەیان دەزانی و دەیانپرسی، من وەڵامێکی هێند ناتەواوم دەدانێ کە واز لە کونجکۆڵی بێنن و زیاتر بە دوای هۆی خۆکوشتنییەوە نەبن. کە بۆ یەکەمجار دوای پێنج مانگ دایکی کەمال هاتە لام من تەواو شڵەژام، لەبەردەم رووگیریی

بەردەمی ئەو و هەست بە تاوانباری و سۆزە تەقیوەکەی خۆمەوە تەواو کەسێکی شپرزەو خەجاڵەت بووم. سەرەتا هەردوکمان بەجووتە زۆر گریاین و لەپڕێکدا نووقمی بێدەنگی بووین، نە من توانیم تەماشای ناوچاوی بکەم نە ئەویش، پاشان وا دوا کە حەوسەڵەی جارانی نەماوەو هەمیشە بیر لە کەمال دەکاتەوە، لەدواییشدا وتی: هەموو شتێك لە کەمال دەهات، تەنانەت شێوەی مردنەکەیشی تایبەت بوو بە خۆیەوە. لەو دانیشتنەدا کەم قسەو زۆر رامان و بیرکردنەوەمان هەبوو، دوای ئەوەیش مانگ نەبوو لانی کەم جارێك سەرم لێ نەداتەوە، ئیتر هەر بیرەوەریەکمان لەبارەی کەمالەوە هەبوو دەمانگێڕایەوە، جارێکیان لێی پرسیم: تۆ هەرگیز لە کەمالت نەپرسی بۆ ئەو نە لە باوکی دەکات و نە لە خوشك و براکانی؟ وتم نا. وتی بۆ؟ وتم: چونکە ئەوە پەیوەندیی خێزانی ڕووتەو دەشێت هەر لە نێوان خۆتاندا بەنهێنی بمێنێتەوە، بەتایبەتی لای تۆ! دایکی پێکەنی، پێکەنینی کچێکی تەمەن بیست ساڵانە کە جارێك شادی و تاوێك شەرم لەڕووی دەپژێت، سوور دادەگەڕێ و لە پڕێکدا مات دەبێت و دەنگ ناکات.

جارێکیان لێم پرسی تەمەنی چەندە؟ وتی نزیکەی پەنجا ساڵێك. وتم زۆر پێتەوە دیار نیە. وتی: بەردەوام لەناوەوەی مندا هێزێك هەیە ژیانی تازەم پێ دەبەخشێت. وەڵامەکەیم پێ سەیربوو، وتم مەبەستت چیە؟ وتی تۆ نازانیت منیش پێش کارەساتەکەی کەمال وەك ئەو کۆڵم بە زۆر شتەوە هەڵنەگرتبوو، بەڕاستی لەناو خێزانەکەماندا من لە ماکەوێك دەچم هێلکەی مریشکی هەڵهێنابێت. تەنیا کەمال بوو گەلێك ڕەفتاری لە من بچێت. وتم تەنیا ڕەفتار نەك سیماو ڕوخسار! وتی وایە. وتم جاران کەمالێك هەبوو دڵی خۆتت پێ دەدایەوەو توناو خۆشەویستیەکەتی بەزیندویی دەهێشتەوە. وتی ڕاستە، بەڵام ئێستایش شەو نیە نەیەتە خەوم. لەم شەوانەدا پێی وتم: دایکە بۆ نایەیت بۆلام، من لە ئاسمانم و تۆ لە زیندانی زەویدا، من لەگەڵ پەریدام و تۆ لەناو جانەوەردا. پێم وت کەمال گیان ڕێگای هاتنە لات هەروا ئاسان نیەو مەرج نیە من بوێریی تۆم هەبێت. وتی مەترسە، گەیشتنە

ئاسمان لە هاتنە سەر زەوی ئاسانترە. وتم چۆن؟ وتی ئێمە مردنمان لە شێوەی گۆریلا دارشتوە ئەگینا ژیانێکە بە سیمایەکی ترەوە. بەڵام من ئێستا ناتوانم باسی سیماکەی لە تۆ بگەیەنم، هیچ پێویستیش نیە تۆ بە هەمان هەست و زانینی ئەوێوە بۆ ئێرە گوێزرابیتەوە، گرنگ ئەوەیە بە ئارەزووی خۆت هەڵت بژاردبێت نەك بە زۆر. وتم من ئێستا لێرە تەواوکەری تۆم و گیانە بزۆزەکەت بە نەمریی دەهێڵمەوەو نابێت هەردووکمان سەنگەر چۆڵ بکەین. وتی مەترسە، ئێستایش گیانی من لەناو ماڵەکەدا هەر زیندوە، ئاسوودەکردنی تۆ بەدیهاتنی خەونەکانمە.

- بەڵام تۆ چۆن بێ کەمال دەژی؟ بەتەمای هیچ نیت؟

- کەمال شەوێك لە خەودا پێی وتم گەیشتنە ئاسمان لەوە ئاسانترە خۆم بە شتێك بخەڵەتێنم کە هەر ئەوەیە لەگەڵیا ڕاهاتووم. کە ئەو ڕاهاتنە دەبەزێنیت ئەوسا هەست بە خۆشی و دڵنیایی، یان هەست بە مرۆڤ بوونی راستەقینەی خۆت دەکەیت، هەموو ماڵیبوونێك کلیلێکی کۆیلایەتی لەگەڵدایە، بەڵام من ئەوانەم بەزاندوە.

- فریشتەخان من ناوێرم هیچ لەو بارەیەوە بڵێم، چونکە دەترسم بە کارەساتەکەی کەمال بشکێتەوە!

- تۆ تائێستا چ گوناهێکت بەمەبەست نەکردوە، ئەوە سووکی ژیانە کە بە پارچە پەڕۆیەك مانەوەی خۆی لە دەست دەدات، بەڵام ئەوەی لەدوایەوە دێت لەوە شکۆمەندترە بە ئاسانی دەست هەریەکێك بکەوێت، یان تەنانەت خۆیشی بۆ هەموو کەسێك دووبارە بکاتەوە، تەنانەت بۆ منیش.

- بەڕاستی پێت بڵێم من لە مەرگ دەترسم، هەرگیز ناتوانم کەمال بم.

- منیش، ڕەنگە ئەو بەڵگەو پاساوەی لای کەسێکی خۆکوژ هەیە لای یەکێکی تر نەبێت، بۆ نموونە من و کەمال جیاوازین، من وەك کەمال کورمە کوڕ و کچی تریشم هەیە کە چ تاوانێکیان نیە، بەڵام خۆشەویستی باوك و دایك بۆ منداڵ بنەماکەی لەسەر پەیوەندیە رۆحیەکەی نێوان ژن و مێرد دامەزراوە. وەك وتم منداڵ چ گوناهێکی ئەنجام نەداوە، ئەوەی کردوویەتی باوك و دایك و ئەو پەیوەندیەیە کە

وتم، بەڵام ڕاستیی بێت من ناتوانم هەمان خۆشەویستی کەمال بە منداڵەکانی تر ببەخشم.

کەمێك وەستام و نەمتوانی قسە بکەم، چونکە ئەوەی فریشتەخان باسی کرد کۆمەڵێك پرسیار دەوروژێنێت کە ئێستا من ناتوانم بیانکەم، یان با بڵێم سەر بەرەو کۆڵانێکی دەرنەچوو دەبەن.

- ئەوەیش بزانە هەمیشە باوك و دایك پێیان خۆشە منداڵیان لە خۆیان بچێت: ڕەفتاریان، سیمایان، ڕەوشتی ڕۆژانەو تەنانەت ترسنۆکی و ئازایەتیان، بە کورتی گشت غەریزەکانیان. دیارە ئەمە بەشێکە لە خۆپەرستی دایك و باوك و وەك ئەنجام گەمژەییە. مێردەکەی من وابیری لە کەمال دەکردەوە، بۆیە خۆشی نەدەویست.

- بەڵام مەرج نیە لاڕێ و چۆم و چغوردە تەریك و دوورەکانی ناو چیا بەردەوام لە تاریکیا بمێننەوە.

- ئەمە ئەلف و بای هوشیاریە، وەلێ هەموو گرەوێکیش لەسەر مانگەشەو ناکرێت، هەر لەوێدایە ڕێگا هەڵە دەکرێت و درەندەیش پێت دەوێرێت.

- ئەی یادگاریە  هەرە خۆشەکانت لەگەڵ کەمالدا؟

- کە شەوانە خەوی لێ دەکەوت من زۆرجار سەرم بە دڵیەوە دەناو بۆنم بە هەناسەیەوە دەکرد، بۆنێك بوو ڕۆحی دادەگیرساندم، تەواو وەك چرایەك لە کوژانەوەدا بووبێت و تۆ پڕی بکەیتەوە لە نەوت. بۆنێك بوو دەیبردم و دنیای دەگێڕام، بۆ وڵاتی زۆر دوور و لای خەڵکانێك  نە دەمناسین و نە شارەزای داب و نەریتیان بووم، کەچی خۆشم دەویستن. بەرەو دەریای تاریك و ترسناك و تاڤگە ناوازەکان و بێشەڵانە سامناکەکان، پاشان دەیهێنامەوە بۆ ناو کۆڵان و بەردەم ماڵەکانی جارانی خۆمان، بۆلای ئەو کەسە سادانەی هەر سەر لە ئێوارە دەنووستن و بەیانی زوو لەخەو هەڵدەستان. بۆلای باوکی دڵڕەق و دایکی نائومێد، بۆ لای ئەو کچانەی لاپەڕەیەکی سپی بوون و تازە خەیاڵیان لەوە دەکردەوە چۆن قەڵەمێك دێڕێکی جوانیان لەسەر بنووسێت.

- فریشتەخان ئەوەی تۆ باسی دەکەیت بۆنی عیشقە، بڕینی هەموو ئەم سنوورانە لە کێشی کێدایە؟

- ڕاست دەکەیت میران گیان، کە عیشق نەما مرۆڤ دەبێتە بەردی سەرەڕێ و توانای گفتوگۆ کردنیشی نامێنێت، ئەی تۆ قەد عاشق نەبوویت؟ وتم: بێگومان، هەموویم بۆ کەمال گێڕاوەتەوە، بەڵام بەڕاستیی حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم من زۆر جار هەستێکی وام لا دروست بوە کە دەشێت لەناو خێزانەکەتاندا چیرۆکێك هەبێت، لەوانەیشە چیرۆکی نەگێڕانەوە بێت!

- میران، ژیان لای ئێمە لە دەستی قەدەردایە کە زۆرجار توانای مرۆڤ دەستەوستانە لە بەرانبەریدا، بێگومان هەموو کەسێك چیرۆکێکی خۆی هەیە، کەس لەمە بەدەرنیە، وەك خۆیشت وتت لەوانەیە شیاوی گێڕانەوە نەبێت. وتم: باشە، تۆ بڵێی ئەو چیرۆکەی تۆ، یان خێزانەکەت هیچ پەیوەندیەکی بە کەماڵەوە هەبێت؟

فریشتەخان کەمێك ڕاماو سیمای دەموچاوی گۆڕا، گۆڕانێك لەنێوان زەردەخەنەیەکی دەستکردی سەرلێوی و ڕازێك کە مرۆڤ بەرەو لێکدانەوەو پاشان پرسیار دەبات. من لەو کاتەدا وام هەست کرد تابلۆیەك لەبەرچاوی فریشتەدا بەرجەستەیە کە نازانێت لە چ پنت و دیمەنێکیەوە دەست پێ دەکات، بێدەنگیەکەی بۆ من لەوە سەختتر بوو کە خۆم نەهێنمە قسەو نەڵێم:

- فریشتەخان مەبەستم هیچ نەبوو، واتێنەگەیت بەدوای نهێنیەکدا بگەڕێم یان کون پشکن بم و لە سووسەی ڕاز و مەرامی خەڵکیدابم.

- نا، هەرگیز وابیرناکەمەوە، ئەگەر وایش بیت هەر مەبەستم نیە.

- بۆیە ئەوەم وت چونکە ئەوەی من بیزانم کەمال هیچ خۆشی لە باوکی نەدەهات و تارادەیەك ڕقیشی لێی بوو، ئاخر چەندە باوك یان منداڵ بەدڵی یەکتر نەبن بەڵام وەك ئەنجام بەشێکن لە یەکتری و ناتوانن بەیەکجاریی دەست لە یەکدی هەڵگرن.

- ڕاستە، لەگەڵتام و زۆرجار ئەوەم بە کەمالییش وتوە، بەڵام ئەو وا لە باوکی

دەڕوانی کە زوڵمێکی گەورەی بەرانبەر بە من کردبێت.

- زوڵم! بۆ زوڵم!

- دەیزانی من کاتی خۆی بەزۆری خێزانەکەم شووم بە ئەحمەد کردوە نەك بە ئارەزووی خۆم، خۆم ئەمەم بۆ کەمال گێڕاوەتەوە.

- یەعنی بێ خۆشەویستی!

- بەڵێ، من ئەو کاتە لە ناوەندی بووم و زۆر دڵم بە خوێندن خۆشبوو. ئیتر لەبەر ئەوەی خێزانی ئێمە خۆیان دەوڵەمەند بوون پێیان خۆشبوو منیش بدەن بە کوڕە خانەدانێك و زوو لەکۆڵیان ببمەوە.

- نەك تووشی کوڕە هەژارێك ببیت؟

بەتاسەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:

- ئافەرین، هەروایش دەبوو.

- ئەی نەت توانی بەرگری لە خۆت بکەیت؟

- زۆرم کرد، تەنانەت هەڕەشەی خۆسووتانیشم کرد و بێ سوود بوو. ئەوان لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا هەموو شتێکیان بڕیەوە. من بۆ ئەو کاتە لە دەستێکی شکاو دەچووم کەس نەبوو بمگرێتەوە.

- دەشێت سووسەی شتێکیان کردبێت و وایش نەبووبێت!

- نازانم بڵێم چی؟ بەهەرحاڵ ئەوە بۆ خۆیان، بەڵام من وام لێ هاتبوو ڕقم لە هەموو شتێك دەبووەوە، تەنانەت لە ژیانیش، بەدوای تۆڵەیەکدا دەگەڕام کە مافە لە دەست چووەکەم بۆ بگێڕێتەوە، یان هیچ نەبێت ئاسوودەم بکات.

- بە کورتی بوویت بە ژنێکی شەڕانگێز!

- تارادەیەك، وایە، بەتایبەتی لەگەڵ باوك و دایکم و ئەحمەددا وابووم. چونکە بەڕاشکاویی بەوانم وت شووناکەم و بە ئەحمەدیشم وت من حەزی لێ ناکەم و ئەو هەر دەست بەردارم نەبوو.

- دواجار!

- دواجار! .. دواجار!!

فریشتەخان دیسانەوە سیمای دەم و چاوی گۆڕاو ڕامایەوە، وەك ئەوەی دوودڵیەك بەرکی گرتبێت و نەیەوێت هەموو ڕاستیەکان بڵێت، یان بیلێت و ڤیروسیا لەهەموو شتێك بکات. لەسەرخۆ وتی:

- دواجار..! بەڕاستیی پێت بڵێم؟ ئەگەر کەمالم نەبوایە ژیان زۆر لەوە سەختتر دەبوو بتوانم بەرگەی بگرم. لەگەڵ بینینی کەمالدا، ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار گریاو سەروچاویم بینی ئاسوودە بووم، بۆ چرکەساتێك رۆژانێکم هاتەوە یاد کە رۆحم پڕ بوو لە ...لە...

فریشتە قسەکەی بۆ تەواو نەکراو بێدەنگ بوو، کە تەماشای ناوچاویم کرد چەند دڵۆپێك فرمێسك بەسەر ڕوومەتیا هاتبوونە خوارێ، بەڵام هێشتا چاوی لە چاوی ئەو هەڵۆیانەی دەکرد بە سەرکێشیەوە لە بەرانبەرەکەیانی دەبڕن و نایترۆکێنن، وەك ئەوەی لەوە بێباکتربن کە لە داهاتوودا چی روودەدات و چییان بەسەردێت. من هەربێدەنگبووم. ئەو سەری هەڵبڕی و وتی: ئێستایش ئەگەر ئەم چیرۆکەم بۆ تۆ نەگێڕایەتەوە ئازار دڵی کون دەکردم، ئێستا ئاسوودەم، ئەگەر بیشمرم ئەو چیرۆکەی هەم خۆشم دەوێت و هەم ئازارم دەدات بە نەمریی ماوەتەوە.

- کەواتە خۆکوشتنی کەمال چ مانایەکی نیە!

- ئەوە پەیوەندی بەم چیرۆکەوە نیە! بەڕای خۆم ئەو کتێبانە خستیانە سەر کەڵکەڵەی خۆکوژی کە زۆر دەیخوێندنەوەو تا دەهات بەرانبەر بەژیان نائومێدتر دەبوو، گەلێك جار بە جانەوەری ناودەبرد، ئەو لێرەش وەك خۆت دەیزانیت لە ژیان بێزار بوو، ئەوەی هێشتبوویەوە خۆشەویستی من و بەرەنگاری کردنی ئەوانی تر بوو. دیارە لەوێ دەستی جانەوەرەکە لەوە والاتربوە کە ڕۆحی نەپێکێت و ئەو لەوە زیاتر دەرەقەتی بێت.

کە فریشتەخان ویستی بڕوات من لەوە بێدەنگتربووم بتوانم هیچ بڵێم. بابڵێم بەتەواویی حەپەسابووم. دیاربوو ئەویش هەستی پێ کردبووم، بۆ شکاندنی

دۆخەکە وتی:

- دوای مردنم ئەتوانیت ئەم چیرۆکە بنووسیتەوە.

وتم: بۆ بەنەمرکردنی عیشقێك، کارەساتێك، یان...؟

وتی: بە ئارەزووی خۆت، چۆنی لێك دەدەیتەوە ئازادبە، بەڵام لەبیرت نەچێت ئەمە چیرۆکێکی ئاسایی نیە هەرئاوا بێ دەربەستانە بەسەریدا تێبپەڕیت و سۆزی خوێندەواری پێ بخەڵەتێنیت. وتم: بێگومانبە من دەرەقەتی نووسینی چیرۆکێکی وانایەم، ئەمە نووسەرێکی هونەرمەندی دەوێت.

- دەزانم، تۆ وەك خۆی بۆ چیرۆکنووسێکی بگێڕەوە، بێ ڕتووش و خەیاڵی خۆت، ئیتر ئەو چی لێ زیاد دەکات و چۆنی دادەڕێژێت ئازادە.

فریشتەخان هەستا و ڕۆشت، من ماوەیەك هەر ساکابووم و چیرۆکەکەم بە ئاڵۆزی دەهاتەوە بەرچاو، لەهەر بڕگەیەکدا تیکەیەکم بۆ دەگیراو نەمدەتوانی تەواو بەیەکیانەوە ببەستمەوە یان نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێبکەم و چۆن کۆتایی پێ بهێنم! بۆیە تا ئێستایش بیر لەوە دەکەمەوە چیرۆکەکە وەك خۆی بۆ چ نووسەرێك باس بکەم! نووسەرێکی هێند بەهرەمەند و پڕ خەیاڵ کە لە گێڕانەوەو داڕشتنەوەیدا هونەرمەند بێت. بەداخەوە تا ئەم چرکەساتە ئەو چیرۆکنووسەم بۆ نەدۆزراوەتەوە.

نەورۆزی ٢٠٠٩

# چەند لاپەڕەیەکی ونبووی نێو ڕۆمانی

# «غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ»

کە نەجۆ ئەشکانی گەیشتە ماڵی مەهناز مارۆی دەزگیرانی و دایك و باوکی مەهناز باسی خۆسوتاندنی کچەکەیان وەك خۆی بۆ گێڕایەوە، ئەو چیرۆکەکەی بە عەقڵدا نەچوو. نەك هەرئەوەندە، بەڵکوو وای بیر لێ کردەوە کە ئەمە سیناریۆیەکی گاڵتەجاڕیە و دەستی خودی کچەکەیانی تێدایە. تەنیا بۆ دەستبەرداربوونی ئەمە لە مەهنازو خۆشەویستی غەزەلنووسە. ناهەقیشی نەبوو، لەبەرئەوەی بە درێژایی ئەو ساڵە نە ڕازی بێزاریەکی زۆری لە چاوی مەهنازدا خوێندبووەوە، نە ئەو وێرانیە ڕۆحیەی گەیاندبێتیە نائومێدیەکی هێند قووڵ و بێ مانا کە بۆنی خۆکوشتنی لێبێت. پاشان بیری لەوەیش کردەوە کە ڕەنگە خانمی شەمس هەر بۆ خۆشی ئەم چیرۆکە خەیاڵیەی سازدابێت، دوای ئامۆژگاری و سەرکۆنەکردنی مەهناز لەلایەن باوك و دایکیەوە و پەشیمان بوونەوەی لە ڕای جارانی، کەمێکی تر، وەك شەبەنگ

لە گۆشەی ژوورێکەوە دەربکەوێت، بەرەو لای بێت و بەترس و دڵەڕاوکێکەی ئەم پێبکەنێت، ئەمیش لەوانەیە لە خۆشیدا شاگەشکە بێت. کەچی هیچێك لەم گریمانانە ڕوویان نەدا. بە پێچەوانەوە، لە چاوی سەیفەدین مارۆی باوکی مەهناز و خانمی شەمسی دایکیەوە، تا دەهات زیاتر هەستی بێ دەسەڵاتیەك بەر رۆحی ئەم دەکەوت کە توانای گومان و باوەڕنەکردنی لێ دەبڕی و بەرەو خۆخواردنەوە و پرسیاری بێ سەرەوبەرەی دەبرد. بۆ ماوەیەك هەرسێکیان تەواو خامۆش بوون تا نەجۆ بە خانمی شەمسی وت:

- دەتوانیت جێگای خۆ سووتاندنەکەیم پێشان بدەیت؟

خانمی شەمس وەك باڵندەیەك دەرگای قەفەزی فڕینی لێ کرابێتەوە و دەمێك بێت چاوەڕێی داواکە بێت، خێرا هەستا، بەدەم ڕێوە پەردەی ناو ساڵۆنەکەی لاداو تەماشای ئاسمانی کرد. ئەو پێشتر، هەر دوای ڕووداوەکە، هەستی نامۆییەکی تێ گەڕابوو، نامۆیی داهاتوویەکی چاوەڕوان نەکراو و کارەساتێکی سامناك. زانی لەدوای مەرگی مەهنازەوە شتێك بەڕێوەیە، شتێکە لەبابەتی هێرشی ڕەشەبایەکی ناکاو لەناو ژوورێکی کپدا، یان چریکەی گۆرانیەك لە گەرمەی شەڕگایەکدا، وەلێ خانمی شەمس لەوە بێدەسەلات تر بوو ڕاوی خەیاڵێك بکات و لە دەرەوەی ئەو دنیا بەردینەوە کە خۆی و سەیفەدینی مێردی تیا دەژیان، بتوانێت هەناسەیەك بدات. هەربەدەم ئەم ختوورانەوە تەماشای سمێڵە ئەستوورەکانی نەجۆی کردو پێشی کەوت، جارێکی تر پێی وتەوە:

- وەك پێم وتیت جێگای خۆسووتاندنەکە چ شوێنەوارێکی پێوە دیارنیە، من ئەوەندە دەتوانم لەناو باخەکەدا ئەو شوێنەت پێ نیشان بدەم کە مەهناز تیایدا دانیشت و ئاگری لەخۆی بەردا. دوای ئەوە نە ئاگام لە هیچ شتێکە و نە توانای وەڵامدانەوەی پرسیاری ترم هەیە.

نەجۆ وەك لەبەردەم تۆفانی دەریایەك و ئاگرپڕژێنی بورکانێکدا دەستەوستان بێت، لەپێشی خانمی شەمسداو بۆ ئەو ساتە بێجگە لە گوێ گرتن و خۆبەدەستەوەدان

چی ترنەبوو. هەستی نەجۆ لەو ساتەدا لە خەمی بیابان گەڕێك دەچوو بەدوای وەهمی تراویلکەیەکەوە، کە بەدەر لە وەڕزی و وروژان، وەستان و نائومێدی هیچی تری لێ نەکەوێتەوە.

خانمی شەمس شوێنی خۆسووتاندنەکەی مەهنازی لەناو باخەکەدا پیشانداو خۆی دوورتر وەستا. نەجۆ دوای تێڕامانێکی زۆر، ڕاراو بەترس و دوودڵیەکی فرەوە لە جێگاکە نزیك کەوتەوە، چاوی لەو چیمەن و پەڵە گیایانەیش بڕی کە هەر لەناو باخەکەدا و لە شوێنی خۆسووتاندنەکەدا بەگەشاوەیی مابوونەوە. دایکی مەهناز لەسەر هەقبوو کە نە ئاسەواری ئێسك و پروسك دیاربوو نە خۆڵەمێش، تەنانەت لەوە نەدەچوو ئاگرۆکەیەکی منداڵانەیشی لەو شوێنەدا کرابێتەوە. بەڵام نەجۆ بۆنێکی سەیری بەسەرداهات، نە لە بۆنی بۆس و دۆڵگابان دەچوو کە خۆی بەکاری دەهێنا، نە لە بۆنی ڤوجی و مەزەلۆنا کە مەهناز حەزی لێ دەکردن. ماوەیەکی زۆر چاوی گێڕاو هەستی ڕاگرت، پاشان هەر بەو بێدەنگیەوە گەڕایەوە بەردەمی خانمی شەمس کە لەژێر سێبەری یەکێك لە دارسنەوبەرەکاندا وەستابوو. پێی وت:

- سوپاست دەکەم خانم. بێگومانم ئێوە ڕاست دەکەن، تەنیا ئەوەندە هەیە کە ڕەنگە من هەرگیز لەم مەتەڵە تێ نەگەم  یان درەنگ پەی پێ بەرم.

نەجۆ ئەشکانی بە خەمێکی زۆر و بێ ئەوەی شتێکی تازە بڵێت دایك و باوکی مەهنازی بەجێهێشت و گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی. لە ژووره تایبەتیەکەیدا بەرانبەر بەو وێنەیەی خۆی و مەهناز دانیشت  کە لەسەر مێزە گەورەکەی داینابوو، وێنەی ساڵێك لەوەوبەر بوو کە تازە ببوونە دەزگیران، ڕۆژانە باسی تازەترین مۆدێلی جل و ماشین و عەتریان دەکرد. لەو سەرەتایەدا مەهناز بەپێی زەوق و مەیلی ئەم بەرگی لەبەردەکرد و ئەمیش ڕای لەسەر گونجانی ڕەنگەکان دەردەبڕی.

پاشان هاتە بەر ئەو ئاوێنەیەی بەقەدەر باڵای خۆی بوو، تەماشای قەڵافەت و سەرو چاوی کرد، لە سمێڵیدا یادی باوکی کردەوە کە بەردەوام پیاوەتی و جوامێری خۆی لە سمێڵە زلەکەی و دەم وچاوە مۆن و هەمیشە تووڕەکەیدا دەبینی. بیری

لەو ڕۆژەیشی کردەوە کە مەهناز، دوای ساردیەکی چاوەڕوان نەکراو رووبەروو پێی وت: ((نەجۆ نامەوێت شووت پێ بکەم، من و تۆ بۆ یەکتر نابین، چونکە ناتوانم لەگەڵ تۆدا خەیاڵ بکەمەوە)) دوای ئەوەیش لەبەردەمی چەند دۆستێکدا وتی: ((نەجۆ ئەشکانی بێجگە لە قسەی پڕوپووچی سیاسەت هیچ باسێکی تر نازانێت)) ئەو ڕۆژەیش کە ئەم چووە لای غەزەلنووس و کەوتە هەڕەشە لێکردنی، ئەو زۆر لەسەرخۆ پێی وت:((نەجۆ واز لەو کچە بهێنە و تووشی دەردی گەورەی مەکە با بەهێوری خۆی بدۆزێتەوە)).

نەجۆ بۆ یەکەمجار کەوتە بەراوردکردن لە نێوان خۆی و باوکیدا، بەتایبەتی لەڕێی سمێڵی هەردووکیانەوە، پاشان لە نێوان سیاسەتبازی خۆی و خۆشویستنی ڕاستەقینەی مەهنازدا. وشە بەوشەی ڕستەکانی غەزەلنووسی سەروبن کردو هەوڵیدا بن دێڕەکانی بخوێنێتەوە. یەکەمجاری بوو هەست بە زەبری وشە بکات و ترسی لێ بنیشێت. لەسەر دەستەواژەکانی: دەردی گەورەو مەهناز و خۆدۆزینەوەیدا گەلێك وەستا. پرسیاری لە خۆی کرد کە بۆ ئەوکاتە لە غەزەلنووسی نەپرسی مەهناز بۆ تووشی دەردی گەورە دێت، ئەی لە چیداو چۆن خۆی بدۆزێتەوە! بەڕاست خۆدۆزینەوە مانای چیە و ئەو کچە لە کوێدا ونبوە!

نەجۆ بەدرێژایی ئەو شەوە کە بۆ ئەو کۆتایی نەدەهات، نە خەو چوە چاوی و نە تامی هیچی کرد. حەزیشی بەوە بوو کتێبێکی ئاسایی لەماڵدا بوایە و، لەم شەوە دەگمەنەیدا و بەو کۆلکە خوێندەواریەوە کە هەیەتی دێڕ بەدێڕ تامی لە ماناو نهێنیەکانی بکردایە. بەلاَم کەی ئەم ڕۆژێك لەڕۆژان خوێندنەوەی بەخەیاڵدا هاتوە! کەی بیری لە کڕینی دیوانە شیعرێك یان حیکایەتێکی خۆشی کردۆتەوە! دەبوو ئەم ئەو کاتەی مەهناز پێی دەوت:(( تۆ بێجگە لە باسی خواردن و پارە و سیاسەت بیر لە هیچی تر ناکەیتەوە)) لە جێگای خۆیدا بچەقیایەو ئاوڕێکی بۆ ئەو رابووردوەی بدایەتەوە کە بۆ مەهناز مایەی نیگەرانی بوو. دەبوو بەو قسەیە ناودەمی تاڵ و دەماری مێشکی ئاگری بگرتایە. کەچی بۆ ئەو کاتەی ئەم وشەکان لەوە بێ ماناو

ساردتر بوون کە هەستی بهەژێنن و بیری پێبکەنەوە. مەهناز پێی وت ناتوانێت لەگەڵ ئەمدا خەیاڵ بکاتەوە. باشە بۆ لێی نەپرسی خەیاڵ چیەو مرۆڤ چۆن فێری دەبێت! ئایا وانەکانی خەیاڵ کە مەهنازیان لە ڕەگەوە هەڵکێشا و وێرانیان کرد بۆ ئەم و کەسانی تریش هەروایە؟

نەجۆ لە نێو گێژەنی لێکدانەوەی ئەو شەوەیدا تەنیا پرسێکی بێ وەڵام بوو. کە بۆ دواجاریش لەسەر خۆسووتاندنەکەی مەهناز وەستا، ئیدی پەل و پۆی بیرکردنەوەی لە جووڵە کەوت، هیچی بۆ نەمایەوە بێجگە لەوەی بەیانی سەر لە هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانی مەهناز بدات و یادگاریان پێ بگێڕێتەوە. ئەو شتانەی لە نهێنیدا وتراون و ئەم بێ ئاگایە، رازە شاراوەکانی دڵی مەهناز کە دەشێت بەشی زۆریان لەبارەی غەزەلنووسەوە بێت و هەرە کەمەکەیشی بەر ئەم بکەوێت. ئەم دەزانێت گەورەترین راز و بە پێچ و پەناترین نهێنی مەهناز، پێش ئەوەی لای ئەم یان باوك و دایکی بێت، لای غەزەلنووسە. ئەو تاقە کەسێکە ئەم لێی بپرسێت بۆ مەهناز خۆی سووتاند؟ ئایا لەبەر خۆشەویستی ئەوە یان بۆ رزگار بوونیەتی لە هاوسەرێتی ئەم؟ چ سیحرێك لەو وانە خەیاڵیانەدا هەبوە کە ئەم ئەنجامە کارەسات بارەی لێ بکەوێتەوە!

نەجۆ بڕیاری ئەوەیدا کە لەسەرخۆ و بێ ئەوەی وەك جاری پێشوو دەماری ملی ڕاست بکاتەوە، بڕواتە لای غەزەلنووس و هەموو ئەم شتانەی پێ بڵێت. ئەمە دوا بڕیاری نەجۆی دەزگیرانی مەهناز بوو، کە دەبوو سەعاتێك پێش خۆسووتاندنەکەی، بەجلی پێشمەرگایەتیەوە کە بۆ شەوی زاوایەتی ئامادەی کردبوو، بگاتەماڵیان. مەهناز لەپێشی ئوتومبیلەکەیدا سواربکات و دەوری شاری بگێڕێت، ئەم دەیزانی مەهناز گەڕانی دەوری شاری پێ خۆشە، بەتایبەتی دیمەنە جوانەکانی سروشت و ناو ئەو گۆڕستانە گەورەیەی شار کە نووسینی سەر هەندێك لە کێلەکان سەرنجیان ڕادەکێشا و لە دەفتەرێکی بچووکدا دەینووسینەوە، ڕۆژێك مەهناز زۆر دڵخۆشبوو، کاتێك بەسەر دوو سێ گۆڕی ناو گۆڕستانەکەوە ئەم ڕستانە نووسرابوون!

مەرگ خەیاڵێکی خۆشە و تەنیا لە ئێستادا دەتوانیت چێژی لێ بکەیت نەك لەڕوودانیدا.

مردن تەنیاییەکە لە ئێستاوە لەگەڵیدا ڕابێ و بە کاری جوان خۆتی پێ نەمر بکە، لە گۆڕدا ڕووناکیەك هەیە تەنیا خەیاڵ پەروازەکان هەستی پێ دەکەن. مەهناز ڕستەکانی لە دەفتەرەکەیدا نووسیەوە، کەچی هەموو جارێك کە لەو ناوە نزیك دەکەوتنەوە دیسانەوە دەچووەوە سەر ئەو گۆڕانە و لە وشە بە وشەی نووسینەکان ڕادەما و دەم وچاوی سوور دادەگەڕا. بەڵام ئەمجارە یان نەحجۆ لەباتی ئەو گەشتە سیحراویە بەسەر سووتانێکا چوو کە کەس توانای لێکدانەوە و پەی پێ بردنی ڕازەکەی نیە.

کە خانمی شەمس گەڕایەوە لای سەیفەدین مارۆی مێردی پێی وت: ئەم نەحجۆ ئەشکانیە کێشەیەکمان بۆ دروست نەکات باشە! سەیفەدین وتی: جا ئێمە چ خەتایەکمان کردوە؟ کچمان داوەتێ و زۆرمان لێ کردوە شووی پێ بکات. پاشان دوای مەرگی مەهناز دەبێت ئێمە لە چی تر بترسین؟

- بڵێیت نەچێتە سەر غەزەلنووس؟ من بێگومانم کارەساتەکە لە چاوی ئەودا دەبینێت!

سەیفەدین بێدەنگبوو، بێدەنگیەکی وا کە لە وەوپێش خانمی شەمس بە ڕووخساریەوە نەدیبوو، هەر دەتوت بەردێکی نێو دیوارە و بێ هەست بە هەموو کەسێکدا هەڵدەڕوانێت. دوای ماوەیەکی زۆر وتی:

- شەمس، گوێ بگرە. بەدەستی خۆمان مەترسیەکمان هێنایە ناو خێزانەکەمانەوە بۆ ئەوەی وێرانی بکات، ئەگینا ئێمە کەی ناوی وانەی خەیاڵمان بیستوە؟ بەتایبەتی ئەم مەسەلەیە دەستی تۆی تێدایە.

خانمی شەمس وتی: بەڵام وانەکە هەیە و ئێمە تا ئەم دواییە نەمانبیستوە، ئەگینا بۆ دەر و دیواری ماڵەکەمان خەریکە پڕدەبێت لە بۆن و باڵندە و گوڵی سەیر سەیر! بۆ مەهناز لەپڕێکدا لە قوتابیەکی هەرە تەمەڵەوە کە جیاوازی لە نێوان

خۆر و مانگدا نەدەکرد گۆڕا بە قوتابیەکی هەرە زرنگ و هۆشیار؟

هەردووکیان لەیەکدی ڕامان و بە هێوری و بێدەنگ هەریەکە و رووی لە ژوورێك کرد، وادیار بوو بیانەوێت زیاتر بیر لە وانەی خەیاڵ بکەنەوە یان ئەو کێشەیەی بەرەو روویان دەبێتەوە و لەوانەیە لە سووتاندنەکەی مەهناز بەسوێتر بێت.

نەجۆ ئەشکانی دوای ئەوەی ئەو بەیانیە چەند جارێك دەوری شاری کرد و لە هەندێك جێگادا، کە تەنیاییەکەی لا خۆش دەبوو، یان یادی مەهنازی تیادەکردەوە دەوەستا. لەنزیك نیوەڕۆدا، لەبەردەمی ماڵی غەزەلنووسدا ماشینەکەی ڕاگرت و لەسەرخۆ لەدەرگاکەی دا، غەزەلنووس بەهەمان چاویلکەی بچووك و ریشە دەروێشانەکەیەوە دەرگای کردەوە. کە نەجۆی بینی بەگەرمی پێشوازی لێ کردو وتی:

- چاوەڕێت بووم . ئەمزانی هەر دێیت.

نەجۆ وتی: بێگومانم دەتزانی، چونکە لەناو ئاگرێکەوە هاتووم کە تەنیا خۆت لە هەڵکردن و کوژانەوەی دەگەیت.

غەزەلنووس وەڵامی نەدایەوە و تەماشایشی نەکرد. بە جووتە چوونە ژووری. نەجۆ زیاد لەجاری پێشوو چاوی گێڕاو سووسەی کرد. ژوورەکە ئەمەندە کتێبی تیابوو لەهەندێك شوێنیدا ئەگەر خۆت نەپاراستایە و بەر یەکێك لەو ستوونانە بکەوتیتایە کە سەریان لە بنمیچەکەدا بوو، دەبوویت بەژێر هەرەسی کتێبەوە. لاپەڕەی دەست نووس و قەڵەم و پارچە کاغەزی دڕاو زۆر جێگای ژوورەکەیان داگیرکردبوو. لەگۆشەیەکدا، کراسێکی گرمۆڵە کراو، بەسەر دیواری بەرانبەر بەشوێنی نووسینەکەیشیەوە جوانترین تابلۆی میکائیل ئەنجیلۆ هەڵواسرابوو.

غەزەلنووس دوای ئەوەی کتێبێکی بەدەستەوە گرت. بە نەجۆی وت: حەز لە شیعر دەکەیت؟

- لە ژیانمدا تەنیا دوێنێ شەو حەزم لە خوێندنەوەی شیعر کردوە.

- شیعر دەتوانێت مرۆڤێکی وەك تۆ ئاسوودە بکات و دنیاکەیشی بگۆڕێت.

- باشە، ئەم قسانە بۆ خۆت. بەڵام دەزانیت من بۆچی هاتوومەتە لات و چیم دەوێت؟

- بێگومان، بەدوای خۆڵەمێشی جەستەی مەهنازدا وێڵیت.

نەجۆ کەمێك وەستا و لەوەدا بوو فرمێسکێکی ناوەخت بکەوێتە ناو چاوی. بەڵام زوو فریاکەوت و پێی وت:

- جەنابی غەزەلنووس مەهناز لای تۆیە، یان دەزانیت لەکوێیە!

- بۆ لای من؟ بەتایبەتی کە باش دەزانیت ئەو خۆی سووتاندوە!

- چونکە تۆ ئەوت لە مرۆڤێکی ئاساییەوە گۆڕی و ڕێگای ترت نایەبەری. بێگومانیشم هەرتۆ مردنت لا خۆشەویست کرد، دەزانیت پێش ئەوەی تۆ بناسێت چەند منی خۆشدەویست؟ دەبوە هاوسەرێکی نموونەیی ئایندەم، ئەی نامەکەیت لەبیرە؟

- مەرج نیە ئەو خۆشەویستیەی مەهناز لە نامەکەدا بۆ منی نووسیوە ئەو عەشقە بێت کە تۆ دەیزانیت یان بیری لێ دەکەیتەوە، من تەنیا مامۆستایەکی خەیاڵی ڕووتم و بێجگە لەو وانەیە چ ڕێگایەکی ترم نیشان نەداوە.

- وانەی خەیاڵ؟ ئەمە لە داهێنان و بەرژەوەندی خۆتە، بۆ لەخشتەبردنی ئەوانەی مەبەستتن. ئەم وانەیە ڕەگی شێتی تیایە و مرۆڤ بێ هوودە دەکات.

- تۆ خراپ لە ماناکەی تێگەیشتوویت، تۆوی ئەم وانەیە کەم یان زۆر لە هەمووماندا هەیە، بەتۆیشەوە. تەنیا لە سەرەتادا هەست پێ کردنی دەوێت و پاشان گەشەپێدانی، بۆ تۆ خۆت بە شێت دەزانیت؟

نەجۆ زۆر بەهێوری گوێی گرتبوو. گوێ گرتنێکی نائاسایی، دەیویست هەر وشەیەکی غەزەلنووس لەبەر میکرۆسکۆبی لێکدانەوە و بژارکردنی زەینیدا لەوە گەورەتر بکات کە هەستی توانای گرتنی نەبێت. لەسەرخۆ پێی وت:

- زۆر چاکە، منیش دەمەوێت گوێم لە وانەکانی خەیاڵ بێت، ئەوانەی بە مەهنازت وتوون، بۆ ئەوەی بزانم دەتوانم قوتابیەکی باشت بم یان وەك تۆ دەڵێیت

شێتم و لە هیچ ناگەم. بەڵام غەزەلنووس درۆم لەگەڵدا مەکە. بەڕاست پێم بڵێ تۆ خودا دەناسیت؟

غەزەلنووس بەدەم زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:

- بێگومان، بێگومان، من خودایەك دەناسم تابڵێی جوان و میهرەبانە، ناسك و روونە، نە زاڵمە و نە ستەمكار، نە توورە دەبێت و نە هەڕەشە لە كەس دەكات. بەشێك لە توانا و دەسەڵاتی لای خۆی هێشتۆتەوە و بەشەكەی تری بەخۆمان بەخشیوە. چونكە ئەگەر قودرەتمەندێكی رەها بێت ناعەدالەتی دروست دەبێت. باشە، تۆ خودای وا دەناسیت؟

- واز لەو پرسیارە بهێنە. ئێستا بەو خودایە سوێندت دەدەم كە دەقی وانەكانی مەهنازم بۆ باس بكەیت. وەك دەزانیت ئەو نەماوە، بەڵام وەك جاری پێشوو پێت وتم ئاسوودەكردنی هەست و دەروونی كەسێك كردنەوەی دەرگایەكی تازەیشە بەسەر ژیاندا.

- تۆ هەڵەیت كە دەڵێیت مەهناز نەماوە، لەوانەیە تەنیا چاوی تۆو هەندێكی تر نەیبینن.

نەجۆ بە سەرسامیەوە لەناو چاوی غەزەلنووس ڕاما و نەیزانی چی بڵێت. غەزەلنووس وتی:

- باشە، هەندێك لەو وانانەت بۆ باس دەكەم كە بە مەهنازم وتوون و ئەوانەیش كە دامنابوو پێی بڵێم و فریای نەكەوتم. بۆ نموونە پێم وتوە ((مەهناز هیچ شتێك لە بۆنكردنی تەواوەتی گوڵێك زەحمەتتر نیە، هەركاتێك بەچاكی فێربووین بۆنی گوڵ بكەین، مانای وایە فێربووین خەیاڵ بكەین، یەكەمین لێشاوی گەورەی هەست یەكەم لێشاوی خەیاڵیشە)) پێم وتوە ((مەهناز... بۆ ئەوەی تێبگەیت دەبێت هەقیقەتە سادەكان بە خەیاڵ بانگێشت بكەیتەوە، تۆ ناتوانیت تەنیا بەچاو گوڵی حەوشەكەی خۆتان ببینیت، بەڵكو پێویستت بە خەیاڵە، هەقیقەت شتەكان دەگۆڕێتە سەر شتی یەك دیوو و سادە. كە باسی خەیاڵت بۆدەكەم مەفڕە بۆ دوور،

خەیاڵ لە سەرەتادا نیشتنەوەیە لە باخەکەی ماڵی خۆتاندا، نیشتنەوەیە لەلای یەکەمین چڵەگیا و لەلای نزیکترین پاساری. دواتر هەر ئەو شتە بچووکانە خۆیان دەتبەن بۆ شوێنی زۆر دوورتر)).

نەجۆ ئەشکانی تادەهات زیاتر حەزی لە گوێ گرتن دەبوو، تامی لە رستە و ماناکان دەبرد، لەشی ببوو بە گوێچکە بۆ بیستن و تێگەیشتن، دەیویست لە ڕستە یان برگە و تەنانەت واژەیەکدا ئاماژەیەك بدۆزێتەوە بۆئەوەی غەزەلنووسی پێ تاوانبار بکات و بڵێت تۆ بوویت بەهۆی هەڵگێڕانەوەی مەهناز لە من و پاشانیش خۆسووتاندنی. ئاخر دوای مەهنازو شکستی ئەو ئومێدانەی لەسەر ئەو هاوسەرێتیە بنیاتی نابوو، نەجۆ دەبوە پیاوێکی دۆڕاو و دەستمایە پووچ. بەڵام هیچی بۆ نەوترا. یەکەمجار بوو بەو شێوەیە گوێ بۆ مانایەك ڕابگرێت کە لەوەوبەر نەیبیستبوون. نەجۆ وتی: باشە ئەی ئەگەر منیش ببمە خوێندکارێکی وانەی خەیاڵ چیم پێدەڵێیت! غەزەلنووس وەك خۆی بۆ وەڵامەکە ئامادە کردبێت خێرا وتی: پێت دەڵێم: چ کارەساتێکی گەورەیە تۆ هەموو دنیات لەژێر دەست بێت و خۆت ئازاد نەبیت!

چ کارەساتێکی گەورەیە تۆ تەنیا ئەو شتانە لەم ژیان و گەردوونەدا ببینیت کە لەبەرچاوتن و لەمسـیان دەکەیت، کەچی نەزانیـت لەدوای ئەمانەوە چی تر هەیە یـان چی خۆی شـاردۆتەوە! ئەگەر ژیـان هەر ئەم شـەو و ڕۆژ و خەوو خواردن و پەیوەندی و خۆشـی و ناخۆشـیانە بێت کە ڕۆژانە لەگەڵیدا ڕاهاتووین، بێگومانبە وەك ڕۆحلەبەرێکی کێوی دەمرین نەك مرۆڤێکی پڕ لە خەیاڵ. ئەگەر بمانەوێت لە هەقیقەتی ژیان بگەین دەبێت لە ڕواڵەتەکەی دوور بکەوینەوە. لەژێر هەر پێست و توێکلێکەوە زیندەوەرێك هەیە کە ژیانی ڕاگرتوە. دەبێت بەردەوام هەستی ئەوەمان لابێـت کە مرۆڤ کۆیلەکراوە بەڵام بەئازادی لەدایـك بوە. ئەگەر خەیاڵمان نەبێت زەحمەتـە واز لەو کۆیلایەتیە بهێنین. ئەگەر بترسـین هەرگیز ئازاد نابین. دەبێت تۆ لەنێو باخەکانی خەیاڵدا گەڕیدەیەکی هەمیشە نەسرەوت بیت، لەو جێگایەدا کە گوڵت بینی، کە گوڵت بۆن کرد هەم ڕابمێنیت و هەم چاو بنێیتە سەریەك و بۆنەکە

وا هەڵمژێــت کە کار لە هەموو گەردیلەکانی ســەر و لەشــت بــکات. دەبێت وات لێ بێت گەر دەستیشــت بەر درەختێك ، گیایەك، گێلاسێك، چرایەك، دەرگایەك کەوت تەزوویەك بەلەشــتا بگەڕێ و خەیاڵت بڕوات، ئەوە هێزی لەمسە کە دەتگەیەنێتە ئەوپەڕی بێباکی لەم ژیانە و ختوورەی دنیایەکی ترت دەداتێ، لەپێشــدا شــەرمت تێدەگەڕێــت و تەمی خەمێك خۆی بە بینینتدا ئاوێــزان دەکات، دەیەوێت بتخاتە خەم خۆرکێکەوە کە توانای پەل و پۆ جووڵانت نەبێت. بەڵام دەبێت تروســکەکانی خەیاڵ لەدوورەوە دەربکەون، تەواو وەك ســوپای ئەســتێرە دەوری تەمەکە بدەن و دنیــات بۆ بکەنە چراخان، تامی ئەو خواردنەت پێ بچێژن کە هێشــتا نەتخواردوە و ئەو شــەماڵە تایبەتیەیش کە تائێستا نە لە پێستی داویت و نە بۆنیت کردوە. تۆ لەو کاتەدا دەبیت بەو خەڵوەتیەی هەمیشە لەبەردەم پەروەردگارەکەیدایەو کەچی بەچاو نایبینێت، دەستی لێ دەدات و بێجگە لە سروەیەك هەست بە شتی تر ناکات. تۆ نەجۆ ئەشکانی، تا ئێستا کۆیلەی دەست ژیانە ئاساییەکەی خۆتیت. ژیانێك بێجگە لە بێ نرخ و ڕســوایی چی تر نیە، بەرژەوەندیەکانت لەوەیان کردوویت هەســت بە چرپەیەکی عەشق و چیرۆکێکی دڵداری بکەیت. تەنیا ئەو رۆژە لە کۆیلایەتی رزگار دەبیت کە خەیاڵی ئازادی لەم ســەر زەمینــە دوورت دەخاتەوە و لەباتی مرۆڤێکی ماڵی دەبیتە مرۆڤێکی خەیاڵی، پاش ئەمانەیش، نەجۆ حەزدەکەم ئەوە بزانیت کە تــۆ دوو ناتەواویی گەورەت تێدایە، هەندێك بۆشــایی لــە مرۆڤدا هەن کاریگەریان لەسەر جەستەو رۆحە و رزگاربوون لێیان ئاسان نیە. بابۆت باس بکەم، یەکەمیان لە هەموو کەسێکدا هەیە بەبێ جیاوازی: لە مێشکی هەریەکێکماندا کۆمەڵێك سەنتەر هــەن هەریەکەو کۆنترۆڵی چالاکیەك دەکات. هەیانە بەرپرســی بڕیارە، هەرکارێك مرۆڤ بیکات بەداوای ئەوە، هەیە بەرپرسیاری سۆز و خۆشەویستیە، نە پەیوەندی بــە لۆژیکــەوە هەیە نە بە ئەقڵــەوە. واتا ئەو بڕیارانە دەدات کــە بەرهەمی دڵ و ســۆزن، ئیتر چاك بن یان خراپ. بەڵام لە سەرووی ئەمانەوە سەنتەرێکی تر بوونی هەیە کە چاودێریی گشــت کارەکانی مرۆڤ دەکات، بــەو مانایەی لە هەموو کارێك

دەپێچێتەوەو چاك و خراپیـــان هەڵاوێرد دەكات. ئەم مەڵبەنـــدە ئێمەی خەیاڵی ناومــان ناوە (ویژدان) كە ســەرچاوەكەی خۆشەویســتییەكی ڕەهای مرۆڤایەتیە و هەڵـــە بە كەس نـــاكات. چاودێریەكی ناوازە و دادپەروەرێكــی توندڕەوە. تۆ، ئاغای نەجۆ ئەشكانی، ئەم مەڵبەندەی مێشكت پەكی كەوتوە و كارناكات. دەبێت زۆر هەوڵ بدەیت تا بكەوێتە گەڕ، ئەگەریش بكەوێت! بۆ ئەوەی لەم كێشانەیش ئاسوودەبیت، پێویســتە تەنیا خۆت بیری لێ بكەیتەوە و سەنتەرەكە بخەیتەوە سەر باری ئاسایی خۆی، ئەگینا نە ئاسوودە دەبیت و نە تام لە ژیان وەردەگریت.

دووەمیان نەجۆ ئەشكانی، لە جەستەی هەریەكێكماندا توخمێكی شاراوە و بێ ناو هەیە، ئەویش وەك توخمەكانی تر ژیانی پێوە بەستراوە، بەڵام ئەم ئەفراندنی جوانی و خۆشەویستی دەكات و عاشق بەسووتانە، تەواو وەك گۆگرد وایە، پێویستی بەوەیە هەمیشە دەستێك دایبگیرسێنێت، بۆ ئەوەی جەستەی ئەو كەسە بەردەوام ڕووناك و درەوشاوە بێت و ڕۆحیش لە فڕین و خەیاڵی یاخی بوون و سەركێشیدا بێت، ئەمە توخمی عەشقە و بەداخەوە تۆ پەنجەی داگیرسانیت نیە، بۆیە ئەو كەسانەی وەك تۆ وان، توخمەكەیان وردە وردە تیادەمرێت و وزەی سووتانی تیا نامێنێت، بۆیە دەبینیت خەڵكانێك هەن بەردەوام دەفڕن و دەستەمۆی هیچ دەسەڵاتێك و نەریتێكی باو نابن، عاشقن و لە درەوشانەوەیەكی هەمیشەییدان. هەیشە وەك قوڕی ڕەشی لێ هاتوە و بەزەویەوە نووساوە، بەردەوام چڵكاوی بەسەردا دەڕوات و پێی پیادەنرێت، هیچیش لە عەشق نازانێت، مەبەستم لە عەشق خۆشویستنی هەموو شتەكانی دەور و بەرمانە، بە دەریا و چیا و مرۆڤ و درەخت و دار و بەردیشەوە، تەنانەت بەوانەیشەوە كە خۆشیان ناوێین. نەجۆ لەوە دەچێت تۆ لە قوڕە ڕەشەكە بیت.

نەجۆ دەستی بە تەوێڵیەوە گرتبوو وەك سەراسیمەیەك خۆی ڕادەژەند و لە گەڵێك لەو قسانە تێنەدەگەیشت، بەڵام حەزی گوێ گرتنی تیابوو. دوای بێدەنگیەكی زۆری غەزەلنووس نەجۆ پێی وت:

- ئەمانەی تۆ باسیان لێدەکەیت لەوە زەحمەت ترە کە مرۆڤ بە ئاسانی بەرگەیان بگرێت، یان تێیان بگات، ئاخر من چۆن دەتوانم ئەو کەسەم خۆش بوێت کە ڕقی لێمە! یان ئەو توخمە بدۆزمەوە کە ناوی نیە و حەزی لە داگیرسانە؟

- ئەگەر توانیت کۆنترۆڵی ئەو سەنتەرە بکەیت و لە هەوڵی داگیرساندنی ئەو توخمەدا بیت کە باسم کرد بێگومانبە دەتوانیت. ئەو دوانە یەکدی تەواو دەکەن و مرۆڤ لە جەستەیەکی قورس و ناقۆڵاوە دەکەنە خەیاڵێکی ناسك. دۆزینەوە و شادبوون بەم شتانە لەخۆتەوە دەست پێدەکات، ڕەنگە بۆ تاقە جارێك، قسەی کەسێك، هەڵوێستێك، ڕووداوێك، کتێبێك، کێشەیەك بۆت ببێتە مامۆستا و پرت بکات لە خەیاڵ. ئەوەش بزانە کە کەسی خەیاڵی، مەبەستم لەو خەیاڵانەیە کە بەرهەمی داهێنانیان تێدایە، هەمیشە لەگەڵ ویژدانێکی بێگەرد و ڕووناکدا دەژی. ئێستا تۆ... چونکە بێ خەیاڵیت، ویژدانت خستۆتە ناو تەنەکەیەکەوە و هەموو ڕۆژێك چەند جارێك میزی پێدادەکەیت.

نەجۆ تەکانێکی ترسناکی خواردو ڕاپەری، بە ڕقەوە لە چاوی غەزەلنووسی ڕوانی و پاشان لەسەرخۆ وتی:

- باشە، جەنابی غەزەلنووس تۆ زۆر بەم خەیاڵەوە دەنازیت، ئەی نابێت خەیاڵ بەهرەیەکی خودایی بێت و دەستی مرۆڤ لەوە کورتربێت بەئاسانی بیگاتێ، خۆ ئەگەر وابێت من و تۆ یەکسانین بەیەکدی. تۆ بەهرەی خەیاڵ و من شتێکی تر، مەرجیش نیە ویژدان تەنیا قۆرخی خەیاڵیەکان بێت، ئەگەر وایە بۆ مەهنازت بەکوشت دا؟

- سەرەتا پێم وتیت لە هەریەکێکماندا ڕەگەزی خەیاڵ هەیە، بەڵام تۆ دەیکوژیت و من پەروەردەی دەکەم. مەهنازیش لەڕقی تۆ خۆی کوشتوە نەك لەبەر خۆشەویستی من. تێگەیشتی ئەشکانی؟

کە نەجۆ لەپڕێکدا و بەو جۆرە گوێی لەناوی خۆی بوو زیاتر ڕاچڵەکی، بەڵام هیچی نەوت، پەرۆشی گوێ ڕادێران و تێگەیشتنی زیاتر بوو، غەزەلنووس کتێبەکەی

دەستی کردەوە و وتی: هەندێك جار شیعری ناو ئەم کتێبەیشم بۆ خوێندۆتەوە، دەتەوێت گوێ لە شتێك بگریت؟

نەجۆ ئەشکانی کە هێشتا لەنێو گێژەنی ڕامان و ساکاویدا گەلایەکی دەم ڕەشەبا بوو، بە غەزەلنووسی وت: ئارەزووتە، من ئەمڕۆ قوتابیەکی دەست لەسەر دەستی تۆم.

غەزەلنووس وتی: لەبیرت نەچێت شیعریش سەر بە قوتابخانەی خەیاڵە، شیعر لە سەردەمانی هەرەکۆنەوە وزەی ئەو ڕۆحانە بووە کە هەمیشە لە سووتان و زیندووبوونەوەدا بوون. ئاگاداربە ئەوەی شیعری خۆش نەوێت ژیانی خۆش ناوێت. شیعرو ڕق دووجەمسەری دژبەیەکن، هەموو زۆردارو خوێن ڕێژەکانی دنیای کۆن و تازە شیعر لەماڵی دڵیاندا نەبوەو خۆشیان نەویستوە.

نەجۆ ویستی زیاتر لەمانای ئەو سووتان و زیندوبوونەوەیە بگات. بەڵام غەزەلنووس دیوانە شیعریەکەی کردبوەوە، پێش ئەوەی دەست بەخوێندنەوەی بکات بە نەجۆی وت: ئەوە بزانە لەکاتی شیعر خوێندنەوەدا تۆ لە سەردەم و جێگایەکی تردایت، ڕەنگە بێجگە لەخۆت کەسی تر لەوێ نەبێت، ئاگاداربە، هیچ تەماشای من مەکە، بەس گوێ بگرە و لە ماناکان ورد بەرەوە. لەوانەیە دێرە شیعرێك بتکات بەمرۆڤێکی خەیاڵی.

لەنێو کەشتی لەشی تۆدا خەیاڵێك بۆتە زیندانیی<br>
شەپۆل نادات لەدامێنی نەزەر ناگاتە پێکانی<br>
تەلیسمیی باڵ فڕینە تۆ چیای ڕۆحت زەوی خارە<br>
بەڵێ مەحکوومی بەو دەردی نەزانینەی کە نایزانی

کە غەزەلنووس بێدەنگبوو، نەجۆ دوای کەمێك بیرکردنەوە و چاوەڕوانی پێی وت: باش لە شیعرەکە تێنەگەیشتم، دەتوانیت پێم بڵێیت باسی چی دەکات؟

غەزەلنووس وتی: ئەوە کاری تۆیە، دەبێت خۆت واڵی بکەیت کە تێبگەیت. وانەی خەیاڵ نە پێویستی بە مامۆستای ماتماتیکە و نە دۆزینەوەی هاوکێشە شیمیەکان،

کە خۆت لە دنیای خەیاڵدا بوویت ئیتر پرسێك بەسە بۆ ئەوەی ئاگری ناوەوەت هەڵبگیرسێت.

نەجۆ بێدەنگ بوو. غەزەلنووس پێی وت: خەیاڵ مەرگی هەموو ئەو شتانەیە کە رۆژانە دەتبەستنەوە و نیگاکانت لە نوختەیەکدا دەوەستێنن، یان گوێت لەگەڵ ئەو گوزارشتانەدا ڕادێنن کە دەریچەیەك لەسەر خۆشگوزەرانی و پلەیەك لەسەر سەرکەوتن دەکەنەوە. مرۆڤ تەنیا سروەی وشەیەك و مانایەکی کاریگەری بەسە کە ئاوەژووبێت، گرنگ ئەو کەسەیە کە هەمیشە و تامردن روو لەو سروەیە دەکات و ناتوانێت واز لە گریمانەیەك بهێنێت کە بەردەوام لەسەر دووریانی گوماندا ڕای دەگرێت و بەپێچەوانەی زانستەوە لەسەر هەقیقەتێك نایوەستێنێت. نەجۆ گوێ بگرە گەر بتەوێت بەخەیاڵ بگەیتە ئاسمان کارەکە گەلێك ئاسانە، پێش ئەوەی روو لە ئاسمان بکەیت هەر لەسەر زەویەکەی خۆت، لەماڵەکەتدا دابنیشەو بەخەیاڵ ئەوە بێنە بەرزەینت کە تۆ لەناو رووبارێکدایت، رووبارێکە سەدان و هەزاران میل درێژدەبێتەوە و هەرچیەك هەیە دەیبینیت. جۆرەها ئاژەڵی کێوی و دار و درەختی هەمەرەنگ، باڵندەکانی ناو بەفر و دڕندەی ناو جەنگەڵەکانی ناوچەی گەرم، چیای رووگرژ و دەشت و مێرگەکانی پڕ لە گوڵ و گۆرانی. تۆیش هەر لەگەڵیدایت، ئەو سەر بەناو دوورگە و کەنداو و دەریاکاندا دەکات. لەمیاندا ماسیەکی چکۆڵە بۆ تاڤگەیەك بەدیاری دەبات و، لەوێوە سروودە کێویەکان بەگوێی کەنیسەیەکی تەریك و کەشتیەکی ماندوودا دەدات. ئەو لەسەر هیچ دیمەن و دیاردەیەك ناوەستێت و تۆیش لەوە بێ باکتریت کە شەپۆلێك بتخاتە کەنارەوە یان دنیا ئەفسووناویەکەت لێ ون بکات. بەردەوام گوێت لە گۆرانییەکە پێشتر نەتبیستوە، گۆرانی زیندەوەرەکانی ناو دەریا کە کۆڕاڵێکی خەم ئەنگیز و ئاهەنگێکی کۆچەریانەن. تەواو لە لاواندنەوەی ژنێك دەچێت کە لە بیست ساڵی تەمەنی چاوەڕوانیدا بێت و کەسێك هەواڵی مێرد و منداڵە ئەنفال کراوەکانی نەزانێت. یان عاشقێك بێجگە لە ئەستێرە و خوڕەی ڕووبار چ هاودەنگێکی تری نەبێت. تۆ بۆ ئەو ساتە، نە گوێت گوێی مرۆڤی

ئاساییەو نە هەستەکانت گیرۆدەی ناو ژوورێکی داخراون. وردە وردە لەوە دەگەیت کە گۆرانیەکە بۆ هەموو کەسێکە، لە پیرەمێردێکەوە تا منداڵێک، لە ڕەشپێستێکەوە تا چاوشینێکی سپی و سۆڵ، لە لاڵێکەوە تا بیرمەند و هەستیارێک. گۆرانیەکە باسی ئەوە دەکات کە هەموو کەسێك باڵی فرینی هەیە و خۆی شکاندوویەتی، ئازادە و واز لە کۆیلایەتی ناهێنێت، چاوێکە لە جووڵەی کرمێکدا دەتوانێت شکۆمەندی هەژارێك ببینێت نەك خەونی ناپاکانەی پادشایەك. ئەو دەتوانێت پەنجە لە چرۆی دار بەلاڵوکێك بدات کە بەسەر سەختترین لووتکە چیاوە تازە پشکوتوە، ئەو کتێبانەیش بخوێنێتەوە کە هێشتا نەنووسراون. ئەی چۆن نەجۆ ئەشکانی! وەك پێم وتیت سیحری باڵ لە فریانداو سیحری مرۆڤیش لەخەیاڵیدایە. لەبیرت نەچێت تۆ هێشتا لە رووبارەکەدایت و لەپڕا دەکەویتە کەنار. کۆمەڵێك خەڵکی سەیرت لێ کۆدەبنەوە کە نە بە زمانیان ئاشنایت و نە بە نەخشەی ڕەگەز و شناسیان. ئەگەر لەڕاستیدا بیانبینیت لەوانەیە زارەترەك بیت. تۆ لەبەردەمیاندا، لەو کەنارە، لەشت داوەتە بەر تیشکی نەرم و پڕ لە درەوشانەوەی خۆر و ئارەزووت لە بیرکردنەوەیە. مەستی ئەو خەیالانەیت کە چرپەی چەندان شەپۆل، هەنسکی گیاندارە ڕەنگاڵەییەکانی ناو دەریاو، روانینە هەتەرەکانی قووڵ، زۆر قوڵ تیایاندا ناشتوویت. گەلێك بێ خەمیت، بێ دەربەستانە لەو مەخلووقانە دەڕوانیت کە بە تارماییان دەزانیت، بەلام ئەوان، هەڵتدەگرن و دەتبەن بۆ جێگایەکی سەیر، بۆ باخاتێکی سەدان گوڵ و هەزاران بۆن. لەوێ داتدەنێن و دەڕۆن، تۆ بەتەنیا دەمێنیتەوە و نازانیت چی بکەیت، تەماشای کام دیمەن بکەیت و لەکام بۆن زیاتر هەڵمژیت. دەست بە روومەتی کام درەخت و گوڵ و کام حەوز و بەردا بهێنیت! لەنێو گوڵجارێکدا کچێك دەبینیت کە بە هەموو تەمەنت جوانی وات نەدیوە، بۆ ئەوەی تەنیاییەکەت بتەرێنیت زیاتر لێی نزیك دەکەویتەوە. لەوکاتەدا دەبیتە عاشقێکی سەرشێت کە بیر لەوە ناکەیتەوە ئەمە چ بەسەرهاتێکە و لەکوێدا روودەدات. لەبەردەمیدا بەچۆکدا دێیت و لە چاوە زۆر ڕەش و هێمنەکەی ورد دەبیتەوە، ئەو بزەیەکی دێتە سەر لێوو پێت دەڵێت:

- نەجۆ ئەشکانی من هاوڕێی مەهنازم، لەناو ئەم باخ و گوڵجاڕ و دوورگە زۆرانەدا هەزاران مەهناز هەیە کە لە دەست نەجۆکان خۆیان سووتاندوە. دەتەوێت لەم راستیە بگەیت؟

غەزەلنووس وازی لە قسەکردن هێنا، نەجۆیش ئەوەندە کڕو بێدەنگبوو دەتوت کەرەسە بێ گیانەکانی ناو ژوورەکە یەکێکی تریان زیاد کردوە. تەنانەت سەیری غەزەلنووسیشی نەکرد و ئەویش گوێی پێ نەدا.

غەزەلنووس هەستا و بێ ئەوەی هیچ بڵێت لە ژوورەکەی چوە دەرێ، نەجۆ بەتەنیا مایەوە، دوای ئەوەی زیاتر سەیری ناو ژوورەکەی کرد و هیچ شتێکی تازە سەرنجی ڕانەکێشا، هەستا و هاتە دەرێ، سواری ماشینەکەی بوەوە و زۆر لەسەرخۆ کەوتە ئاژووتن، بەرەو ئەو چیایەی کە لە باکووری شاردایەو لەودیویەوە بەسەر دەشتێکدا دەڕوانێت کە تا چاو بڕبکات باخ و بێستان و کانی و سەوزەزارە. لە شوێنێکی

دوور لە سەرەڕێگاو تەریکدا، لەبن دارهەرمێیەکدا کە گوڵە سپیەکانی لەبەرگی زارا دەچوو لایدا. بە پارێزەوە دانیشت، دەیزانی ئەگەر بەر قەدی دارەکە یان چڵێکی بکەوێت گوڵە ناسك و سپیەکان دەکەونە خوارێ و ئەم هەست بە بێزاری دەکات. ئەوەیش بۆ ئەوکاتەی ئەو مایەی دڕواری و سەرئێشەیەکی تازە بوو. بۆیە بەهێوری لەسەر پشت پاڵ کەوت و چاوی بڕیە گوڵە وردەکان، پاشان باڵندەیەکی سپی و تەنیای بینی کە لە شوێنێکی زۆر دوور لە ئاسماندا رێك وەستا بوو، لێی ڕاما و خەیاڵ بردی، خەیاڵێك لەوەدابوو لە چرکەساتێکدا سووسەی گەردوون بکات و، لەنێو هەسارە و تونیلە ڕەشەکاندا جێگایەك نەمێنێت نەیپشکنێت. کەچی لەپڕێکدا دەنگێك لە خەیاڵی کرد، دەنگێك ئەوەندەی دۆخەکەی لێ شێواند، هێندەیش سەرسامی کرد. غەزەلنووس بە خۆی و کتێبەکەیەوە لەپاڵیا دانیشت. پەڕەیەك کاغەزی بۆ ڕاگرت کە واژووی خۆی لەسەر بکات. نەجۆیش بێ سێ و دوو، هەر لەبەرئەوەی تەنیاییەکەی لێ نەشێوێت، بێ ئەوەی بزانێت مەسەلە چیە واژووی کرد و پەڕەکەی دایەوە دەستی. پاڵکەوتەوە و چاوی لە باڵندە سپیەکە بڕیەوە.

غەزەلنووس بێ دەنگ و مات بوو، هیچ پرسیارێکی تازەی لە نەجۆ نەکرد، هەستا و هەر بە کتێبەکەیەوە بەرە و شار سەرەو خوار بووەوە. هێشتا چەند هەنگاوێکی نەنابوو نەجۆ هاواری لێ کرد و پێی وت:

- جەنابی غەزەلنووس تۆ وا هەست ناکەیت مرۆڤێکی خۆپەرست بیت؟ تۆ بێجگە لەخۆت کەسی تر لەم شارەدا بە شایەنی ئەوە نازانیت خاوەنی خەیاڵ بێت. بەڵام من کۆنە پێشمەرگەم و پێشمەرگایەتیش بۆ ئەوسای من لە خەیاڵەکانی ئێستای تۆ ناوازەتر بوون، دەزانیت؟

غەزەلنووس ئاوڕی لێ دایەوە، وەستا و هەر بەهەمان تۆنی دەنگی ئەوەوە وتی:

- نەجۆ ئەشکانی ئەو کەسەی لە جەوهەری خەیاڵ بگات خەونی زۆر ناوازە دەبینێت، توانای بنیات نانی دنیایەکی نموونەیی هەیە و هەوڵی بۆ دەدات، خەیاڵ پاکبوونەوەیە لە ژەنگ و خەوشەکانی ژیان، من بەگومانم تۆ و گەلێك لە هاورێکانی ئەوسات بێجگە لە خەیاڵ کوژ هیچی تر بووبێتن. ئەو کەسەی عاشقی خەیاڵ بێت نە چڕنووکی پشیلەی دەبێت و نە فێڵی شەیتان.

- ....

لەبیرتە مەهناز دەیوت: نەجۆ تۆ بەرگی خواردن و پارەو سیاسەتی ڕۆژانەی چەوتت لەبەر دابکەنن بەڕووتی دەمێنیتەوە. تۆ ئەگەر حیزب و لێپرسراوانی هاورێت نەبن دەبوو لەو شاخ و کێوە شوان بویتایە.

نەجۆ کپ بوو، کپ بوونی ڕەشەبا لە شەوێکی زریاندا، پاشان ڕاچەنی و لە چرکە ساتێکدا بەو وێنانەدا چووەوە کە لە چیا خەونی پێوە دەبینی و، بەراوردێکی زۆر خێرای بە خەونەکانی ئێستای خۆی و هاورێکانیەوە کرد، شەرمێك دای گرت و ئارەقە کەوتە ناوچاوی. تەنەکە میزەکەی بیر کەوتەوە کە غەزەلنووس بۆی وێنا کردبوو، هیچ بەدوای پاساوێکیشدا نەگەڕا خۆی پێ تەفرە بدات، سەرەڕای ئەمەیش غەزەلنووس وازی لێ نەهێنا و پێی وت:

- لەبیرت نەچێت من خانووەکەی ماڵی سەیفەدینم کڕیوە، دەزانیت؟ سەیفەدین

مارۆی باوکی مەهناز، خۆ باشی دەناسیت.

نەجۆ دوای کەمێك بێدەنگی وتی:

- بەڵام ئەو خانوە بۆ من یادگارە، ناتوانم یادگارەکانم بفرۆشم.

- دەزانم، تازە تۆ واژووت لەسەر گرێ بەستەکە کردوە، منیش چیتان بوێت دەتاندەمێ.

- گرێبەستی چی؟

- ئەوەی دامە دەستت گرێبەستی فرۆشتنی خانوەکەی سەیفەدینە.

- من ئەوە نازانم، تۆ ئاسایی وەك چۆن وانەی خۆسووتاندن بەخەڵکی دەڵێیت دەیشتوانیت من لەخشتەبەریت.

- نا، تۆ هەردەبێت بیفرۆشی چونکە ئەو ماڵە جێگای هەموو ئەو گیانە دانسقانەیە کە وەك مەهناز وان، ئەوانەی ژیان دەیانکوژێت و خەیاڵ نەمریان دەکات. هەرمنیش دەتوانم لەگەڵ ئەو گیانانەدا بژیم نەك تۆ.

- نا، مامۆستای خەیاڵ، مەهناز خۆشەویستی من بوە و هاوسەری ئایندەم. هەموو یادگاری نێوان من و ئەو کچە لەو خانوەدا بوە، تۆ بۆ دەتەوێت داگیری بکەیت؟

- من تازە کڕیومە و هەموو شتێکم لەگەڵ باوك و دایکی مەهنازدا بڕیوەتەوە. پاشان مەهناز تۆی خۆش نەویستوە.

نەجۆ چاوی لە غەزەلنووس بڕی و رۆحە شەڕانیەکەی لەپرێکدا بزوت. لەبەر خۆیەوە وتی: ئاوا... زۆر چاکە!

غەزەلنووس پشتی تێکردو دوورکەوتەوە. نەجۆ هەستاو بەپەلە دەرگای ماشینەکەی کردەوە. لە داشبوڵەکەدا دەمانچەیەکی ژەنگاوی دەرهێنا کە هی سەردەمی پێشمەرگایەتیەکەی بوو، وەك جاران کە چەند کەسێکی نەیاری حیزبەکەی پێ کوشتبوو خێرا هێنایە سەرپێ و راست بەرەو ئەو شوێنە رای گرت کە غەزەلنووس هەر بەئەندازەی خەیاڵێکی باریك یان شەبەنگێکی مابوەوە. فیشەکێکی ئاراستە کرد و بەپەلەیش سواری ماشینەکەی بوەوە، کە گەیشتە ئاستی جێگاکە هیچی

نەبینی، تەنانەت شوێنەواری خوێن یان کەوتنیش دیارنەبوو. بەڵام لەخۆڕا و هەر لەو چرکەساتەدا چەند باڵندەیەك بەسەر ئاسمانی شوێنەکەوە لە سەرکەوتن و داهاتنەوەدا بوون، وەك چاوەڕێی ئەوە بن ئەم بڕوات و ئەوان بنیشنەوە. نەجۆ جارێکی دی هەمان ئەو هەستە سەیرەی تێگەڕا کە لە شوێنی خۆ سووتاندنەکەی مەهنازدا ئەوکی گرت. بەڵام زۆر لێکی نەدایەوە چونکە لەوە بەپەلەتر بوو کە خۆی لەوێدا گیربدات، دیسانەوە ئوتومبیلەکەی ئاژووت بۆ ئەوەی زوو بگاتە ماڵی سەیفەدین و لە ڕووداوەکەیان ئاگادار بکاتەوە. بەڵام کە گەیشتە بەردەم خانوەکە و بەهەموو شوێنێکیدا هەڵیڕوانی لەوە بێ تواناتر بوو نە بیر بکاتەوە نە هیچ بڵێت. چونکە بۆن و بەرامەیەکی وای بەسەردا هات هەر ئەوەنە بوو لەپەل و پۆ بکەوێت، نەخشەی خانوەکە بەجۆرێك گۆڕابوو دەتوت دەستێکی غەیبی کاری تیاکردوە، لە بناغەوە نوغرۆ بوە و پاشان شتێکی تر دروست کراوەتەوە. ئەو هەر بەڕاستیی خانوەکەی نەناسیەوە، چونکە دەر و دیوار و دەرگا و ناو ژوور و داڵانەکان پڕببوون لەو گوڵانەی بەرە و هەموو لایەك کشابوون، سەربان و دیوارەکان نوقمی ئەو باڵدارانە ببوون کە تا ئەوساتە نەیدیبوون، دەنگی گۆرانیەکیش دەهات کە بێجگە لەوەی بەگوێچکەی ڕانەهاتبوو هیچیشی لێ تێنەدەگەیشت.

نەجۆ جارێکی دی بە سواری ماشینەکەی کەوتەوە گەڕان بەدەوری شاردا و پاشان بەرەو هەمان شوێن بوەوە کە تەقەکەی لە غەزەلنووس کردبوو، وەك تاوانبارێك بەدوای ئاسەواری تاوانەکەیەوە بێت دەیویست سووسەی تر بکات. ئاڵۆزیی بیرکردنەوەکانی هەندێك جار زۆر خێرا و جاری تریش بەرەو ئاژوتنی هێوری دەکرد. بەڵام نەگەیشتە ئەو ڕاستیەی کە ئەوە بزانێت ئایا ئەم پێی خۆشە غەزەلنووس کوژرابێت یان نا، ئایا ئەم دەتوانێت جارێکی تر لەبەردەمی غەزەلنووسدا دابنیشێت و گوێ لە وانەکانی خەیاڵ بگرێت؟ یان دنیای غەزەلنووس لەوە نامۆترە کە کەسانی وەك ئەم پێی ڕابێن و هەمیشە وەك شەماڵ بژین نەك وەك قوری ڕەش؟ کە گەیشتە جێگای ونبوونەکەی غەزەلنووس دیمەنێکی سەیری

بینیەوە، ڕەنگی شوێنەکە گۆڕابوو، باڵندەیەکی زۆری رەنگاو رەنگ کۆببونەوە و بۆن و بەرامەیەکی ئەمەندە خۆشیش ئەو ناوەی تەنیبووەوە نەجۆی سەراسیمە کرد، دانیشت و تەماشای ئەو گوڵە هەمەجۆر و هەمەرەنگانەی کرد کە تەواوی ئەو ناوەیان داپۆشیبوو. پڕ بەسیەکانی هەوا خۆشەکەی هەڵمژی و چاوی لە دیمەنە دڵگیرەکە کەلا نەخست. بیری لە غەزەلنووس و قسەکانی کردەوە، لەوە ترسا جارێکی تر نەیبینێتەوە. ئەوەیشی بیرکەوتەوە کە غەزەلنووس پێی وت تۆ دەبێت خۆت خەیاڵەکانت گەورە بکەیت و نەهێڵیت بمرێت، ئەمە پێویستی بە مامۆستا نیەو رەنگە دێرە شیعرێك، گوڵێك، کیژۆڵەیەك، بۆنێك، یان تاقە ڕێکەوتێك لە مرۆڤێکی ئاساییەوە بتکەن بە مرۆڤێکی خەیاڵی.

نەجۆ زۆر بیری کردەوە و هەستی بەرانبەر بە شتەکان ڕاگرت، حەزیشی بەوە بوو هەر لەوێدا بمێنێتەوە و تەماشای دیمەنەکەی دەورووبەری و ئاوابوونی خۆر بکات. بەلام لەناکاوێکدا، وەك بڕیارێکی خێرای دابێت، لە جێگاکەی هەستاو خۆی راست کردەوە، سواری ماشینەکەی بوەوەو بەرەو ماڵە تەنیاکەی گەڕایەوە، تەواو وەك شەوی پێشتر، بەپەلە خۆی گۆڕی و بەرانبەر بە ئاوێنەکە دانیشتەوە، بۆئەوەی تا بەرەبەیان لەناو وەسوەسە و لێکدانەوە سەیرەکانیدا، جارێکی تر چیرۆکی خۆی و غەزەلنووس و مەهناز بۆ کەسی ناو ئاوێنەکە بگێڕێتەوە و دان بەهەموو گوناهەکانی ڕابووردووی خۆیشیدا بنێت.

نیسانی ٢٠٠٨

١-غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ ڕۆمانێکی بەختیار عەلیە.

٢-ڕستەی ناوکەوانەکان لەدەقی ڕۆمانەکەوەیە.

## من، ئەو، ئێوە

ئەو شەوەی بۆنی لەشکری دۆڕاومان گرتبوو، دەڕۆیشتین‌و ڕێگا کۆتایی نەدەهات. هەر لە سەفەرێکی ئەفسووناوی دەچوو کە پێشتر هەموو شتەکان ڕەنگ ڕێژ کرابن‌و تۆی بێ ئاگا بە پاڵ و تەکانی خەڵك بەڕێوە بڕۆیت. بەردەوام بیری مەرگیش بێدەنگی کردبووین. مەرگێك خۆی لە تاشەبەردو درەختە زەلام‌و ڕەشەکانەوە ئالاندبێت‌و هەوای بستۆکەیەکی حەسانەوەمان نەدات. مەترسی گەورە لەوەدا بوو کە کەسمان نەیدەزانی پێشڕەوی کاروانەکەمان کێیە یان لە کوێوە هاتووە! کەچی وەك سێبەری خۆمان پێمانەوە نووسابوو. جار جارە فڕکەیەکی بەلاماندا دەکرد یان بە دەنگە گڕو قەبەکەی بۆڵەبۆڵێکی لێوە دەهات کە هیچی لێ تێنەدەگەیشتین. لەو ساتانەدا نە گۆرانی شەوانی تاریکمان لەیاد دەما نە هەواڵی ئەو باڵندانەی عاشقی خۆربوون، نە ئەو ڕووبارانەی لە نیوەی ڕێدا سەری شەکەتی شەپۆلەکانیان لە سەر دوورگەیەك دادەنا، نە ئەو منداڵانەی دوا سروودی ئەو ڕۆژەی قوتابخانەکەیان دەوتەوەو پاشان بە فیکە لێدان‌و پاڵەپەستۆ دەرگای چوونە دەرەوەیان لە گریژەنە دەبرد.

لە کاروانەکەدا من لە هەموویان منداڵتر بووم‌و بەردەوام نینۆکی پەنجەیەکم لە ژێر دانمدا دەکرۆشت، لە کاتی ئاساییدا بەوەم زانیبوو کە ئەمە کارێکی باش نیە، بەڵام بۆ ئەو شوێنە لە ئەرکێکی ناچاریی دەکرد، بەدەم هەر هەنگاوێکەوە کە مەودایان لە گەلۆری ئەوسای خۆم‌و لێکدانەوەی ئەوانی دی زیاتر بوو، دەموت: خودایا بە سادەیی خۆمم لەگەڵدا بکە، من ئەم ڕێگایەم بۆخۆم هەڵنەبژاردوە، لەو ئاوانە پاکترم کە بەم نیوەی شەوە دەنگی خورەو ڕژاندنیان دەبیستم، خودایا لێم ببورە، من لەوە گەمژەترم لە فێڵ‌و نەیرەنگی نەگریسەکان تێ بگەم، هەر بە سادەیی خۆیشم بمهێڵەوە و چیم بەسەردێت قایلم، خودایا! خودایا!

هەندێك جاریش کە ساتمەیەك ڕەتی پێ دەبردم، وام هەست دەکرد من لە خەونی دوای سەرخۆشیدام، تەمەنی خەونەکە جگە لە چرکەساتێکی وڕێنەو هەڵبزرکاندن هیچی ترنیە. بەڵام دەشێت ڕووداوی ناو خەونەکە بەشی دەیان ساڵ بکات. لەوانەیە کۆتایی ئەم سەفەرە هەر بە گیزە گیزی مێشولەو قیڕە قیڕی بۆق‌و قاغ قاغی قەلەرەشکەیەك کۆتایی بێت، لەوانەیشە تەقینەوەی چیایەك بێت کە کەپسولی مینەکانی لە نێو پەنجەی تاریکیەکەدا یاری بکات. بەهەرحاڵ لەم جۆرە سەفەری هات‌و نەهاتەدا وا باشە چاوی خۆت کوێر بکەیت‌و دەست بەسەر ڕەنگی هەڵەکانتا نەهێنیت. خۆت لەبیر بکەیت‌و لێکدانەوەت وەك ئارەقەی نێو چەوانت بڕێژیتە سەر زەوی. دەشزانم قەدەری من هەر ڕۆیشتنە لەگەڵ کەسانێکدا بە خەیاڵیش ناویان بەر لاپەڕەیەکی ڕۆژژمێری یادەوەریەکانم نەکەوتون‌و لەوانەیە تاکۆتایی هەروا بمێنێتەوە، یان بە تەواویی لەناو کاولەیەکدا خۆی ببینێتەوە کە بێجگە لە نەزیفی مەرگێکی بەردەوام هیچی تر بە دارو پەردوویەوە نەلکابێت.

ئێستا دوای دەیان ساڵ کە دیمەنی ئەو شەوە دەهێنمەوە یاد، بۆ چرکە ساتێك لە کات‌و شوێن دادەبڕێم، لە بۆشاییەکدا دەوەستم هەستی (بوون)م لاسەنگەو تارادەیەك سڕاوەتەوە، مەترسی ئەو دۆخە لەوەدا نیە کە ناتوانیت هیچ بکەیت چونکە کردەوەکەیشت بە ئەندازەی سەنگی خۆتە، بەڵکوو لەو چەپۆکان‌و خۆڕەتاندنەدایە

کە مەلەنەزانێك لە نێو گەرداوی دەریایەکی سامناکدا دەیکاتو تا دوا چاولێکنان بەتەمای فریاد ڕەسێکە، ئەمەش نەهامەتی بوونی مرۆڤە لە دروست بوونیەوە تا ئێستا. سەیر ئەوەیە ڕێکەوت بتخاتە ناو ئەفسوونی کاروانێکەوە کە کەسی لێ نەناسیتو نەزانیت پێش قەرەوڵت کێیە! سەری لە کوێوە دەست پێ دەکاتو لەکوێدا کۆتایی دێت! ئایا ئەمە بۆ دۆزینەوەی شتێکە کە کەس پەی بە نهێنیەکانی نەبردوە یان هەر لە پێناوی ڕۆیشتنی رووتو کلی تاریکی لە چاوکردنە!

لە یەکەم ڕوو بەڕووبوونەوەی ئەو نەناسەدا کە هەنگاوی چوستو کۆکینی پیرانەی دەکرد تەزویەك بە لەشما گەڕا، تەزووی پڕ لەچێژی نەناسین، بەڵام لێوان لێو لە ئارەزووی تێگەیشتن لێی. لەنێوان ئەو دوو هەستەدا پەنای ترم نەبوو، یان با بڵێم هەڵکەوتی ڕێگاوبانو پێکهاتە سەیرەکەی ئەو شەوەی ئێمە هەر دەبوو هەستێکی وام تیا دروست بکات . بۆیە بێ پاکانەکردن بۆ گەمژایەتی خۆم زانیم تەنیا (ئەوە) شارەزای هەموو ئەو کەندو لەندو چۆمو چوغر دەبێتو شەیتانی هەڵە پەی بە هەنگاوێکی نەبات، ئەگینا ئێمە، بەتایبەتی من کوڕی چاتێکردنێك نیم ئەگەر پیاڵەیەك نەشکێنمو بەزەییم بە زرنگانەوەکەیدا نەیەت، کەچی ئەو لەوە بێدەربەست تر بوو خەم لە کۆترێکی باڵشکاو و ئاسکێکی بریندار بخوات.

کە پرسیاری زۆر سەری کردیت بە هێلانە و بوارێکیش نەبوو بۆ کەم کردنەوەو ڕێگایەك بۆ دەرچونیان، ئیتر تۆ لە ناو خۆتدا تووشی داخۆران دەبیت. من لەوێدا بووم بەو مێروەی لە دۆخی متبوون یان کەسیرەکەوتندایە. ئیدی دەنگەکان لە گوێمدا بوون بە کرەکری مشارێك لە کاتی بڕینەوەی پارچە ئاسنێکی ژەنگ گرتوودا. کە ویستیشم بدوێم شیلەیەکی لینج بەلای لێومدا داچۆڕایە خوارێ، لە چەناگەمەوە بەرەو سنگو بەرۆکم هات. پاشان تنۆك تنۆك ڕژایە بەرپێمو بێگومان بووم شوێنەکەی ڕەش دادەگێڕێت. (ئەو) لە ئاوردانەوەیەکدا کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕووناکایی هەورە بروسکەیەکی کتوپڕدا پێی ووتم: ها، تۆ لەم سەفەرە سەختو درێژەدا لە گریگۆری سامسا دەچیت؟ دەڵێی چی؟ پرسیارەکەم لاسەیر نەبوو. چونکە

دەمزانی سامسایش هەر پرسیاری زۆر کردی بەو گیاندارەی بێزی لێ بکەیتەوە. کە ویستم وەڵامی بدەمەوە نوزەم لێوە نەهات، تەواو وەك یەکێك زمانی گرتبێتم وابووم. بەڵام دەمتوانی لە نزیکەوە بە چاو پێی بڵێم تۆ کێیتو چۆن گریگۆری سامسا دەناسیت، نەك تەنها ئەوە، بەڵکوو هەر بە چاو دەمتوانی وەڵامی چ پرسیارێکی لەوە قورستر بدەمەوە، کەچی بێدەنگیەکەی لا پەسەندتر بوو، ئەگەرچی خۆیشم هۆکاری بێدەنگیەکەمم نەدەزانی، ئایا پرسیارەکە لەوە سادەو بێ بەهاترە لێی بێیتە دەنگ؟ یان هێزێك بزمارێکی وای بە زمانما داکوتیوە کە نەتوانم وەڵامێکی زۆر ساناو ئاسان بدەمەوە؟ (ئەو) پێی وتمەوە: گریگۆری پێش ئەوەی ببیتە قاڵۆنچەیەکی هێند گەورە کە نەتوانیت خۆت بجوڵێنیت، من دەتنێژم و ڕزگارت دەکەم. گوێم پێ نەدا، دەمزانی دەشێت ئەمە ڕاستیەك بێت و تەنیا ئەو بیزانێت، بۆ ئەوەیش کە هەموو ئەوانیدی، بەتایبەتی ئەو کەسانەی گوێیان لێ نەبوو یان تێی نەگەیشتون زیاتر خۆیان لە مەسەلەکە هەڵنەقورتێنن من هەر بێدەنگیم هەڵبژارد. لە ڕاستیدا لایشم گرنگ نەبوو دەستبەرداری دنیایەك ببم کە بەدرێژایی تەمەنم بە ئەندازەی هەناسەی عاشقێکی دۆڕاو خۆشیی داومەتێ. بەتایبەتی لەم بارەی ئێستامدا کە هەر لە ئاژەڵێکیماڵی دەچمو توانای ئەوەم نیە ببم بەو خاکو خۆڵەی گشت گەردو ڕەگەزەکانی ژیانی لێدەچۆڕێو دەتوانێت بە بۆنو بەرامەکەی دنیایەك بکاتە گوڵو شەبەنگ. هەرچۆنێك بێت لەوە بەدگومان نەبووم نائومێدی سەربکێشێتە نێو ئەو هەڵانەوە کە کردوومنو خۆم بە سەرکێشیم زانیون. چونکە من هێشتا بە چاکی نەمدەزانی نە ڕاستیی چیە و نە هەڵە کامەیە! جیاکردنەوەی ئەو دوانە ئەوەندە ئاسان نیە کە هەندێك گەوج باسی لێوە دەکاتو زۆر نابات لێی پەشیمانە.

لەو ساتەدا کە لەو بیرە ئاڵۆزانەوە هەنگاوم دەناو زمانی دەربڕینم لاڵ ببوو، دەیان بەسەرهاتو ڕووداوی سەیر بەرکی ساتەوەختەکانیان لێ گرتم، بەتایبەتی لەسەر ئەوانەیان زۆر وەستام کە بارودۆخەکە لەبار بوو بۆ بەرجەستەکردنیان: ئەفسانەی شەڕی ئاگرینی خوداکانی یۆنان، ئەنکیدۆو پەیڤە قوڵەکانی نەمری،

ئیناس‌و دەرگا عاجیەکان، پاژنە سیحراویەکەی ئاخیل، حیکایەتە ئیرۆسیەکانی ئامەی خاڵەی نەنکم، گەورەیی ئەو سوار چاکەیش کە وەهمی ئازایەتی‌و بەخشندەیی، دڵسۆزی‌و دادپەروەری تووڕەی کردو سەدان شمشێری دارینی پێ وەشاند، ئەو کەسەی هەندێك بە شێتی دەزانن‌و کەسانی دی بە یاخیەکی سەرسەخت، ئەویش خۆی بە فریادڕەسی هەژارو داماوەکان داناوەو ناوی بە نەمری ماوەتەوە، چونکە ئەوە چەندە خەونی خۆشی کەسێکە کە بەچاکی خۆی ناناسێت، هەوڵێکیشە بۆ ڕاست کردنەوەی چەوتیەکان‌و سڵ نەکردنەوە لە بەدیهێنانی خەونی مرۆڤ کە هەندێك جار دەگاتە سنوری مەحاڵ. خۆ ئەگەر وایش بێت هێشتا ئەو دۆنکیخۆتە زۆر لەوانە مەزنترە کە ناتوانن هەنگاوێك بە ڕێگای سەختا بنێن بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی لەوانەی ئەو ئاسانتر. (ئەو) وەك ئاگای لە ختورەکانی ناوەوەی من بێت هاواری لێ کردمەوە: گریگۆری دەتنێژین تا نەمربیت!

ئەمجارەیان زمانی ڕوانینم لەوە بەئاگاو هەستیارتر بوو کە بەتەنها نیگایەك وەڵامی نەدەمەوەو پێی نەڵێم: گەلحۆ تۆ بە پێچەوانەی خەڵکی ترەوە دەتەوێت نەمرم بکەیت! زیندەبەچاڵکردنی کەسێك چ بەهرەو مەزنیەك دەداتە تۆو کامە نەمری بە من! نازانم چەند لە مەبەستەکەم گەیشت، بەڵام گریەیەك کەوتە ناوچاوانی کە لە خەمی پادشایەکی ئاڵا شکاوی ناو شەڕگایەك دەچوو. پاش کەمێك وتی: تۆ دەبیتە قوربانی‌و هەموو قوربانیەکیش نەمرە. هەر بە چاو پێم وت:

من لەم چرکەساتەدا لەوە بێدەنگترم کە سەر بۆ هەموو فەرمانێك دانەنەوێنم. (ئەو) چاوی تەواو کرانەوە، زانیم زۆر لە زمانی بێدەنگیەکەم تێگەیشتوە. بەڵام ئاخۆ ئەویش وەك من لەبەردەم چەقۆی فەرمانێکدایە کە هەر دەبێت بیوەشێنێت، یان گومانێکی هەیە!!

کە بەرە بەرەو لەژێر هەڵهاتنی مانگدا هەمووان لەسەر خەرەندە قووڵ‌و ترسناکەکە کۆبووینەوە. (ئەو) ئاماژەی بۆ گۆڕێکی پان‌و درێژ کردو پێی وتم، ئەو گۆڕە بە تایبەتی بۆ تۆ هەڵکەنراوە. ڕاستی کرد، گۆڕێکی تازە دروست کراوبوو کە هێشتا

خۆڵو خاکەکەی ئەمبەر ئەوبەری بە تەواوی وشك نەبووبوەوە. من بێ دەربەستانەو تەنیا بەچاو تێمگەیاند کە ئایا دەتوانم پێش ناشتنم دوا جگەرەی سەر ئەم زەویە بکێشم؟ وتی: ئەوانەی وەك تۆ وان لەوە پەلەتریانە کە لە کێشانی جگەرەیەکدا کاتیان بە فیڕۆ بدەن، بەڵام من هەرجگەرەیەکم داگیرساند، وەك پێکی سەرخۆشی هەڵدەم چاوم لەناوچاوی بڕی، ڕێك وەك ئەو کچ و کوڕە عاشقەی کە پێش دەم خستنە ناودەم چاویان دەبێتە ئاوێنەی یەکتری. زۆر بەتاسەوە دووکەڵی جگەرەکەم هەڵمژیو پاشان بەرەو لای ئەوم ڕادا. ئینجا بە پلیکانەی ناو گۆڕەکەدا چوومە خوارێ، هەر لەسەر شێوەی گۆڕی ڕۆمانی کۆن دروست کرابوو، بە هەمان ڕەونەقو ساختمانی بەهێزیەوە. لە دواپلەیدا تارماییەك وەك بروسکە هاتو نە ئەستێرەو نە تریفەی مانگەکە ئاسەواریان ما، دۆخێکی تەواو جیاواز لەوەی کە پێی ڕاهاتبووم، کەچی لەو تەنیاییو دنیا هێورەدا نە ترسی بەسەرهاتی کتوپڕم هەبوو نە خەونەکانم شلوێ بوون. نە تووشی هەراسی نائومێدی تەنیایی بومو نە هەستی دنیایەکی نامۆ، بەڵکو سەبر سەبر خۆم لەناو گەلەریەکی هونەریدا دۆزیەوە کە تیشکی ڕەنگەکان کردبوویانە چراخان. لە سووچێکیدا پەیکەرێکی بەردین دانرابوو، هەر لە سەربازی ناو سوپایەکی شکست خواردووی یونانی دەکرد کە تازە لە شەڕەکانی خۆرهەڵات گەڕابێتەوەو بێجگە لە قەڵغانێکی ڕووت هیچ چەکێکی تری پێ نەمابێت، تەنانەت خوودەکەی سەریشی ئەوەندە بە نارێکی لەسەر نابوو دەتوت بەر چەپۆکی سزادانی ئەفسەرەکەی کەوتوە. لە ناوەڕاستی گەلەریەکەدا درەختێکی بێ گەڵا بە بەرزی ١٦٥سم کە بە ئەندازەی باڵای خۆمە دانرابوو، دارەکە چ لەو بۆشاییانەدا کە هونەرمەندەکە بە مەبەستەوە تیایدا کردبوو، یان لەو قڵیشانەدا کە بە مادەی تر پڕ کرابوونەوە، دەتزانی ئەمە کاری هونەرمەندێکی بەتواناو بەهرەیەو بێجگە لە خەیاڵی ڕەنگ بیری ناوازەیشیان تێدایە. من لەوکاتەدا پڕ بەدڵ حەزم لە شیعرێکی ڕۆمانسی کرد کە بەسەر یەکێك لە تابلۆی سەردیوارەکانەوە هەڵواسرابێت. شیعرێك بمگێڕێتەوە بۆ سەر زەوی، بۆ لای هاوڕێ هەژارەکانی منداڵیم، بۆلای تاقە خوشکە لاڵەکەم کە تەنیا وشەی (کاکە) بە ڕەوانی

دەڵێت. بۆ ناو ئەو ژیانەی تەنیا چەند هەناسەیەك بە خۆشیەکانی تەفرەم خواردووەو ئەوی تری لە دەرگایەکی شەقوشڕ دەچێت بە دیواری ڕوخاوی کەلاوەیەکەوە. لە دالانی باریکی ئەوبەر گەلەریەکەوە کە دەچووەوە سەر ڕووناکیەکی تر، گوێم لە ژاوە ژاو بوو. تەزووی دەمارێکی کۆنی خۆمم تێ گەڕا، چونکە لە دەنگ‌و ئاهەنگی ئەو قەرەجانە دەچوو کە لە وەرزی بەهاردا و لەوبەر چەمە وشکەکەی پشتماڵمانەوە خەیوەتیان هەڵدەدا. کە دەگەیشتن دەکەوتنە گۆرانی‌و ژن‌و پیاویان پێکەوە هەڵدەپەڕین. ئێمەی منداڵیش دەستمان بۆ چەقۆو سووزن‌و شیش‌و قەفەزی کەوەکانیان دەبردو ئینجا ئێمە تۆپی هەوری‌و دایکمان بنێشت‌و تیرۆکیان لێ دەکڕین.

کە سەرم بۆ لای دالانەکە کێشا بۆ ئەوەی لە هەراوزەناکە بگەم، هیچی وام نەبینی. وەك دەشتی دوای بارانێکی زۆر هێورو ڕووناکبوو، بەلام (ئەو) بە تەنیا بەرامبەری لێ گرتبووم، ئەمجارەیان لە کەسێکی تۆڵەسێن نەدەچوو، بەڵکو پیاوێکی بە ویقار کە لە چاوەڕوانیی موژدەیەکی خۆشدابێت، ئیتر موژدەکە ئەو بیدات یان تۆ پێی بگەیەنیت. بەلام ئەمجارە- کە ڕەنگە ئەو بەخەیاڵیدا نەهاتبێت‌و یان هەر بیری لێ نەکردبێتەوە- بێ سێ‌ودوو لێکردن زمانم لێ دەرکێشاو پێم وت:

-تۆ لە کەسێکی ئەفسانەیی دەچیت، لەماوەی ئەو چەند سەعاتەدا کە ڕەنگە لەجێگای تردا سالانێکی خایاندبێت، لە پەنای نەناسین‌و ئامادەبوونتا لە ماسیەکی ژارخواردوو دەکەم! وتی: من دەمێکە بەدواتەوەم یان بابڵێم هەر لەگەڵتام. وتم گۆڕەکە یەك دەرگاو یەك نەردەوانی هەبوو، تۆ لەکوێوە گەیشتیتە ئێرە؟ وتی: دەرگاکان چاو خەڵەتێنن، دەشێت بەبێ پەیژەیش بچیتە سەربان، وەك دەشێت تۆ بە بێدەنگی نەمربیت‌و من بەزۆر وتن‌و کارکردن. لێی تێگەیشتم، بەلام ویستم بزانم بەڕاستی ئەویش هەر ئەوەی منی مەبەست بوە، بۆیە پێم وت: تێت ناگەم! وتی: مەرج نیە ئەوەی تێی نەگەیت یان لات مەحاڵ بێت نەتوانیت وێنای بکەیت. وتم: ئاشکراتر. وتی: مەبەستم ئەوەیە من تۆ بەوە نەمر دەکەم کە دەتکەم بە قالۆنچە. تۆیش وەك ئەو شۆڕە سوارە وێنای من بکە کە لەگەڵ ئاشەهەواییەکاندا بەشەڕ

دەهات، شمشێری لە شوانو گاوانو پادشاو کاروانچی هەڵدەکێشا، سەر ڕێگای دەگرتو خۆی بە فریادڕەسی هەژاران دەزانیو هیچیشی بۆنەکرا. وتم: چۆن هیچی بۆ نەکرا؟ ئەوە نیە تۆ دوای سەدان ساڵ باسی دەکەیت؟ وتی: ئەمەیش ڕاستیە. بێدەنگبووم، ئەو وتی: لە ڕاستیا ئەمەی تۆ ناشتن نیە وەك لە پێشدا باسمان کرد، بەڵکو هەوارێکی ئارامە بۆ گونجانی هەردووکمان، وتم: کەواتە کۆتایی دنیا نیە، وتی: جا بۆ هەرگیز کۆتایی دێت؟ وتم: ئەی مەسەلەی نەمریەکە؟ وتی منو تۆ توانای خەونو وێناکردنی یەکمان هەیە. ڕەنگە تۆ حەزت بەوەبێت ببیتە دۆنکیخۆتە، منیش بە گریگۆری سامسا، یان بە پێچەوانەوە، بۆیە بەجووتەو بێ ئەوەی بەیەکتر بزانین لە جێگایەکی راساوو ئارام دەگەڕێین. تا دەنگی کەسمان نەگاتیو خەیاڵمان شلوێ نەبێت.

پێکەوە بێدەنگبووینو ڕاماین، ڕامانی پەنجەرەیەك لە بنمیچی ژوورێك، کتێبخانەیەك لە گوڵی قاڵیەکی داخراو، یان ڕامانی نووسەرێك بۆ دروستکردنی کاراکتەرێك کە خۆی ئیرەیی پێ بەرێت.

کە بە تەنیا لە گەلەریەکە هاتمە دەرەوە دنیایەکی تازەم بینی. ڕووبارێك تا چاو بڕ بکات پانو لەبەر تیشکی خۆردا شەپۆلی دەدا. لەمبەرو ئەوبەریدا سەوزەزارو دارستانو درەختەکانی هەمەجۆر بوون. دەنگی شەپۆلانی ڕووبار، سروە هێمنەکەی با، ئەو پۆلە نەورەسەی بەسەر ڕووبارەکەوە بەرەو هەورە سپیەکە هەڵدەکشانو دەهاتنەوە خوارێ، ئەوەندەی تر شەیدای دیمەنەکەیان کردم، پێیان سەلماندم ئەمە ئەو جێگایەیە دەمێکە من بۆی دەگەڕێم. منێك عاشقی تەنیاییو سروشتمو دەزانم تەنیایی خۆتو دەوروبەرەکەت باشتر پێ دەناسێنێتو ژیانت خۆشو ئاسوودەتر دەکات. بۆیە بڕیاری کۆتاییم دا کە لەوێدا بمێنمەوە. دەزانم کەسم دەست ناکەوێت لەگەڵیدا بدوێمو هەستی تایبەتیی خۆمی لا بدرکێنم. ئەمە سەرەتای ڕاستییەکە ناتوانم خۆم بە پێچەوانەکەی تەفرە بدەم. بە تایبەتی لە هوشیارییەوە ئەوە بزانم من لەناو سروشتێکی ڕووتدام چاو ئەندازێکی زۆر دڵگیری هەیە، هەموو ڕۆژێك دووبارە دەبێتەوەو ڕەنگە لە دواییدا وەك دنیاکەی تر بێزارم بکاتو نەزانم بە

دوای چی ترا بگەڕێم! لەو کاتەدا گوێم لەو بوو وتی: مەترسە من لەگەڵتدام. لە هەر جێگاو هەر کاتێکدا بێت ڕازو نیازت لەگەڵدا بەش دەکەم. لە دڵی خۆمدا وتم کە بووین بە دوان دەشێ زیاتریش بین.

کەواتە چۆن ڕووبارەکە سەدان ساڵە هەر بەو شەپۆلانەوەو بە هەمان دەنگ‌و ڕێگایدا بێباکانە دەڕوات‌و سەری وێڵگەردی خۆی لە بن دەستیدایە، منیش هەمان قەدەری ئەوم هەیە. ئەمەی ئێستا نە تەنیا لە مندا کۆتایی دێت‌و نە لەم سەردەمەدا. ئەمە بزاوتێکی هەزاران ساڵەیەو ملیۆنەها مرۆڤی وەك منی تیا سەرگەردان بووە. ئەو پێی وتم: ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە ڕاستە. ئەوانی تریش کە وەك تارمایی بە پێش چاومدا دەهاتن‌و دەچوون‌و خەریکی خۆگونجاندن بوون لەگەڵ دۆخەکەدا وتیان: ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە ڕاستە. بەڵام هەوڵێك بدە ئارام بیر بکەیتەوە بۆ ئەوەی ئاسوودە بژیت. من لە هەموویان تەنانەت لە خۆیشم بەگومانم، چونکە دەزانم ئەمەی من دەیکەم گەڕانە بە دوای ژیانێکدا کە هەرگیز نایدۆزمەوە.

٢٤/ ٣/ ٢٠٠٧

## گەڕان بەدوای دیمەنە ون بووەکاندا

بەیانی کە لە خەو هەستا، لەو وێڵگەردانەی دەکرد تۆزی چ سەرزەمینێك بە لەشیانەوە نانووسێت و گیرفانی خاڵییان پڕە لە ناسنامەی دنیا، باڵندەیەکی بێ هێلانە و ماسیەك کونی چ تۆڕێك لەمپەری جووڵە و بازرەقەکانی نابەزێنێت. بەدەم ورینگە ورینگی ئەو گۆرانیانەوە کە سانسۆری چ ئاواز و میلۆدیەکیان بەسەرەوە نیە و، ئەویش نە سەرەتا و نە کۆتاییان دەزانێت، هەنگاوی بەرەو شەقام و کۆڵانەکانی شار هەڵگرت. ئەو لەو ساتەدا پەیوەندیی بە هیچ کات و جێگایەکەوە نەمابوو! نە سەربازێك بوو ئاگای لە فەرمان و چەکەکەی بێت، نە خۆپیشاندەرێك بە دەنگ هەڵبڕین و ڕێپێوانەوە، نە سیاسەت بازێکیش کە شەوانە درۆی ڕەنگا و ڕەنگ ڕێك بخات بۆ ئەوەی بەیانی دڵی هاووڵاتیانی پێ خۆش بکات. ئەو لەو کاتەدا چێژی لە بێ دەربەستی دەچەشت و خۆی دابوە دەم شەماڵی بێ ئاگاییەکی سەیر(ئەم جۆرە حاڵەتە لای هەموو کەسێك بەدی ناکرێت و تەنانەت هەرگیز نابێتە میوانی ڕۆژێکی هەندێکی تر).

کە هەر بە ڕێکەوت و بێ بڕیارێکی پێشینە گەیشتە نزیکی تێرمیناڵێك، بێ سێ و

دوو کردن چوە ناو ئاپوورەی ماشین و خەڵکەکەوە و کەوتە تەماشاکردن، هەڵی ڕوانی و لە خۆوە هەواڵی  ماشینێکی پرسی کە بۆ شارۆچکەیەکی سەر سنوور بچێت و هیچ دوودڵ نەبوو لە چوونەکەی. کە ئاماژەی یەکێك لە ماشینەکانیان بۆ کرد زۆر لەسەرخۆ و بە تەنیا لە پێشەوە دانیشت. نە کتێبێکی پێ بوو بە دەستیەوە بگرێت، نە بەستۆکێك بیخاتە بەر پێی و نە قسەیەك بۆ ئەوانی تری بکات. تا ماوەیەکی ڕۆیشتنیش هەر ئەو مرۆڤە وێڵ و نامۆیە بوو نە کەسی دەناسی و نە هەرگیز ئەو ڕێگا و بانەی دیبوو، چاویشی لەو باڵندانە دەچوو هەموو درەخت و لووتکە و ڕەوەزێك دەبینێت بێ ئەوەی بۆ گەڕانەوە هەوڵی ناسینەوەیان بدات - لە ڕاستیا ئەو لە ڕابووردوویەکی دووردا دەیان جار بەو ڕێگایەدا تێپەڕیوە، خاك و خەڵکەکەی ناسیوە، تاقە جارێکیش، لە شکستێکی هەرە گەورەدا بە درێژایی ئەو ڕێگایە بیری لێ کردۆتەوە و تەنانەت گریاوە- وا ئێستا کۆچەرێکی بێ هەوار، تووڕەیەکی بێدەنگ و گریاوێکی بێ فرمێسکە.

لە پڕێکدا، لە نێو شەپۆلی هاتوچۆی زۆری ماشین و، دردۆنگی بازگە و هاواری پۆلیس و ڕێگای بە چاڵ و چۆڵی پڕ لەتاسەدا،  وردە وردە هەستە بێ باکەکانی کەوتنەوە سەرکاری ئاسایی خۆیان، ئەو هەردەیویست خۆی لە دیمەنەکان بدزێتەوەو چێژ لەو دۆخە ببینێت کە ئاسایی بۆی دروست بوە. بەڵام دیارە سیحری شوێن و تاسەی ڕۆژانێکی بەسەرچوو کە لەوانەیە کەس نەبێت خۆزگە بە هەندێك لە دەگمەنیەکانی نەبات، هێنایانەوە ناو خەڵك و سەر ڕێگاکە. کەوتە هەڵدانەوەی لاپەرە هەرە جوان و شلوێکانیش: گوندی سەرەڕێ، دوو دار تووی سەر گردێك کە چل ساڵ لەمەوبەر چۆن بون ئێستایش هەر بەرانبەر بەیەکن و چیرۆکی ڕۆژانی تەنیایی و وێران کردنی وڵات بۆ یەکدی دەگێڕنەوە، ئەم چەند جارێك و لە ڕۆژانی سەخت و دژواردا لە ترسی نەیار و بە قاچاخە ڕێ بەلای ئەو دار توانەدا تێپەڕیوە، لە ژێریاندا حەساوەتەوەو شەویش هەر لە وێدا نووستوە، بۆیە ئێستا لەبەرچاویدا سەوز و گەشاوەترن. پەلەی ناو بە ناوی مەزرا و گوڵاڵەی لاڕێ و تاك و تەرای چایخانە چۆڵەکان نەیاندەهێشت لەوە زیاتر مەودای ڕوانینی بەرەو ئەو وێڵگانە بڕوات کە لە سەرەتادا چێژی لێ ئەبینین. لەو

شارۆچکەیەوە دەستی پێ کرد کە بارانی بە لێزمەی شەوی یەکەمی(ڕەو)ەکە وشکایی بە بەریانەوە نەهێشت، ئەوانەی بە گەشتێکی کاتیان دەزانی و ئەوانەیش کە پلەی تۆقینیان لە سەرووی ڕیکۆردی سەربازە ئەمریکیەکانی جەنگی ڤیتنامەوە بوو.

گەیشتنە ئەو شارۆچکەیەی کە پردە ئاسنینەکەی ئێستای ناو شاری لە چل ساڵ لەمەوبەری ژەنگاوی و نارێکترە. ئەوسای تاکە تاکەی ماشین و هات و چۆی بێ سڵەمینەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ، ئێستای ئاپورە و جەنجاڵ بە ماشینی تازەو تەکنەلۆژیای گەلێك لە سەرووی هزر و ئاوەزی خاوەنەکانیەوە. ئەوسای پێ لە قوڕ چەقین و ماتیی ژنە گوندی ماست فرۆش و هەندێك جار بە برسیەتی چاو چوونە خەو، بەلاّم خەوێکی ئاسوودە. ئێستای دەوڵەمەند بوو بە پێویستیە رۆژانەییەکانی ژیان، کەچی هەژار بە مانا ئاسان گیریەکانی. نوقمی وێڵگە بێ ئاکامەکانی لێکدانەوەی زۆر و کەوتنە ناو کۆلاّنە بن بەستەکانەوە. ئەوسای ئاسمانێکی بێگەرد و ژینگەی پاك و خەڵکانێکی تەژی بەوەفا و لە خۆبووردەیی و گیانی ئازادی ویستی، ئێستای پڕ لە خۆپەرستی و بەرژەوەندیی تایبەتی و شاردنەوەی ڕاستیەکان. لەو کاتەدا هەستی ئەم لە ڕەوە ماسیەکی بچووکی دەکرد کە بەدەوری پارچەیەك نانی ناو ئاوێکەوە لە هەڵبەز و دابەز و کێبڕکێی پچڕان و لێکردنەوەیدابن.

سەرنج و تاسەکانی، لەگەڵ خێرایی ماشینەکەدا، لە خەونی ئەو زیندانیانە دەچوو کە تراویلکەی ئازادبوون چاوی ئومێدیان پێ دەکاتەوەو پاشان خێرا هەوڵی خەونێکی تر دەدەنەوە.

ئێستا، دوای شەش حەوت کیلۆمەترێك لە شارۆچکەکەوە گەیشتنە گوندەکە، ئەو گوندەی چل ساڵ لەمەوبەر، ئامێزی ڕۆژانی گەرم و شەوانی پڕ لە مێشولەی خۆی بۆ کردەوە، هاوینی بێ ئاوی و زستانی کەم باران، بەلاّم دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی دانیشتوان، ئەوێ بۆ ئەم مەکۆی شەوانی تەنیایی پڕ لە ختوورەی ترپەی پێ و سەگوەڕی ناو کۆلاّن و حەوشەو حەسارەکان بوو، لەو گوندەدا بۆ یەکەمجار، هەراو زەنای مێگەل بەڕێ کردنی بەیانیانی بۆ بوە ئاهەنگی بەژاوەژاوی خەو زڕاندن و بۆنی تەپ و تۆز

هەڵمژین. لەوێ لە تاقە ژوورێکی قوڕیندا، شەو نەبوو چێژی بەلەزیی هۆرەو گۆرانیی دەوروبەر، خوێندنەوەی کتێبی تازەو هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشگێڕەکان ڕووناکیی بە دڵ و مێشکی نەدەن. ئەوسا، هەموو بەیانیەك لە قوتابخانەدا، ئەو سروودانەی دەوڵەت قەدەغەی کردبوون، بەدەنگی قوتابیان، ئاسمانی دڵ و ڕۆحی ئەو ناوەی پڕ دەکرد لە ڕووناکی و ئومێدی نوێ. هەندێك لە ڕێبوار و دانیشتوان چون سەربازی فەرمان پێ دراو، لەو کاتەدا، لەسەر شەقامە سەرەکیەکە، یان لەبەردەم ماڵەکانیاندا کە نزیك بوو لە قوتابخانەکەوە ڕادەوەستان. لە پێشا دەترسان، یان سەیریان پێ دەهات، بەڵام وەك ئەنجام، وردە وردە، جارێکی تر، سروودەکان پەیمانی مانەوەو بەرگری پێ تازە کردنەوە. جۆشی سروود خوێندنەوەی بەیانیان، تێکەڵ بە خوڕەی چەمی(چەڤان) دەبوو، ئەو دەیزانی تەمەنی چەمەکە کورتە و زوو ئاوەکەی وشك دەکات، بۆیە هەموو ڕۆژێك، بەپەلە پەیامی سروودەکانی دەدایە دەست تەتەری شەپۆلی چەڤان تا بەرەو جێگایەکی تریان بەرێت، ئەو شوێنانەی وەك ئێرە هەواداری ئازادین و سەودا و عەشقی شۆڕش ڕێگای سەخت و دژواری چیای بۆ کردوونەتە پێ دەشت، بۆ ئەوێندەر، بۆ ناو دارستانی زەبەندی ئەفەریقای ڕەشی بە ڕاز و ئەفسون و، ئەمریکای لاتینی پڕ لە ئەفسانەی تازە و ئاوس بە دیکتاتۆر.

ئەو لەو گوندە کەم دەرامەت و هەتیوی شارستانیەتەدا، عەشقی سادەی لاوانێکی هەست پێ کرد، کە خۆڵ و خوێیان لە زامی کۆن و چەوساندنەوە و نەخوێندەواری و داب و نەریتی باو و غەدری زەمانەی خۆیان دەکرد، تازە خەریکبوو پشکۆی توورە بوونیان دەگەشایەوەو لەبەر خۆری تازە هەڵاتووی شۆڕشدا هیوای ئاسوودە بوونیان تێ دەگەڕا، هیوای سەلماندنی تاکایەتی و ویستی لاوانەی خۆیان کە پێشتر لێی بێ بەشبوون. خەسڵەتی پاراستنی تاکایەتیان لەو ئامێرەدا هەست پێ دەکرد کە بێ دوودڵی لە شانیان دەکرد و ساڵانە بە بەردەم کوێخا و ئاغا و نوێنەرانی دەسەڵاتدا تێدەپەڕین. بۆ یەکەمجار کوڕە مسکێنێك چاوی لە کچە شێخێك دادەگرت و شوانێك باکی بە فرمانی ئاغا نەبوو، بەدەم سترانی ئەوین و ئازادیەوە بەو ڕێگا کووڕ و چیا سەختانەدا هەڵدەزنان کە جاران کۆڵی سوخرە و بێگاری شێخ و ئاغایان پیا سەر

دەخست. ئەوان ببوونە ئەو هەڵۆیانەی هەموو شەوێك گوێمان لە دەنگی باڵ و هاژەی فڕین و زریکەی سەرکەوتنیان دەگرت، ماڵ و ژووری تەنیاییمان وەك هەڵهاتنی مانگ لە شەوی ئەنگوستە چاودا لە پێشوازیی سەردان و ژەمێك خۆراکیی ئاسایی ئەواندا بوو، مامۆستایەکی ڕەبەنی خەڵکی شار بێجگە لەو کارەو ناردنی نامەیەك و چەند کتێب و ڕاسپاردە و هەواڵێکی دڵخۆشکەر چی تری لە دەست دێت!

دوای ئەوەی بە درێژایی ڕێگاکە هیچی نەوتبوو، کاتێك گەیشتنە گوندی (شانەدەری)★ لە شوێنی کۆنە قوتابخانەکەدا و لەبەردەم چایخانەیەکی بچووکدا بە شوفێرەکەی وت: سەرم گێژ دەخوا و ئەگەر کەمێك پشوو نەدەم و چایەك نەخۆمەوە لەوانەیە خراپتربم. شوفێرەکە زوو ماشینەکەی ڕاگرت و ئەوانی تریش دابەزین. ئەو وەك بە دوای شتێکدا وێڵ بێت و لەوە بێگومان بێت کە ڕێکەوت کاری گەورە دەکات، خۆی بەناو چایخانەکەدا کرد و چاوی گێڕا، دوان یاری دۆمینەیان دەکرد، ئەو سڵاوی لێ کردن و لێی ڕوانین، ئەوەیان کە بەتەمەنتر و بەرانبەر بە دەرگاکە دانیشتبوو بەدەم وەڵامدانەوەی سڵاوەکەوە سەری هەڵبڕی، کە ویستی بۆ یاریەکە سەری دابنەوێنێتەوە، چون سڵەمینەوەی کوڕێك، دوای دەیان ساڵ و بۆ یەکەمینجار ئەو کچە ببینێتەوە کە کاتی خۆی دڵخوازی یەك بوون و دواجار پێك نەبران. لەپڕا هەستایە سەر پێ و بە دەنگی بەرز وتی: (خوایە وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیر و شیرینە) ئەم ناسیەوەو بە جووتە ئامێزیان بۆ یەکدی کردەوە، وەك بەیەکگەیشتنی دوو برادەری دوای جەنگ کە چەند ساڵێك بێت لە یەکدی بێ ئاگابن و ئێستا لە ناکاوێکدا یەکتریان دۆزیبێتەوە، لە خۆشیاندا هەردووکیان گریان. گریان بۆ یادگاریەکی زیندوو یان گۆرانیەکی لە یاد کراو، گریانێك نە زمانی چینایەتی پەی بە لەپرارسکان و جوانیەکەی دەبات نە زمانی مامۆستا و قوتابیەتی ڕووت، ئەم بەپەلە لە هەواڵ و ژیانی ئەوی پرسی، ئەویش- وەك لەو کاتەدا تەمەنی چل ساڵ لەوەوبەری پێچابێتەوەو لە خاڵێکدا وەستا بێت کە زەمان نەیتوانیبێت گەرد بخاتە سەری یان کاڵی بکاتەوە- وتی: من ئێستایش هەر ئەو هەڵۆ سوورەم کە لە پۆلدا لە خەیاڵدانی منداڵیماندا دروستت کردبوو. سێ جار لەمەرگ

گەڕانەوەو سیانزە ساڵ پێشمەرگایەتی، ئێستا خاوەنی ئەم چاخانە قورینەم کە ڕۆژی وا هەیە دە پانزە چایەکی تیا دەفرۆشم، زۆر ڕۆژی دی لە ئێوارەدا بێجگە لە یاری دۆمینە و مەسرەفی غاز و چای کولا و بەفیڕۆدان هیچی ترم بۆ نامێنێتەوە. ئەی مامۆستا گیان تۆ ئێستا چی دەکەیت؟

- کارەکەی منیش لەمەی تۆ نزیکە، بە درێژایی ڕۆژ پەڕەی سپی ڕەش دەکەمەوە و قەڵەم دوای قەڵەم دەگۆڕم. زۆرجار نائومێدییش دامدەگرێت. کە سەری ماندووی شەوانیشم دەنێمە سەر سەرین، پێش ئەوەی وەنەوزێك بدەم پەڕەکان وەك هیچم تیایاندا نەنووسیبێت، هەر بە سپیەتی دێنەوە و لەسەرو چاوم دەئاڵێن، جارێکی تر هاواری لەسەر نووسینیانم لێ دەکەن و سەرم بە ژاوەژاو دێنن، هەندێك لە کەسانی ناو چیرۆکەکانم ڕووم لێ گرش دەکەن و توڕەن، هەیشیانە پێدەکەنن. ئیتر منیش وەك تۆ جارێك دەرگای دووکانەکەم بە توندی دادەخەم و لەپڕێکیشدا زۆر بە خۆشیەوە دەیکەمەوە.

-باشە مامۆستا گیان ئەم هەموو زەحمەتە بۆ؟

-بۆ ئەوەی نەمرم. تێ دەگەیت؟ ڕەنگە تۆیش هەروا بیت!

چاویان لە چاوی یەکدی بڕی و کەمێك ڕامان، پاشان هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین، ئەوانەی بە دیاریانەوە وەستا بوون و چاوەڕێ بوون نەیانزانی بە چی پێدەکەنن. لە ڕاستیا خۆشیان هەر نەیاندەزانی، بە ئێستای خۆیان؟ بەو کارەی هەڵیان بژارد و ئەمە سەرەنجامەکەیەتی؟ یان بەو ڕابووردوەی کە ئەگەر ئێستایش وەك ئەوسای لێ بێتەوە ئەمان هەر ئەو دوانە دەبن کە ئەوسا بوون.

نەورۆزی ٢٠١٠

★ (شانەدەری) گوندێکە لە ناوچەی شارەزوور و لە باکووری شارۆچکەی - سەیدسادق-. نووسەر لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابووردوودا چەند ساڵێك لەو قوتابخانەیە مامۆستای سەرەتایی بوە.

## خۆشەویستی *

بەیانیەکی کپ و هێوری گەڕەکی (ماریا هۆڤا) بوو، شەپۆلی نەرم و ئاونگاوی تەمە تەنکەکە تەواوی باڵەخانە و شەقامەکانی شاری (دانهاخ)ی داگرتبوو*. ئەگەر لەو کەسانە بوومایە کە چەند ساڵێکە لەو شارەدا دەژین و لەگەڵ هەموو شتێکی وڵاتەکەدا ڕاهاتوون، لەوانە بوو کشوماتی و مەودای زۆری تەمتومانەکەم لا ئاسایی بوایە. بەڵام لەو کاتەدا بیرم لە وڵاتەکەی خۆم کردەوە کە مانگێکە لێی دابڕاوم. دەزانم ئێستاو لەم چرکەساتەدا چ هەراوزەنایەکی تێدایە! ئەو دەنگە زبر و هەراشانەی خەوت لە چاو دەتەرێنن و ئەو دووکەڵ پێچانەی ئاسمانی شار ڕەش و ژەهراوی دەکەن. دەنگ و باسە ناقۆڵا و ناخۆشەکانیش کە بەردەوام لە زاووزێدان‌و کۆتاییان نایەت. بە هاوڕێ خانەخوێکەمم وت: ئەم وڵاتی تەم و ئاوو هەمیشە بارانە بەیانی و ئێوارەی لەیەك دەچێت و نیشانەیەکی جیاوازی وەك نیوەڕوانی خۆمانی تیانیە! وتی: ئێمە لەگەڵ بێ خۆریدا ڕاهاتووین، ئەگەر بە ساڵ سەرمان لێ نەدات لێی ناپرسین، لەوانەیە دانیشتوانەکەیشی بووبێتن بە بەشێك لەم سروشتەو

خۆریان پشتگوێ خستبێت!

وتم: ڕاستت دەوێت ئەم ماوەیە کە لێرەم، لەگەڵ هەموو جوانی و ناوازەییەکی سروشت و پەیڕەویکردن لە یاسا و پاکی ژینگە و مامەڵەی خۆشیی خەڵکەکە لەگەڵ بێگانەدا، کە هەموو ئەمانە لای ئێمە دەگمەنن، کەچی بۆ کەسانێکی وەك ئێمە ژیان لێرە قورس و بێزارکەرە. دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەك وەستاوە. دۆخە گشتییەکەی لە تونێلێکی دوور و درێژی تاریك دەچێت کە چوویتە ناوی ئیدی تا ئەوسەری چ جیاوازیەکت نایەتە ڕێ، تەنیا ئەوەت مەبەستە کە زوو کۆتایی بێت و بکەویتە ناو دنیای ڕووناکی.

هاوڕێکەم وتی: مەسەلەکە ڕاهاتنە، لێ ئەوە ڕاستە کە ژیان تا ڕادەیەك لێرە یەك ڕیتمی هەیە و تەنیا ڕۆژژماردنە، بە پێچەوانەی ژیانی لای ئێمەوە کە بەردەوام خۆی لە پەیوەندی و گۆڕاندا دەبینێتەوە. ئێرە واتا کارکردن، لە بەیانیەوە تا ئێوارە چ دەرفەتێکی ترت نیە بۆ دۆزینەوەی بواری دی. لای خۆمان ئەمە بە پێچەوانەوەیە و تا ڕادەیەکی زۆر کات لە بەردەستا کراوەیەو تەمەڵییش فاکتەری شکستی پرۆژەکانە.

-دەزانیت ئەم ماوەیە هەر برادەر و ناسیاوێکم دیوە کە ویستوویەتی شەوێك بەیەکەوە دانیشین پێی وتووم: شەممە یان یەك شەممە لە خزمەتتام. وەك ئەوەی تەنیا ئەو دوو ڕۆژە لە هەفتەدا هەبێت! خۆ منیش ناتوانم تەنیا لەو ڕۆژانەدا ئەم هەموو هاوڕێ و ناسیاوە بەسەر بکەمەوە، لەوانەیە دوایی گلەییشم لێ بکەن؟ پاشان من دەتوانم هەر چەند ڕۆژێك لێرە بمێنمەوە و لەوە زیاتر خۆم قەتیس ناکەم، لێرە هەر کارەو کارە، وەك خەڵکەکەی بژین بۆ ئەوەی کار بکەن نەك کار بکەن بۆ ئەوەی بژین.

-هەمووی وایە، بەڵام بە نیسبەت خۆمەوە من وا هەست ئەکەم لێرەو لەوێش هەر تەنیا بووم، بڕوا بکە کە هاتوومەتە ئێرە وام بیر لێ کردۆتەوە لە خەوێکدام و تا ئێستا بە ئاگا نەهاتوومەتەوە. ئەمە بە ڕەشبینی مەزانە، بەڵام بەڕاستیی بۆ

من ولاتێك نەماوە ڕۆحم بگرێت و مۆمێکی خۆشنوودیم تیا دابگیرسێنێت. لێرەو لەوێ کەسێکی پەراگەندەو نامۆم و هێزێك نیە کۆم بکاتەوە. من لە پاڵەوانە دوو کەرت بووەکەی ئیتالۆ کالڤینو دەچم کە بەردەوام هەردوو بەشەکەی لە شەڕدان. وتم: ئاخر ئەوەندەیش بێ ویژدان مەبە، تۆ لێرە هاودەمی گوڵ و کۆتر و پەپوولە و شەونم و ئاوو درەختیت، ژنێك نیە سلاوت لێ کرد بە دەمتەوە پێ نەکەنێت و تەنانەت دڵنەواییت نەکات! لەم ولاتەدا چیایەك، گردێك تاوێرێك نیە مانایەکی رەق و زبرت بداتێ، شتەکان سادە و نەرم و نیانن، بە تایبەتی بۆ تۆ کە ماوەی چەند ساڵێکە لێرەیت و راهاتوویت!

-تەنیایی زۆر لەوە سەخت و دڵرەقترە کە دوای ماوەیەك لەوانەش بێزار نەبیت! ئەوەی لەگەڵ خۆیدا نەگونجێت زۆر زەحمەتە هیچ بیگونجێنێت. ئەگەر بە کورتی بیڵێم چ مانایەکی ژیانی لا نامێنێتەوە کە خۆی پێ بخەڵەتێنێت.

-تەواو بێ هودەی هاورێ!

-خۆزگە وشەی —تەواو-ەکەت لە جێی خۆیدا بوایە، زۆرم ماوە بگەمە ئەو خاڵە درەوشاوەیە، چونکە هێشتا خۆم تەفرەدەدەم.

هاورێکەم بە دەم هەناسەیەکی زۆر قووڵەوە مۆبایلەکەی هەڵگرت و وتی: با قسەیەك لەگەڵ ئەم ولاتی خۆرو روناکیەی تۆدا بکەم بزانم چی هەیە و چی نیە! وتم: دواجار هەر ئەوێ فیردەوس و فریادرەسی هەموومانە. وتی: ئەو فیردەوسەی کە من تا نزیك پەتی سێدارە هەموو ژیانی خۆم پێ بەخشی کەچی ئەو تێی هەڵدام و رای نەگرتم، دواجار وەك هەر دزێوێك نەفرەتی لێ کردم و رێگای پەناهەندەیی و دەربەدەری نایەبەرم!

-حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە منیش لەوێ هەندێك جار دەگەمە سنووری شێت بوون، بڕوا بکە. وتی: جا تۆ بۆ؟ تۆ هەمیشە گەشبین بوویت و بەو رۆحەیشەوە ناسراویت! وتم: لەوێ لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە شەرێکی بێ وچاندایت، دەیان گێچەڵت تووش دێت و تا سەر ئێسقان ئازارت پێ دەگات. جاری وا هەبووە لەو

کێشانەدا گەیشتوومەتە کۆڵانێکی بن بەست و ئەژنۆشکێن، لە حاڵەتی وادا ئەگەر زۆر وریا نەبیت هۆش لەدەست دەدەیت و ڕێزت بۆ هیچ پیرۆزیەك لا نامێنێتەوە، تەنانەت خۆشەویسترین شتت کە وڵات و نەتەوەکەتە!

-من لێرە لە زیندانەکەی خۆمدام، تۆ لەوێ لە زیندانی ئەوانی تریشدایت، لە جیاوازیی ئەم دوانە تێدەگەیت!

-بەڵێ، بەڵام سەردار گیان لەبیرت نەچێت هەر کەسێك زیندانێکی بۆ خۆی نەبێت ناتوانێت چێژ لە ئازادی و بەشێکی زۆری ژیان وەربگرێت.

-چۆن؟

-پێت بڵێم، ئەو شەڕەی من لەوێ دەیکەم شەڕێکی پیرۆزە، کە ئێوارەم لێ دێت هەست دەکەم ئەرکێکی گرنگی خۆم بەرانبەر بە خەڵك و بەرپرسیاریەتی وڵاتەکەم بەجێ هێناوە. ئەوە پێویستیی سەرشانی هەر کەسێکە کە بە تەنگ ڕووناك کردنەوەی تاریکییەکانی ناو ژیانی دەوروبەریەوە بێت و کار بۆ بەختەوەریان بکات.

هەر بە دەم ئەم دەست ئەو دەست پێکردنی مۆبایلەکەیەوە هاتە پاڵمەوەو لە بەر پەنجەرەکەدا وەستا، پەنجەی بۆ لای ئاپارتمانێکی خوارەوەی خۆمان درێژ کرد کە درەخت نیوەی داپۆشیبوو. ئاماژەی بۆ باڵکونێك کرد بە تەواویی لە خۆمانەوە دیار بوو، وتی:

-تۆ چیرۆکنووسیت، بەسەرهاتێکت بۆ دەگێڕمەوە لەو ئاپارتمانەدا ڕوویداوە، گوێم بۆ دەگریت؟

-لە بیستن و بینیندا هەستی چیرۆکنووس لە هەستی هەندێك گیانداری زۆر دەگمەن دەچێت. لەگەڵ یەکەم زەنگی وشەیەکی سەیردا ڕادەچەنێت و لە بینینی دەم و چاوێکی نامۆیشدا گەلێك شت دەخوێنێتەوە، بۆیە چیرۆکەکەم بە وردی بۆ بگێڕەوە.

-من نووسەر نیم، ئەوەی ڕوویداوە وەك خۆی دەیگێڕمەوە، دیارە گێڕانەوە

جیاوازە لە دارِشتنی هونەری و خەیاڵ و فانتازیا.

-بە ئارەزووی خۆت، ئەوەیان لەسەر من. نەك دوایی من بیکەم بە چیرۆکی خۆم و تۆ نەیناسیتەوە!

وتی: تەماشای ئەو باڵکۆنە بکە کە ڕێك بەرانبەرمانە. من کە تازە هاتبوومە ئێرەو کەشتیی غەریبیم لە بنی دەریادا نقوم بوو بوو، لەو ئاپارتمانەدا کچ و دایکێکم ناسی، ببوورە سەگێکیش. کچەکە ناوی «جانێت» و تەمەنی لە بیستساڵیدا بوو. تاقە منداڵی ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵان بوو کە ژیان و مانەوەی خۆی بەو کچەوە گرێدابوو، ژیانی ئەو دایك و کچە گەلێك ئاسایی بوو، بەڵام ئەوەی لەم چیرۆکەدا زۆر گرنگە ئەوەیە کە جانێت کەڕو لاڵ بوو.

کاتێك هاوڕێکەم بێدەنگبوو من تەواویی خەیاڵم دا بە دوا ڕستەی، چونکە لەوانەیە ئەو کچە بۆ من باشترین کاراکتەری چیرۆکێك بێت. وتم:

-کەڕو لاڵیەکەی زگماك بوو یان..

- دایکی دەیگوت زگماکە. گوایا بۆ ماوەی نەنکی مێردەکەیەتی. بە منداڵی زۆر هەوڵی چاکبوونەوەیان داوەو بێ سوود بووە، تەنیا ئەو کچەی بوەو دەساڵێکیش دەبێت مێردەکەی بە شێرپەنجە مردووە، بەڵام با پێت بڵێم من هەرگیز لە ژیانمدا کچی وام نەدیوە، کچێکی سەیر و پڕ لە نهێنی!

بە ئانقەست خۆم لێ دایە گێلی و وتم:

-ژیان لەوە گەورە و پڕ لە نهێنی ترە ئێمە بتوانین پەی بە هەموو شتەکانی بەرین، یان زۆر خۆمانی پێ سەخڵەت بکەین. یان وا بزانین هەموو سیحری ژیان لە کچێکی کەڕولاڵدا کۆبۆتەوە!

ئەو لەگەڵ قسەکردندا هەر دەستی بە مۆبایلەکەیەوە بوو کە زوو زوو دەیگوت: تکایە ئەو ژمارەیەی داوات کردووە داخراوە. تا بە یەکجاری وازی لێ هێناو پێی وتم «ئێ.. بۆ بەجیدی باسی کچەکەم لێ ناپرسیت؟»

وتم: ئەگەر خۆت پێت خۆشە فەرموو.

-وای لێهات، کەواتە بە پارە نەبێت نایگێڕمەوە!

-گێڕانەوەیش تامی خۆی هەیە کوڕی باش. هەموو کەسێك ناتوانێت تام و چێژ بە گێڕانەوە بدات، تەواو وەك نووسینی چیرۆك. سەرەتای چیرۆك و ڕۆمانیش حیکایەت بووە کە هەر بە زمان وتراوە. دەیشزانم تۆ حەزت بە گێڕانەوەیە و بیلێم و نەیلێم وازم لێ ناهێنیت.

-بەلای منەوە ئەو کچە کەڕو لاڵە لە عاشقە هەرە مەزنەکانی دنیا بوو، تۆ هەرگیز ناتوانیت لای خۆتەوە وێنای ئەو خۆشەویستیە بکەیت، تەنانەت بە خەیاڵیش.

ویستم هەودایەکی پێ بدەم و پەرۆشیەکەم لەوە گرانتر بگرم کە ئەو هەستی پێ بکات، ڕەنگە ئەمەیان بۆ کۆك کردنی لایەنی گێڕانەوە یان تەکنیکەکەی بێت. بەهەرحاڵ هەر بۆ ئەو مەبەستە زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و چاوم بەرەوژوورتر هەڵبڕی.

گەواڵە هەورەکان بەسەر ئاسمانی شارەکەوە تا دەهاتن زیاتر لە یەکدی نزیکتر و خەست تر دەبوونەوە. ئەمەندەش هاتبوونە خوارێ وردە وردە سپیایی تەمەکەیان گۆڕی بە تاریکیی. لە پڕێکدا ڕێژنە بارانەکە بوو بە تەرزە. هێشتا سەرسامی دەنگی تەقەوڕەقەی تەرزەکە بووین کە کردی بە بەفر. لە پێشدا لەسەرخۆ و ورد و ئینجا بوو بە کلوو کلوو. بە دەم دەربڕینی سەرسامیی خۆمەوە بە سەردارم وت: بەفریش جوانە هاوڕێ، وا دەزانم ئێستا لە سەفەری کوردستانەوە گەڕاونەتەوە و بە تایبەتی هاتوونەتە لای من و تۆ.

وتی: دەزانیت چەند جارێك بە ڕێکەوت گیانم لە دەست ستەمی بەفر و سەرما دەرباز بووە. ئەو ساڵانەی لە چیا بووم وەك دوژمن لە بەفرمان دەڕوانی. هەرکە دایدەکرد ئیدی هەموو بەرنامەیەکی لێ تێك دەدایین و هەڕەشەی مەرگێکی کوت و پڕی لێ دەکردین. تەنانەت چەند هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستی ڕەق کردینەوە.

-باشە، با مەتەڵێکت لێ دابهێنم: ئەمە چییە لە ئاو دروست دەبێت و لە ئاویشدا دەمرێت؟

-بە ڕاست زۆربەی مەتەڵی کوردی سەرچاوەکەی سروشتە!

-مانگە کوردیەکانیش هەر بە ناوی دیاردە سروشتیەکانەوەن. بۆ نموونە ئەم مانگە ناوی سەرماوەرزە، بە ڕاستییش ئێستا لەوێ سەرما دەستی پێ کردووە.

-ئەی ئەگەر بزاوتی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری ئیقاعی سروشتیشی گۆڕی چۆن؟ بۆ نموونە لە باران بڕاندا بەفر باری و سەرتاپای مانگی ڕێبەندان گەرما بوو!

-ناچار ئێمەیش ناوی مانگەکان دەگۆڕین.

کۆترێك هات و لەسەر شیشی باڵکۆنەکە نیشتەوە، چاوی گێڕا، ئێمەی بینی و بێ دەربەست بوو، من لێی ڕامام و بە سەردارم وت: بڕوانە، کۆتری لای خۆمان کە چاوی بە مرۆڤ دەکەوێت دەترسێت، دەدات لە شەقەی باڵ و هەڵدێت، چاویشی ئەمەندە ترسی تێدایە هەر لە چاوی نێچیرێك دەچێت لەبەردەم چەقۆی ڕاوچیدا، کەچی چاوی ئەم کۆترە لەوپەڕی دڵنیاییدا دەسوڕێت و تەماشامان دەکات، لەوانەیە ئەگەر دەرگاکەی بۆ بکەینەوە بێتە ژوورەوە.

-ئەگەر کەمێك گەنم یان نانە وردە بخەمە بەردەمی بێ ترس دادەبەزێت و میوانداریمان قبووڵ دەکات.

-ئەو گیاندارانەی ئێمە بە کێوی و بێ ئاوەزیان دەزانین، وایش فێرکراوین کە تەنیا مرۆڤە بە هزر کار دەکات و ئەمەیش بەخشندەییەکی خودایییە کە مرۆڤی لە جوانترین شێوەدا بەرجەستە کردوە. ئەگەر ئەو گیاندارانە زمانی ئێمەیان هەبوایە، یان هەر زمانێکی هاوبەشی تر، پێیان دەوتین ئەوان چەند لە ئێمە ژیان دۆست ترن، چەند هەست و سۆزیان لە ئێمە زیاتر و پاکیزەترە.

-ئێمە تەنیا هاوار و ناڵەی مرۆڤ کارمان تێ دەکات چونکە لە زمانەکەی دەگەین، ئەگەر کاریشمان لێ بکات! بەڵام ئەگەر لە زریکەی کەروێشکێك دەگەیت کاتێك تانجی گەمارۆی گرتنی دەدات، یان لە ناڵەی ئەسپێك و بەرازێك لە کاتی خەساندنیاندا، ئەوسا دەزانیت مرۆڤ چەندە ستەمکار و دڵڕەقە، چەندە بێ هەست و سۆزە! هەندێك جار لەو ژوورە زۆر پیسە دەچێت کە شەرم دەکەیت مۆمێکی تێدا

دابگیرسێنیت.

-بە تایبەتی کەسانی لای خۆمان، هەندێك هەن تەنیا پێستی مرۆڤیان لەبەردایە ئەگینا لە ناوەوەیاندا دڕندەی ناو جەنگڵستانن.

-ئەمە زۆری دەوێت. بابگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان.

-کۆترەکە؟

-نەخێر کیژە کەڕو لاڵەکە.

-وەك وتم ئەو کچە لای من یەکێك بوو لە عاشقە مەزنەکانی دنیا.

-منیش مێژووی هەندێك لەو عاشقە گەورانەم خوێندۆتەوە.

-من نەمخوێندۆتەوە ئەمەیانم بە چاو دیوە، نێوان ئەم دوانە زۆر جیاوازە.

وتم: ڕاستە.

هاوڕێکەم تەماشایەکی لای باڵکۆنەکەی کرد و وتی:

«ئەو کچە هەموو ئێوارەیەکی ڕۆژانی شەموان لەو باڵکۆنەدا دادەنیشت، مێزێکی بچووکی بۆ خۆی دەڕازاندەوە، رووی لە ناو درەختەکان دەکرد، کوڕێکی کەڕولاڵی تریش کە رەنگە تەمەنی دوو سێ ساڵێك لەو گەورەتر بووبێت لە ناو درەختەکاندا و بەرانبەر بە جانێت دادەنیشت، کوڕەکە ناوی (هنریك) بوو، ئەویش مێزێکی بچووکی لە هەمان ڕەنگ دادەنا و خواردن و خواردنەوەی لەسەر ڕیز دەکرد، ئەم دوانە بەدەم خواردنەوەی شەرابەوە و لەنێو چراخانی گڵۆپدا تا نیوەی شەو و زیاتریش بەرانبەر بە یەکدی دادەنیشتن و دوور بە دوور لە یەکیان دەڕوانی، جار نا جارێك ئاماژەیان دەکرد، پێ دەکەنین، ماچیان دەنارد، جگەرەیان دەکێشا، کە سەریان گەرم دەبوو عەشقەکەیان بڵێسەی دەسەند و جەستەیان دەکەوتە جووڵە، (هنریك) وەك گۆرانی بڵێت دەنگی هەڵدەبڕی، کەس لێی تێ نەدەگەیشت. بەڵام جانێت چون پەپوولەیەك سەری لە قۆزاخە هێنابێتە دەرەوە و تازە ئاشنای هەتاوو ڕوناکی بووبێت، دەتریقایەوەو لەشی دەلەرزاند. جار هەبوو هەڵدەستا و کەمێك سەمای دەکرد. من هەر لێرەوە تەماشام دەکردن. دوو ساڵی تەواو ئەمە کاریان بوو.

-ئەی ئەگەر سەرما و باران بوایە؟

- ئەگەر بەفروباران بوایە کوڕەکە بە پۆشتەیی دەهات و خێوەتێکی چکۆلانەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا و لە ناویا دادەنیشت، جانێتیش شتێکی چەترئاسای بەسەری خۆی و باڵکۆنەکەدا دەدا.

وتم: باشە، لێرە شتی وا هەیە کوڕ و کچێك هێند ڕۆمانسی بن تەنیا لە دوورەوە ماچ بۆ یەکتری بنێرن؟

وتی: سەرەتا کە چەند جارێك ئەو دیمەنەم بینی پێم خۆشبوو لە خێزانەکە نزیك ببمەوە و بەتایبەتی کچەکە بناسم. یەکەمیان لەبەرئەوەی ببوونە هاودەمێکی زیندووی غەریبی و تەنیایی ئەوسام و دڵداریە کۆنەکانی خۆمیان دەهێنامەوە یاد. دووەمیان بۆ ئەوەی لەوە تێبگەم کە جێگای بەیەك گەیشتنی دوو دڵدار لەم وڵاتانەدا ئەوەندە زۆرە کەس پێویستی بە ماڵ و گەرەکی خۆی نیە..

-کوڕ و کچ لێرە لەسەر شەقام و ئەندەرگراوند و پارك و وێستگەکاندا یەك لە ئامێز دەگرن و ماچ و مووچ دەکەن.

-بەڵێ، خۆت ئەمانەت دیوە، هەر بۆیە زیاتر ویستم لەو نهێنییە بگەم.

-ڕەنگە کەڕولاڵیەکەیشیان هۆیەکی تر بێت؟

سەردار کەمێك ڕاما، وەك ئەوەی بیەوێت لە چرکەساتێکدا تەواوی هۆکارەکان بخاتەوە بەر زەینی، وتی: چەند جارێك چوومە ماڵیان و بەتەواویی خۆم پێ ناساندن کە کێم و چی هانیداوم بۆ ناسینیان، بێگومان باسی دانیشتنی رۆژانی شەموانی هنریك و جانێتم کرد. دایکی بە ڕاشکاویی پێی وتم ئەو زۆر حەز دەکات ئەو دوانە ببنە هاوسەر، تەنانەت چەند جارێك بە جانێتی وتبوو با هنریك بێت بۆ ماڵەوەو لەگەڵیا بمێنێتەوە، کەچی جانێت قبووڵی نەکردبوو، بە دایکی وتبوو هنریکیش ئەوەی ناوێت، گوایا ئەوان خۆشی و بەختەوەری لەو وێنەیە دەبینن کە بەو جۆرە بۆ خۆیان کێشاوەو نایانەوێت ئەو سنوورە ببەزێنن، ئەوەیش خۆشەویستیەکی پاکیزەییە، جارێك جانێت بە دایکی وتبوو: ژیانی ژن و مێردایەتی

دزێوترین پەیوەندیی نێوان دوو کەسە..

وتم: تۆ لای خۆتەوە چ لێکدانەوەیەکت بۆ ئەم باسە هەبوو؟

-لە پێشدا بەستمەوە بە نەخۆشیەکی دەروونیەوە کە لەوانەیە سەرچاوەکەی هەست بە کەم زانینی خودبێت، لەبەرئەوەی کەڕولاڵن دەیانەوێت بەو ڕێگایە سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. بەڵام ئەمەیان وا دەرنەچوو. چونکە جانێتم ناسی زۆر لەوە گەورەترم هاتە بەرچاو ئەو هەستەی تیا هەبێت. بێگومانبە داوام بکردایە شووی پێ نەدەکردم. ئەو جوانترین موسیقاژەن بوو، کتێبە نایابەکانی دەخوێندەوە. ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێت؟

-لە قوتابخانە خوێندبووی؟

-بەڵێ، پەیمانگای تەواوکردبوو، چەندین جار ڕۆمانی لە بابەتی مەسخی کافکا، نامۆی کامۆ، شانۆگەریەکانی بیکیت و ڕۆمانی دۆستویفسکیم بە دەستیەوە دیوە. هەر لە ڕێگای دایکیەوە چەند جارێك لەسەر بوون و نەبوون و ژیان و مەرگ و شتی دی قسەمان کردووە. ئەو بە گشتی ژیانی بە بێ هوودە دەزانی و گاڵتەی بە هەوڵی مرۆڤ دەهات بۆ بەختەوەر بوون و گەیشتن بە ئاسوودەیی. جارێکیان هەر بە ئاماژە بە دایکی وت کە پێم بڵێ ئایا من لە وڵاتەکەی ئەودا ئاسوودەم؟ وتم نەخێر ئەوێ و ئێرە بۆ من وەك یەك وایە. وەڵامەکەی پێ خۆشبوو، بۆیە لێی پرسیمەوە: ئەی کە وایە بۆ وڵات و باوك و دایك و کەس و کارم بەجێهێشتووە؟ وتم وڵاتەکەم پڕیەتی لە شەڕ و کارەساتی ناخۆش، دەبوو منیش یان ببمە بەشێك لەو شەڕ و کارەساتانە یان هەڵبێم. وتی: منیش بەردەوام لە شەڕدام و زۆریش بە سەختی نەمگرتووە، چونکە دەتوانم لەپڕێکدا کۆتایی پێ بهێنم. وتم: ڕاستە، بەڵام کۆتایی ئەوەی لای ئێمە لە دەستی خۆماندا نیە، یان با بڵێم بێجگە لەم هەڵوێستەی ئێستام بۆ دوورکەوتنەوە چیترم لەدەست نەدەهات. بە دایکی وت پێی بڵێ دەیتوانی بە ڕێگای تر خۆی ڕزگار بکات بەڵام..

وتم: ڕاست دەکات، پێی بڵێ من ترسنۆکم. پێکەنی و چی تری نەوت. هەستاو

کەمانچەکەی هێنا، زۆر دڵکارانە پارچەیەکی ژەند و پاشان چوە ژوورە تایبەتەکەی خۆیەوە.

-دیارە کچێکی سادە نەبووە؟

-نەخێر شتی سەیری هەبوو. لە ژوورەکەیدا وێنەی دوو سێ هاوڕێی کەڕوڵاڵی منداڵی و وێنەیەکی بتهۆڤن و ڤان کوخی هەڵواسیبوو. کە هەندێك جار بە ڕۆژ دەهاتە ناو دارەکان، دەیان جار سەگەکەیم لە باوەشیا دیوە، گۆڵێکی سپی تووکن دەتوت قۆزاخەی پەموە. جانێت دەستی بەسەر و تووکیدا دەهێناو دەمی بە گوێیەوە دەنا، وەك بە چرپە قسەیەکی نهێنی پێ بڵێت وا بوو. سەگەکە بۆماوەیەك هەڵبەز و دابەزی دەکرد، پاشان لە باوەشیا گرمۆڵە دەبوو یان دەکەوتە وەنەوزدان. هەندێك جاریش وەك تۆرابێت بەلای جانێتا نەدەهات و لە سووچێکدا ڕادەکشا و تەنانەت ڕووی تێ نەدەکرد، یان سەری دەخستە سەر هەردوو دەستی و بۆ دووری دەڕوانی، چاوی لە جێگایەك دەبڕی ئەگەر زۆر لێی نزیك بوویتایەتەوە وات دەزانی بیر لە شتێکی نادیار دەکاتەوە، یان سیمایەکی ئەوەندە خەمگینی لە خۆی دەگرت تۆ وات وێنا دەکرد لە چاوەڕوانیی ونبوویەکدایە، یان لە خەیاڵێکی گەلێك خۆش و قووڵدا حەزنەکات کەس دۆخەکەی لێ بشێوێنێت. تەنانەت ئاگای لە دەوروبەرەکەی نەدەما. دیارە جانێتیش ئەم حاڵەتەی لەگەڵدا بوو، مەبەستم هەم ئارەزوویەکی پڕی ژیان و هەم خەمۆکی.

-بەردەوام وا بوو؟

-ڕۆژانی شەموان کە جانێت و هنریك وەك بۆم باس کردیت بەرانبەر بە یەکتری دادەنیشتن، سەگەکەی جانێت کە ناوی (ماکس) بوو دەهاتە خوارەوە بۆ ناو درەختەکان، هنریکیش سەگێکی ڕەشی چاوشینی لە بابەتی ئەوی هەبوو ناوی (ڕێکس) بوو، بەڵام ئەمیان دێڵەسەگ بوو، ئیتر بە درێژایی ئەو ماوەیە ئەم دوانەیش دەکەوتنە یاری کردن و لستنەوەو ڕاوەدوونانی یەکتری، کە زۆر ماندوو بوونایە لەبەردەم مێزەکەی هنریکدا ڕادەوەستان و ئەو خواردنی دەدانێ، دوای

کەمێك حەسانەوە دیسانەوە دەکەوتنەوە وێزەی یەکدی. یەکێکیان لەسەر پشت دەکەوت ئەوی دی قەپاڵی لە گوێچکەو دەست و قاچی دەگرت، یان کلکی یەکیان ڕادەکێشا و دەکەوتنە قروسکە قروسك و لە یەکتر مڕاندن.

-ئەوانیش عاشقی یەکدی بوون.

-وا پێدەچێت، لە کاتی یاری کردن و ڕاکەڕاکەیاندا هەر ئەوەنەبوو وەك باڵندە باڵ نەگرن و نەفڕن، جاری وا هەبوو دەیانکردە هەراو زەنایەك ناچار هنریك دەنگی لێ دەکردن، ئەوان بێدەنگ و کڕدەبوون، کەچی جاری تر دەتۆران و لەبن درەختێکدا بێدەنگ دەبوون، کە هنریك بانگی ڕێکسی دەکرد لە جێگاکەی نەدەجووڵا.

-سروشتی مرۆڤ و سەگ هەندێك جار لە یەکدی دەچن.

-وایە، بەڵام سەگ لە مرۆڤ بەوەفاتر و لە سێکسدا ئاگراوی ترە. شتێکی تریش، سەگەکەی جانێت لە کاتی زەنگی دەرگادا بە ئاماژە ئاگاداری جانێتی دەکرد تا دەرگا بکاتەوە، من خۆم ئەمەم دیوە، تەنانەت کە زەنگی تەلەفوونەکەیش لێی بدایە هەر ئەو ئاگاداری دەکردەوە، کە جانێت نەخۆش بکەوتایە یان مات و خەمگین بوایە ماکسیش بێدەنگی دایدەگرت و بێزاریی پێوە دیار بوو.

-باشە سەگەکان جووت نەبوون؟

-من نەمدیون، خۆ ئەگەر جووت بوونایە دەبوو تووتەڵەیان لێ بکەوتایەتەوە، یان.. نازانم، بەڵام دایکی جانێت دەیوت هەموو ڕۆژێك ماکس دەشۆن، زۆر جار بە شۆردنی ئەو قایل نەبوەو حەزی کردوە جانێت بیشوات.

-بەهەر حاڵ، وەك لە سەرەتاوە وتم نهێنی ئەم گەردونە لەوە زۆر و زەبەندترە کە بتوانین تێر باسی یەکێکیان بکەین، تەنانەت لە خودی مرۆڤ کە پێمان وایە گەلێك شتی لێدەزانین، بەڵام کە کەسانێکی وەك شێخ زوسیما و راسپۆتین و زۆربا و راسکۆڵینکۆف و دەیان ناوی لەو بابەتانەت دێنە بەردەست ئەوسا دەزانیت کە هێشتا بۆچوونەکانمان باڵی فڕینیان لێ نەڕواوە. نازانم ئەوانەت خوێندۆتەوە یان نا؟ بەهەرحاڵ دەمەوێت پرسیاری ئەوەت لێ بکەم کە چۆن بە ئاسانی گەیشتیتە

ئەو خێزانە تا لەم نهێنیانە تێبگەیت؟ هەرچەند من ئەوە دەزانم هەر شتێك كە لەم دنیایەدا ڕوودەدات گەلێك ئاسایی و چاوەڕوان كراوە، وەك چۆن لە زستاندا باران دەبارێت و بەهار گوڵ دەهێنێت.

-وا دەزانم هەموو شتێك وا دەست پێ دەكات. لە سەرەتادا گران و ئینجا ئاسان و ئاسانتر، هەندێك شتیش هەیە دەبێتە كاری پێویست و تەنانەت زۆر ماقووڵیش. من دوای چەند جارێك لەو دیمەنە سەیرە، هەستم كرد هێزێكی نهێنی توند من بەو كچەوە دەبەستێت، یان با بڵێم بە خودی حاڵەتەكەوە، هێزێك لە سەرووی ئەوەوە كە تەنانەت خۆیشم تێی بگەم. مرۆڤێكی نائاسایی و ئایندەیەكی نادیار، پەیامێكی ئینسانی و قووڵبوونەوە لە ناو كێشەیەكدا كە حەزی تێگەیشتنی دەتكاتە مرۆڤێكی تەواو فزوولی.

ڕەنگە ئەمە پەیوەندیی بە باری دەروونی خۆیشمەوە هەبێت كە وەك بارێك بە هەموو تەمەنی گەنجیم بە كۆڵمەوە بووە. لە دواییدا وام لێ هات هەستم بەوە نەدەكرد كە ئەو ئاپارتمانە، ئەو كچ و دایكە، ئەو سەگە، ئەو شتانەن كە یەكەمجار دیومن و بۆنیانم كردووە، نا، ئەوە دوو سەردەمی جیاواز و دوو هەستی تەواو بە یەكتر نامۆبوون.

-وای لێك نادەیتەوە ئەو كونج كۆڵیە ڕەگێكی خۆپەرستی تیا بێت بۆ تێگەیشتنی ئەو ڕاز و نهێنیانەی خەڵكی دی دركیان پێ ناكات و پەییان پێ نابات؟

-هەرگیز، من لەبەردەم پەیامێكدا ڕاگیرام لە مرۆڤێكەوە دەست پێ دەكات چەندە لە دوو هەستی گرنگ بێ بەشە ئەوەندە خاوەنی كیبریا و كەسایەتی خۆیەتی. من ئەو جۆرە كەسانە ناخەمە ناو بازنەیەكی داخراوەوە كە بە چاوی باو لێی بڕوانم، ئەو كەسانە خانەی هەرە نادیاریی ڕاز و خەسڵەتی مەزنی زاتی ئینسانیان تیایە كە دۆزینەوەیان دەروون شیكاریی دەگمەنی گەرەكە، چونكە من و تۆ نایانبینین و هەست پێكردنیشیان كاری هەریەكێك نیە. ئایا تۆ خۆت دەتوانیت وێنای ئەو عەشقە پاكیزەیە بكەیت و وانەزانیت زیاد لە لێكدانەوەیەكی دەروونی هەڵدەگرێت؟

-خۆت لەبەردەم ئەو پرسیارەدا ڕاتگرتووم، یان هەست كردن بە كەمیی یان

ڕوانینێکی نادروست لە هاوسەری و بەو گیانی غرورەیشەوە کە باست کرد.

-دەزانیت ڕۆژێك لە ڕۆژان هنریك پێی نەناوەتە ناو ئەو ئاپارتمانەوە! بە بەرماڵیاندا تێنەپەڕیوەو ژوانیان لە جێگایەکی تر نەگرتووە! وەك دایکی دەیوت ئەگەر لە ڕێ و بانیشدا بەیەکتر گەیشتبن بێجگە لە بزەیەکی کاڵ چی تریان بۆ یەکدی نەکردووە. وەك ئەوەی عەشقی ئەو دوانە گرێ دراوی ئەو دەوروبەرو دۆخە بێت کە ئەو شوێنە بۆی بەرهەم هێنابن.

-دواجار؟ یان با بڵێم ئەو ڕۆژی شەموانە چییان بەسەرهات کە بۆ تۆیەکی تەنیا و زگورتی دەشێ بەپارە بیکڕیت؟

هاوڕێکەم وردتر لێی ڕوانیم، پاشان بە دەم ئاهێکی حەسرەتیەوە وتی:

-تۆ چیت بە خەیاڵدا دێت؟

سەرم بۆ ڕاوەشاندو وتم: هیچ.

-چۆن هیچ؟ تۆ چیرۆکنووسیت!

-ئاخر ئەمە چیرۆکی من نیە، پاشان ئەمە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیەو دەشێت زۆر لە خەیاڵی چیرۆکنووس مەودای فراوان و تەنانەت تراژیدی تر بێت.

-ئەو ڕۆژی شەموانە کۆتایی هات، بەڵام بەڕای تۆ ئەو دوانە چیان بەسەر دێت؟

-سەرلە بەیانیەکی ڕۆژی یەکشەمە کەسیان دیار نەماون، سەری خۆیان هەڵگرتوەو تا ئێستا کەس بە جێگایان نازانێت.

-چی تر؟

-بێگومانبە من کۆتایی تریشم بە خەیاڵدا دێت، بەڵام حەزم بە گێڕانەوەی تۆ و خودی کارەساتە ڕاستەقینەکەیە.

وتی باشە. با بۆت باس بکەم: پێرار، ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی جەژنی کریسمسی کرد، ئێوارەی شەممە ئەم دوانە وەك جاران بەرانبەر بە یەکتر دانیشتنەوە، وەك ئەوەی هیچ ئاگایان لەو جەژنە نەبێت کە خەڵکی هەمووی لە

دەرەوەن و ئاهەنگ دەگێڕن، من سەر لە ئێوارەکەی وەك جاران چاوم لێ بوو هنریك خۆی ئامادە دەکرد، خەیوەتە چکۆڵەکەی هەڵداو مێزەکەی دانا ئیتر دەبوو من ئەو شەوە بڕۆم بۆ لای هەندێك لە هاوڕێکانم لە شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا، بڕیار بوو دوو سێ شەو پێکەوە بین، پاشان سەفەری کوردستان بکەین. خۆت دەزانیت لە ئەوروپادا کریسمس یانی چی؟ بە ڕاست بۆ تا ئەو کاتە نامێنیتەوە؟

-بۆ ئەو کاتە زۆری ماوە، منیش لە فیلم و کەناڵە ئاسمانیەکانەوە ئەمەندەم دیوە لەوانەیە بە ئەندازەی تۆی لێ بزانم.

-نا، وا نیە، بیستن زۆر جیاوازە لە بینین، کەناڵەکانیش هەموو کونو قوژبنەکان پیشان نادەن، لە کوێ گوڵێك بۆن بکەیت و لە کوێ لە دوورەوە تەماشای بکەیت! ئاگات لێیە لە ئێستاوە چ ئامادەگیەك بۆ ئەو جەژنە دەکرێت؟

-ئەم ڕۆژانە پارك و بازاڕەکانم دیوە چۆن ڕازاونەتەوە، بەڵام هێشتا زوو نیە؟

-ئەو جەژنە لای ئەمان سیمبولە، پێیان خۆشە هەموو شتێکی بۆ بکەن، یان با بڵێم حەزیان لێیە بۆی ماندووبن، کەس نیە خۆشی نەوێت.

-مەبەستت ئەوەیە تەنیا لایەنە ئایینیەکە نیە وا بۆی پەرۆشن؟

-نەخێر، ئەم جەژنە تێکەڵەیەکە لە پیرۆزیی ئاینی، پەیڕەوی کردن لە داب و نەریتی کۆنی باوو باپیران، تازە کردنەوەی پەیمان و پەیامێکی کۆمەڵایەتی خۆیانە کە چێژ بەخشینە بە ئێستا و ژیانی ئایندەیان.

-بەڵام لایەنە ئاینیەکەی زاڵترە.

-من هاوڕێم هەیە چ پەیوەندیەکی بە ئاینەوە نیە، ڕاستە مەسیحیە، بەڵام زۆر لەو شتانەی لە ئینجیلدا هەیە بە ئەفسانە و خورافاتیان دەزانێت، تەنانەت بەو جۆرە لەدایك بوونەی عیسا و هەڵکشانی بەرەو ئاسمان و شتی تریش، کەچی ئەم جەژنەی زۆر خۆش دەوێت.

-وەك نەورۆزی خۆمان. بڕوامان بە ئەفسانەکەی کاوە نیە و جەژنەکەیشمان پێ خۆشە، بێگومان بە جیاوازیی مانا ئاینیەکەیەوە.

-ئیتر ڕەگەکانی هەندێك کلتوور لە نەستی مرۆڤدایە، بێ ئەوەی بڕوات بە هۆکارەکانی هەبێت بەجێی دەهێنێت، ئەگینا بۆ هەردەبێت یەکەم ڕۆژی نەورۆز هەموو خەڵك وەدەرکەوێت!

-باشە، بابچینەوە لای جانێت و هنریك.

-وەك وتم من بۆ ماوەی دوو مانگ لێرە نەبووم تا بزانم جانێت و هنریك، ماکس و ڕێکس چیان بەسەرهاتووە. بەڵام کە هاتمەوە ئیتر چی ببیستم!!

سەردار کەمێك بێدەنگبوو، وەك ئەوەی لە چرکەساتێکدا گەلێك دیمەنی سەیر بەرچاوی بگرن کە لەوانەیە هەندێکیانی نەدیبێ و بە خەیاڵ وێنایان بکات، پاشان ڕووی بەلای دیوارەکەدا وەرگێڕاو منیش کە تا ئەو کاتە هەر بە پێوە بووم لەسەر کورسیە تاکەکە دانیشتم و چاوەڕێ بووم.

دوای کەمێك وتی: کاتێك هاتمەوە و هەواڵەکەم بیست چەند جارێك سەری دایکی جانێتم دا، ئەو دوا جار چیرۆکەکەی بەم جۆرە بۆ گێڕامەوە:

(جانێت وەك جاران سەر لە ئێوارە باڵکۆنەکەی بۆ خۆی ڕازاندەوە، زۆرم داوا لێ کرد بۆ بەڕێکردنی شەوی جەژن لەگەڵما بێت بۆ ماڵی برایەکم لە شاری (برێدا). ئەو نەهاتە سەر ڕێ و وتی شەممەیە و هنریکیش دێتە جێگاکەی خۆی. زۆر بە گەرمی جەژنە پیرۆزەی لەگەڵدا کردم و سڵاوی بۆ ماڵی خاڵی نارد. ئیتر من بێ خەم ڕۆیشتم و تەنانەت ئەو شەوە تەلەفوونیشم بۆ نەکرد، چونکە شەوێکی تەواو خۆش و هەمووومان مەست بووین. وا دەزانم هیچ شەوێکی کریسمسی ترم وەك ئەو شەوە بەسەر نەبردووە، تەواو لە دنیا دابڕاو و دۆزینەوەی ئەو ئومێدانەی دەمێك بوو بزرم کردبوون کە لەوانەبوو بۆ ئایندە ژیانم بگۆڕم. کاتێك دوای دوو ڕۆژ گەڕامەوە نە جانێتم بینی نە ماکس. پرسیارم لە ناسیاوو هاوڕێ نزیکەکانمان کرد، هەموو بێ ئاگا بوون. تەلەفونم بۆ ماڵی هنریك کرد، وتیان لە ئێوارەی شەممەوە کە چووەتە دەرەوە ئیتر نەگەڕاوەتەوەو ڕێکسیش دیار نیە. لە سەرەتادا من زۆر نیگەران و پەرۆش نەبووم، لای خۆمەوە وتم بەڵکو ئەو دووانە گەیشتبێتنە ئەنجامێك بۆ

بەیەکەوە ژیان، یان ئەو شەوە ئەوەندە مەست بووبن پێکەوە سەفەرێکی کتوپڕیان بۆ جێگایەك کردبێت. ئەمە بۆ من خەون بوو کە جانێت بۆ دوا جار لەناو ژیانی هاوسەریدا ببینم، بەڵام ڕۆژێك و دوان و سیان ئەم دوانە چ هەواڵێکیان نەبوو و ئێمە ئومێدمان نەبڕیبوو، لێ دوای هەفتەیەك پۆلیس ماکسیان هێنایەوە بۆماڵەوە، من سەرسام بووم. ماکس زیاتر لەو سەگە وێڵگەردانە دەچوو چەند ڕۆژێك بێت هیچی نەخواردبێت و ڕەنگ و ڕووی تەواو تێکچووبوو، کە لە پۆلیسەکانم پرسی ماکسیان لە کوێ دۆزیوەتەوە وتیان لە ڕۆخی دەریای باکور لەگەڵ سەگێکی تردا بووە، گوایە دوای ئەوەی چەند جارێك بەو ناوەدا گەڕاون و کەسیان نەبینیوە، زانیویانە ئەمانە سەگی خاوەندارن، بۆیە گرتویانن و تەماشای ناسنامەکەی ملیان کردوون، زانیویانە شوێنی سەگەکان لەوێوە دوورە و ناتوانن خۆیان بە ئاسانی بگەیەننەوە ئەوێ و بگەڕێنەوە. پۆلیس گومانی کردبوو، بۆیە هەردووکیانیان هێناوەتەوە.

بە دایکی جانێتم وت: هێشتا بۆ دڵنیابوون زۆری ماوە، هیچ لە ماکس دەرنەکەوت؟

وتی: دوای هاتنەوەی سەگەکە ئیتر ئێمە بە ترس و دوودڵیەکی زۆرەوە لەگەڵ ماڵی هنریکدا کەوتینە گەڕان و پەیجووری ئەو دوانە، کەس چ هەواڵێکی ڕاستی لانەبوو، تەنیا لە کاتی چوونماندا بۆ سەر دەریا و ئەو شوێنەی گومانمان لێی بوو، دەریاوانێکی پیر پێی وتین کە لە بەیانییەکی زوودا کوڕو کچێکم لە ڕۆخی دەریای باکووردا دیوەو لەپڕێکدا ون بوون. تەواو لەو شوێنەدا کە پۆلیس سەگەکانیان تیا گرتبوو. ئیتر ئێمە چیمان بۆ کرا لە گەڕان و ئاگادارکردنی لایەنی بەرپرس و پۆلیس و چاودێرانی دەریا کردمان و بە هیچ ئەنجامێك نەگەیشتین.

وتم: ئەی حاڵی ماکس چۆن بوو؟

وتی: ماکس چەند ڕۆژێك وەك مرۆڤێکی غەمگین، مرۆڤێك ناسکترین و ئازیزترین کەسی لەکیس چووبێت لە ماڵەوە دەهاتو دەچوو، بۆنی بە جێگا و جلەکانی جانێتەوە دەکرد، لە هەڵس و کەوتیدا لەوە دەچوو چاوەڕوانیی کەسێك

بکات، هەمیشە دەچووە بالکۆنەکەوەو تەماشای ناو دارەکانی دەکرد، چاوی دەگێڕاو بێزار نەدەبوو. تا ڕۆژێك ڕێکس لەناو درەختەکانەوە دەرکەوت، ئیتر ئەم کەوتە قروسکە قروسك و پەلەقاژەی چوونە دەرەوە. دەرگاکەم بۆ کردەوە و نازانم چەند زوو گەیشتە لای ڕێکس! چون دوو کەسی عاشق باوەشیان بەیەکدا کرد و کەوتنە سەر زەویەکە، هەر دەت وت سکالای دەردێکی هاوبەش بۆ یەکدی دەکەن سەریان بەسەری یەکەوەناو ماوەیەك کڕ بوون، من لێرەوە هەر تەماشام دەکردن و دەگریام، گریانێك خۆیشم نەمدەزانی بۆ کەسێکە کە ئیتر نایبینمەوە یان ڕەنگە هەر ئێستا خۆی بە ژووردا بکات و بیگرمە ئامێزم و ماچی بکەم! نازانم! لە ڕاستیا تا ئێستاش ئەو هەستە لای من کۆتایی نەهاتوە. سەگەکان زوو زوو دەچوونە جێگاکەی هنریك و بۆنیان بە گژوگیا و خاکەکەیەوە دەکرد، هەندێك جار وەك نائومێد بووبن، بەجووتە سەریان شۆڕدەکرد و دەگەڕانەوە بن یەکێك لە درەختەکان، لەوێدا هەردوو دەستیان بۆ پێشەوە درێژ دەکرد و چەناگەیان دەخستە سەر، بۆ شوێنێکی دوور، گەلێك دووریان دەڕوانی و تەنیا من هەستم دەکرد ئەوە چ ڕوانین و چ گەڕانێکە بەدوای نادیاردا! دوای مانگێکیش ماکس بەیەکجاری دیار نەماو چەند بەدوایدا گەڕاین بێ ئاسەوار بوو.

لە بێدەنگیەکی پڕ لە ئەفسووسدا سەردار چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا و دوو وێنەی دەرهێنا. وێنەی جانێت و دایکی و خۆی بوون. جانێت لەوە جوانتر بوو کە من پێشتر بۆ خۆم وێنام کردبوو. بەڵام بە پێچەوانەی چاوی دایکی و سەردارەوە لە هەردوو وێنەکەدا نیگای جانێت پڕ بوو لە پرسیار و نهێنی شاراوە، چاوێك بوو هاوارێکی لێ هەڵدەستا کە هیچ مرۆڤێك لە پێش مردندا هەست بە نهێنیەکەی ناکات و دوای ونبوونی مەرگ دەڵێت: دەبوو بمزانیایە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم مرۆڤە لەناو گەرداوێکدا ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە.

لە سەردارم پرسی: باشە تۆ ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟

-نازانم، زۆریش بیرم لێ کردۆتەوە، بەڵام هیچ گریمانەیەك قەناعەتم پێ

ناکات.

-تۆ بڵێی لەبەر ئەوە نەبووبێت کە تەنیایی و ئارەزووی کپ کراوی ئەو ساڵانە هێرشی جووت بوونی بۆ نەهێنابن و ئەوانیش بۆ پیرۆز ڕاگرتنی پەیوەندیەکەیان و بەتایبەتی چێژی تەنیایی و تەریکیان، وەك خۆیشت وتت کە پەیوەندیی هاوسەرگیریان بەلاوە نادروست بوە، ئیتر بۆ رزگار بوون لەو هێرشە خۆیان دابێتە دەست مەرگێکی لەو جۆرە؟

-ئەمەیش لێکدانەوەیەکی لۆژیکیە و من بۆی نەچووم، بەڵام دیارە پێش ئەو شەوە ئامادەگیان بۆ کارەکە کردووە.

-مەرج نیە، ڕەنگە سەری ساڵ و جەژنی کریسمس و مەستییش هەر پاڵپشتێکی ئەم بۆچوونە بن.

-من دەربارەی ئیمان و بڕوای جانێت هیچ نازانم و پرسیاریشم لێ نەکردووە، تەنیا، وەك پێشتر وتم، ئەو جۆرە کتێبە تایبەتیەی دەخوێندەوە کە بۆم باس کردیت.

وتم: لەم وڵاتانەدا و ئەو جۆرە پاکیزەییە کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەموو دەوروبەرو هەلومەرجەکانیش بە پێچەوانەی ئەو خۆ گرێدانەوەیە. لێرە تا ڕادەیەکی زۆر کێشەی سێکس نیە و مرۆڤەکان بە هەردوو ڕەگەزەکەوە ئازادن چی دەکەن و چی بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەمەیان مۆدێلی خۆشەویستیەکەی شیرین و فەرهاد و مەم و زینەکەی خۆمانە، بەڵام تەکنیکەکەی جیاوازە.

وتم: کەواتە تا ئێستا هیچ دەرنەکەوتووە، بەمانای سۆراخێکی مانەوە، هەواڵێك، یان...!

وتی نەخێر، ئەمانیش بەتەواوی ئومێد بڕاو بوون. وتم: دایکی هەروا ماوەتەوە؟ وتی: ئەمەیش چیرۆکێکی ترە، ڕەنگە پێت خۆش بێت بیگێڕمەوە. گوێ بگرە: چەند مانگێك دوای ئەو کارەساتە، ڕۆژێك دایکی جانێت تەلەفوونی بۆ کردم کە ئەگەر کارم نیە سەری لێ بدەم، شەوی شەممە لەسەر یەك شەممە بوو، بەڵێنم دایە. میوانێکم

هەبوو بەڕێم کرد و چووم. پێی وتم: هەندێك شەرابی جانێت ماوە حەز دەکەم ئەمشەو پێکەوەو بەیادی ئەوەوە بیخۆینەوە. من زۆرم پێ خۆشبوو، پێکەوە هەر لە ماڵی خۆیان مێزمان ڕازاندەوەو بەرانبەر بەیەکتر لە ژوورەکەی جانێتا دانیشتین، دایکی وتی با ئەمشەو من و تۆیش جانێت و هنریك بین. من پێکەنیم و وتم: کەس ناتوانێت وەك ئەوان بێت. ئیتر دەستمان کرد بە خواردنەوەیەکی سەرومڕو باسی جانێت: بزێوی و سەرکێشیەکانی جانێت بە منداڵی و یاخی بوونی لە داب و نەریتە سواوەکانی ناو ماڵ و شەڕی بەردەوامی لەگەڵ باوکی و ئەودا کە ویستوویانە ڕێ لە هەندێك ڕەفتار و هەڵس و کەوتی بگرن، تەنانەت جارێك دوو شەوو ڕۆژ دەمی لە خواردن نەداوەو لە ژوورەکەیدا خۆی زیندانی کردووە چونکە ئەوان سەرکۆنەی هەڵوێستێکی ئەویان کردووە. من لێم پرسی هەڵوێستەکەی چی بووە؟ دایکی وتی: ئەو کاتە تەمەنی جانێت دوانزە ساڵ بوو، ڕۆژێك کە لە قوتابخانە تایبەتیەکەی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دەگەڕێتەوە، لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنیدا بەشەڕ دێت، کوڕەکە وەك توانج پێی وتبوو کە ئەو کەڕو لاڵەو ناتوانێت لە ئایندەدا مرۆڤێکی کاریگەر بێت، بەڵام خۆی کوڕێکی تەندروستە. جانێتیش ئەوەندە بە ڕقەوە کتێبەکانی بە سەروچاویدا کێشابوو دەم و لوتی کوڕەکەی پڕ کردبوو لە خوێن. ئێمە لەسەر ئەم هەڵوێستەی لە ماڵەوە سەرزەنشتمان کرد کە کاردانەوەیەکی تیژی هەبووەو دەبوو بایەخ بەو قسانە نەدات. بەڵام ئەو تا ماوەیەکی زۆر ئەو ڕووداوەی لەبیر نەدەکرد. زۆر کاتی تریش جاری وا هەبوو ڕووی لە ئاسمان دەکرد و دەکەوتە نەفرەت کردن، یان بە ئاماژە نارەزایی بەرانبەر بە من و باوکی دەردەبڕی، یان تەواو لە خۆی بێزار دەبوو، گەلێك جار ئێمەی بێ تاقەت دەکرد، تەنانەت باوکی ئەمەندەی لە جگەرە کێشان و مەی خواردنەوە زیاد کرد تووشی نەخۆشی هات.

کە دایکی جانێت بێدەنگ بوو پێم وت: هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەچوە ڕۆژێك لە ڕۆژان جانێت توندو تیژ بووبێت، بە پێچەوانەوە کچەکەت بارانی خۆشەویستی و میهرەبانی لێ دەچۆڕا. وتی: لە منداڵیدا کچێکی زۆر هێور نەبوو، تاڕادەیەك سەرچڵ

و بێ باکبوو. بەڵام ئەوسایش حەزی لە خوێندنەوە دەکرد. کە فێری مۆسیقایش بوو ئیتر وردە وردە کەوتە تەریکی و تەنیایی خۆی. وتم هەموو ئەمانەی تۆ دەیڵێیت لەگەڵ دانیشتنەکەی ئێوارانیدا یەك نایەتەوە، لەو ئێوارانەیەدا جانێت ژیان و ئەوینی تیا کۆدەبوەوە. وتی: منیش تەنیا ئەو دیاردەیەم بەلاوە سەیر بوو، چونکە لە ژیانی ماڵ و ناو خێزانیشدا ئەو کچە پڕ لە شەوق و عەشقە نەبوو کە لەو رۆژانەدا دەبینرا.

کە سەردار بێدەنگ بوو پێم وت: دەزانیت حەز دەکەم منیش دایکی جانێت ببینم، هەر بینینی رووت. سەردار وتی: پەلە مەکە، ئەویش چیرۆکی خۆی هەیە، چونکە ئەو شەوە بە ڕاستیی دەیویست سەرخۆش بێت، مەستیەك هەرگیز لێم نەدیوەو چاوەڕوانیشی نەبووم. ئەمەندەش جوان خۆی ڕازاندبوەوە بڕوات بە چاوت نەدەکرد.

وتم: ئەمیش کۆتاییەکی تراژیدی نەبێت؟

وتی: نا، بە پێچەوانەوە، دوای ئەوەی خواردنەوەکەمان تەواو بوو، دایکی جانێت کە هێشتا بەو تەمەنی پەنجاساڵیەوە زۆر لە سیمای جوانیی تیا مابوەوەو لەشی لە لەشی کچێکی بیست ساڵان دەچوو، هەستا، چووە ژوورەکەی خۆی و دوای کەمێك گەڕایەوە، بۆنێکی لە خۆی دابوو پیاوی پڕ دەکرد لە ئارەزووی سێکس، بێجگە لە ستیان و شۆرتێك چی تری لەبەردا نەبوو. پێی وتم: تۆ ئەمشەو هنریکیت و من دەمەوێت تۆڵەی کچەکەمت لێ بکەمەوە. وتم : تۆڵەی چی کریستینا؟ ئەمە چ جۆرە تۆڵەیەکە؟ وتی: نازانم، بەڵام وا هەست دەکەم هنریکیش دەوری هەبوبێت لەو بەیەکتر نەگەیشتنەی ئەواندا، بۆیە ئەمشەو گیانی جانێت شاد دەبێت، تۆ لە سەرەتادا نەت وت کەس ناگات بەو دووانە، با ئێمەیش شتێکی نزیك لە رەفتارەکەی ئەوان بکەین، بەڵام پێچەوانەکەی بێت، دەڵێیت چی؟ کەمێك لە سنگ و مەمك و چاوە شینە پڕ لە ئارەزووەکانیم ڕوانی و پێم وت: بەڕاستیی منیش زۆر سەری لێ دەرناکەم، بەڵام خۆشترین کار ئەوەیە کە سەر لە مەوداکانی دەرنەکەیت و

بیشیکەیت.

کە سەردار بێدەنگبوو لێم پرسی:

- ئێ: دوای ئەوە؟

-تەواو، من ئەو شەوە هەر لەوێ و لەگەڵ کریستینادا مامەوە، شەوێك بە دڵی تۆ، بەیانیەکەیشی هەستێك گەمارۆی دابووم نەمدەزانی چییە، نا، هەرگیز: بەڵام دەزانیت دوای ئەوە چی ڕوویدا؟

دوای کەمێك بیرکردنەوە وتم:

-کریستینایش خۆی نەکوشتبێت؟

-نا، ئەو شەوە بە کامێراکەی خۆی چەند وێنەیەکی منی گرت و منیش هەروا، پاشان چەند وێنەیەکی هەردووکمان پێکەوە، دوای چەند رۆژێك دوو وێنەی خۆم و خۆی بۆ ناردبووم، لە پشتی وێنەیەکیانی نووسیبوو ئەو شەوەی هەرگیز دووبارە نابێتەوە. لە پشتی ئەویتریشیانی نوسیبوو: هنریك و جانێتێکی تر، لە دنیایەکی جیاوازتردا. ئیتر دوای ئەوە تا ئێستا کریستینام نەبینیوەتەوە.

-نەبینینەوەی چۆن؟

-ئەوەندە دەزانم ئاپارتمانەکەی ماوەتەوە، بەڵام خۆی دیار نیە، ئەوە بوو بە دوو ساڵی ڕێك تەنانەت کەس و کاریشی هەواڵی نازانن.

-جا باشە دنیای ئەمڕۆ ئەوەندە گەورەیە ئەوی تیا ون بێت؟

-بێگومان زۆریش گەورەیە، بەتایبەتی بۆ حاڵەتی خۆ ون کردنێکی لەو جۆرە، خۆ ون کردن زۆر لق و پۆپی لێ دەبێتەوە، لەوانەیە... بڵێم چی؟

-لە پشتی وێنەیەکی نوسیبوو ئەو شەوەی هەرگیز دووبارە نابێتەوە؟

-بەڵێ، وای نوسیبوو.

وتم: سەردار گیان ئەو رستەیە لێکدانەوەی فرە هەڵدەگرێت، بەهەرحاڵ گرنگ ئەوەیە ئەو شەوە شتێکی لای تۆ بەجێهێشتبێت.

وتی: هەموو بەیانیەك، وەك ئێستای خۆمان کە لە خەو هەڵدەستم، یەکەمجار

تەماشای باڵکۆنەکە دەکەم، ڕادەمێنم، بیردەکەمەوە، لەپێشا جانێت و هنریك دەبینم، سەگەکان لەبەرچاومدا دەکەونە یاری کردن و تەپو تلدان. وردە وردە بە دیمەنەکاندا دەگەڕێم تا دەگەمە ئەو دوا شەوەی بۆم باس کردیت، لەوێدا زۆر دەوەستم، دەلەرزم و موچوڕکم پیا دێت، هەندێك جار تەریق دەبمەوەو شەرم دام دەگرێت، بەڵام جاری تر ئارەزووی ئەو شەوە دەکەمەوە، یان پرسیار دەکەم، ئەو پرسیارانەی زۆربەیان بێ وەڵامن، بەڵام گەلێك لە دیمەنەکانی ئەو شەوە زیندوون، بۆ منێکی ڕەهەندی ئەم دوورە وڵاتیە تا ڕادەیەکی زۆر خۆش و بەتامن، تامێکی بەردەوام، وەك ئەو زەویە تینوەی بەلێزمە باران دادەکاتە سەری و ئەو تێر ئاو نابێت، هەر تەواو وەك ئەو زەویە، ئیتر لە هەر شوێن و سەردەمێکدا بێت.

«٢٠٠٩»

★ ★ ★

* ساڵی ٢٠٠٩ کتێبی (بەرەو کەناری شپرزەیی)م چاپ کرد کە دەقێکی کراوە بوو، چەند ژانرێکی وەك یاداشتنامە، چیرۆك، بۆچوونی گشتی، سەفەرنامە، باری سەرنجی تایبەتی خۆم لەسەر هەندێك دیمەنو دیاردەو شوێنی تیابوو کە لە ماوەی نزیك بە مانگێکی ساڵی ٢٠٠٨ لە سەفەری چەند وڵاتێکی ئەوروپادا تۆمارم کردبوون. یەکێك لە دەقەکانی ناو کتێبەکە ئەم چیرۆکە بوو کە بەرهەمی خەیاڵو زەمینەیەکی لەبارهاتووی شاری (دانهاخ)ی وڵاتی هۆڵەندایە (کەش‌و هەوای ناو چیرۆکەکە، پەیوەندیی کاراکتەرو گونجاندنی ڕووداوەکان لەو دۆخەدان) لە دوا ساتەکانی ئامادەکردنی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا بۆ چاپ لە ناکاودا ئەم چیرۆکە خۆی نمایش کرد کە لە ناو ئەو کتێبەدا بێ شناسەو دەیەوێت لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆیدا بێت‌و من هەستی نامۆیی لێ بتەرێنم. جارێکی تر خوێندمەوەو هەستم بەو ڕاستیە کرد، بۆیە ناونیشانی (خۆشەویستی)م بۆ داناو زۆر کەمیش دەستکاری هەندێك ڕستەو وشەو هەڵەی چاپی ئەوسایم کرد.   «نووسەر»

ڕۆژانە چیرۆک

# ١
# یاد

لەنێوان جۆلانەی تەمەن و نەخۆشـیە بەردەوامەکانیدا، بەردێکی لە قووڵاییدا چەقیو بەڵام خەیاڵێکی خۆش گوزەربوو. ئێوارەیەکی پاییز لەبەر هەیوانی ماڵەکەیاندا سەری نابوەوە، گینگڵی دەداو خەوی لێ نەدەکەوت، بەدوای تراویلکەی ئەو یاد و حەسرەتانەوە بوو کە لە دەشتە بەرینەکەی ڕۆحیدا جارێك تێکەڵ دەبوون و تاوێك جیادەبوونەوە. نە ئاگای لەقاچە مانگرتوەکەی مابوو نە گەنە تایەکەی جەستەی. بێ ئەوەی بەتەمای میوانداریی وەنەوزێك بێت چاوی نانە سەریەك، باڵی کردەوەو فڕی، فڕی و ڕۆشت، تاگەیشتە گەڕەکە کۆنەکەی ئەوپەڕی شار. باڵی بەسەر کۆڵان و شەقام و سەربانەکاندا خشاند و نیگای پڕبوو لە یادگارە دێرینەکان. تاگەیشتە بەردەرگای ئەو خانوەی گڕی یەکەم ژوان باڵی سوتاند و توانای فڕینی تری نەهێشت. لە دەرگای ماڵەکەیدا، هێور بەڵام دوودڵ، جارێکی تر لێی دایەوە، لاوێکی سوروسپی قژ ڕەش و چاوشین دەرگای کردەوە.

پاكیز كە لاوەكەی دی دڵی بە خورپە كەوت و تەزوویەكی خێرا بە لەشیدا گەڕا، وەك پێشــتر دیبێتی یان بیناسـێت وابوو. ویستی شــتێك بڵێت و نەیتوانی، سەری داخست، شەرمێكی لێ نیشت لە شەرمی یەكەم ماچ و یەكەم لە ئامێز گرتن و یەكەم ڕووت بوونەوە دەچوو. پاكیز لەوكاتەدا كچێكی تەمەن بیســت ساڵانی بێ ئەزموون بوو، یەكەمجاری بوو كوڕێك دەرگای ماڵی چۆڵی لێ بكاتەوەو ئەم بە ترسەوە هەنگاو بەسەر سنوورێكی حەرامدا بنێت. كوڕەكە پرسی:

-پوورێ گیان ماڵی كێت دەوێت؟

-نازانم..كوڕەكەم..لەوانەیە لێم تێك چووبێت.!

-نازانیت بۆ ماڵی كێ دەگەڕێیت؟

-ببوورە..ماڵی..ماڵی...

-ئێرە ماڵی ئێمەیە، هەرخۆم و دایكێكی پیرمی تیا دەژین، ئەویش وەك تۆ وایە، نافەرموویت؟

-نا..نا.. سوپاس. من،. من، بەدوای ماڵی ناسیاوێكدا دەگەڕێم، تەمەنی پیاوەكەیان نزیكەی شەست ساڵە.

-ناوی چیە؟

-ناوی، ناوی! بەراســتیی لەبیرم نەماوە، زۆر دەمێكە پەیوەندیمان پچڕاوە. باشە تۆ كوڕی كێیت؟

- مــن باوكم نــاوی عەلی بــوو، پێیان دەوت عــەلی زبە، ســاڵێكە كۆچی دوایی كردوە.

پاكیز ڕاچەنی و بەدەم هەناســەو ئاهێكی گەرمەوە ڕاست هاتەوە بەر هەیوان و جێگاكەی. دەســتی بە قاچیدا هێنا كە ژانێكــی كتوپڕ دابوویە پەنجەكانی. بە زۆر خۆی ڕاســت كردەوەو دانیشت، چاوی بەناو حەوشــەكەدا گێڕا. زریانی كچی بینی كەسێ منداڵە وردەكەی تێی ورو كابوون و ئەویش بە بێزاریەوە سەرقاڵی كاركردن بوو. بانگی لێ كرد تا دەستی بگرێت و بەرەو ناوحەوشەكە كێشی بكات.

پاكیز لەژێر دارتوە تەمەن شەست ساڵەكەدا لەسەر پشت ڕاكشا، لەگەڵا زەرد هەڵگەڕاوەكانی ڕوانی، هەیان بوو ڕەنگی پرتەقاڵ و هەندێكی تریان لە نێوان سوورو زەردی دوا ماڵئاوایی خۆری ئێواراندابوو.

سروەی شەماڵێكی لەناكاو بە سەماكردن چەند گەڵایەكی خستنە خوارێ. چوار لە گەڵاكان لەسەر سنگی نیشتنەوە. پاكیز هەردوو دەستی نانەسەر، چوار گەڵاكە لەژێر پەنجەكانیدا دەنگێكی كزیان لێوە هات و وردبوون. ئەو چاوی نانەوە سەریەك و وای هەست كرد بە هەر چواریان چیرۆكی چل ساڵ لەوەوبەری تەمەنی یەكەم خۆشەویستی و یەكەمین جێ ژوانی ئەو دەگێڕنەوە، تەمەنێك لە دواییدا هەڵدەوەرێت و تەنیا ڕووبار و درەخت و چیاو ئەستێرەن چیرۆكەكان وەك خۆیان بۆ ئێستا و ئاییندە دەگێڕنەوە.

پاكیز بە وردی تەماشای زریانی كردەوە، دەم و چاوو قژو باڵای كچەكەی وێنەیەكی تەواوی خۆی بوو. كوڕی بەردەرگاكەیشی هەر بەو جۆرە بیركەوتەوە. جارێكی تر لە ناوچاوی زریان ڕامایەوە، وەك ئەوەی بەدوای مانایەكدا بگەڕێت وابوو، لە پڕێكدا ناڵەیەكی لێوەهات و ڕووی وەرگێڕا. لەدوا نیگای كچەكەیدا هەستی بەوەكرد كە پێی بڵێت:(( كەی ئەم پیرێژنەی دایكم دەمرێت و لەدەست ئەرك و نەخۆشیەكانی ڕزگارم دەبێت؟))

حوزەیرانی ٢٠١٠

# ٢
# خەون

بەم ســەرو ئەوسەری ڕێگاکە نزیکەی دوانزە ســەعات ماشینی داژووت، ڕێگاکە بــۆ ئــەم وەك خواردنی ئاســایی لێ هاتبوو. لــە گەڕانەوەی ئەو ڕۆژەیــدا مەلێکی تەنیای بەر کزەبایەکی پاییزبوو، تەنانەت تاقەتی کاســێت لێدانیشــی نەبوو. ڕێگا چــۆڵ و تاك و تەرای ماشــین لــە خەیــاڵ و بیرکردنەوەیان نەدەکــرد. بۆیە لەوە ڕەهاتر دەوروبەرەکەی جڵەوی فڕینی بگرێت ڕۆشــت، ڕۆشت.. بەرەو ئەو کۆشکەی دەکەوێتە سەر دەریاچەکە، ئەو هەموو جارێك کە بەلایدا تێدەپەڕێت هەناسەیەکی ناکامیی هەڵدەکێشــێت، ماوەیەك ماتی دای دەگرێت و قســە لەگەڵ سەرنشینەکانی ناو ماشینەکەیشــی ناکات. ئەمجارەیان بێ ئەوەی چ بەربەستێك بەرزەینی بکەوێت باڵی فڕینی جووت کرد و لەناو کۆشــکەکەدا نیشــتەوە. کۆشــکەکە بۆ ئەوێك کە تا ئەوســاتە لەگەڵ باوك و دایکێکی پیردا، لە دوو ژووری قوڕینی خانوویەکی تەریکە شــاردا دەژی، ئەفســوونێك بوو بۆ خۆی. سەرەتا وای هەست کرد لەوێلگەیەکدایە و

نازانێت تەماشای چی بکات، تابلۆی بەنرخی سەردیواری مەڕمەڕ؟ توحەفیاتی نایاب و کریستاڵ و وێنەو زەخرەفە جوان و درەوشاوەکان؟ پەردە و شووشە بەندەکان کە وێنەی کۆتر و چۆلەکە و کەناری و مراوی و کەو و پەپوسلێمانکەیان لەسەر بوو، لەسەر فەرشی سەردیوارەکان نەخشی گۆزەی شەراب و ساقی و سەمای کەنیزەك و میر و سوڵتان هەبوو، لەناو هۆڵی پێشوازیشدا وێنەیەکی فۆتۆگرافیی گەورەی ژن و مێردێکی لاو کە لە مانگی هەنگویندان و پێدەکەنن، چەند ئینجانەیەکی گەورەیش گوڵی سروشتیان تیابوو.

شوان چوە ژوورێکەوە ئاوێنەیەکی باڵا نمای تیابوو، لەبەردەمیدا وەستا و تەماشای خۆی کرد، تا ئەو کاتە لە ئاوێنەیەکی تردا باڵای خۆی بەو جوانیە نەدیبوو. لەسەر مێزی بەردەم ئاوێنەکە کۆمەڵێك شووشەی عەتر و کرێمی بینی، عەترەکانی یەکە یەکە بە سەروو ملی خۆیدا کرد. بۆنی یەکێکیان هەستی ڕاگرت و ئارەزووی وروژاند، ئارەزووی لاوێکی تەمەن بیست ساڵ کە تا ئەو ساتە دڵۆپێك لە خۆشەویستی کچێك بەر بیابانی ڕۆح و جەستەی نەکەوتبێت. لە ژووری نووستنیشدا ماوەیەك ڕاما و لەو وێنانەی سەر دیوارەکە ورد بوەوە کە هەندێکیان ئافرەتی نیوە ڕووت بوون. چوە باڵکۆنەکە، تەماشای ئەمسەر و ئەوسەری دەریاچەکەی کرد، وای هاتە بەرچاو کە ئاسمانە شینەکە بە مەیلێکی ئاشقانەوە خۆی بەسەر ڕووبارەکەدا کێشاوەو بازرەقە و خۆ هەڵگێڕانەوەی ماسیەکانیش ئەستێرەی بە جریوەن.

شوان گەڕایەوە بۆ ژوورێکی تر، لەناو قەفەزەیەکدا هەمەجۆر خواردنەوە دانرابوو، ئەو تا ئەوکاتە بادەی نەخواردبوەوە، بەڵام وەك بیستبووی نەدەکرا لە کۆشکێکی واو لەسەر دەریاچەیەکی هێند دڵگیردابیت و نەخۆیتەوە. لە خۆوە قاپێك شامپانیای دەرهێنا و ناشیانە سەرەکەی بادا، زۆری لێ کرد، لەپڕێکدا تەپەدۆری سەرقاپەکە وەك فیشەك دەرپەڕی، لەبن میچەکەیدا و لە گەڕانەوەیدا بەر سەری کەوت. شوان کەمێك سڵەمیەوەو قاپەکە لە دەستیا مەیی، چونکە ڕووداوی وای لە کەس نەبیستبوو. بەدەم هات و چۆو چاوگێرانی ناو ژوورەکانەوە دوو پێکی

لە شـــامپانیاکە خواردەوەو تامەکەی پێ خۆشـــبوو. پێکی سێیەمی لەگەڵ هەندێك میوەی ناو ســـەلاجەکەدا هێنایەوە باڵکۆنەکە، لەسەر کورسیەکی سەفەری دانیشت. ئەمجارەیـــان بە کەمێـــك خەیاڵەوە لـــە دەریاچەکەی ڕوانیەوە، ڕەنگە شـــینەکەی تۆخترببـــوەوە، گڵۆپە هەڵکراوەکانـــی ئەمبەر ئەوبەریش ئەســـتێرە بارانێك بوون بۆ خۆیان. مانگ لە ناوەڕاســـتی دەریاچەکەدا یاری دەرەوشـــانەوەو جریوەی لەگەڵ ئەستێرەکانی دەوری خۆی و شەوقی چراکاندا دەکرد.

شـــوان لەوبەری دەریاچەکەوە تارماییەکی دی بەرەو ئەمبەر دەهات، ســـەرنجی لێ گرت و زانی مەلەوانێکە وەك دۆلفین خۆی بەژێر ئاوەکەدا دەکات و دوای چەند مەترێك ســـەر دەردەهێنێتەوە. دیمەنەکەی لاجوان بوو، بەڵام ســـەیری لێ هات ئەو کەسە چۆن دەتوانێت بە تەنیا لەو ئاوە زۆر ساردەدا مەلە بکات. حەزی مەلەزانینی خرۆشـــا و خۆزگەی پێ خواســـت، بە خۆی وت: ((جا من بێجگە لە شۆفێری چی تر دەزانم، شـــۆفێریەکەیش بـــۆ خەڵکی تر نەك بۆ خۆم؟!)). جارێکی تر ســـەیری لای مەلەوانەکەی کردەوە کە لەناوەڕاســـتی دەریاچەکە تێپەڕیبوو بەرەو لای کۆشکەکە دەهـــات، بەڵام توانای هەڵمەت و بەرەوپێش چوونەکەی وەك جاری پێشـــوو نەبوو، ئەو دۆلفینە نەبوو کە کەمێك لەوەوبەر دیبووی. ئەم زیاتر چاوی تێبڕی و ترســـی لێ نیشـــت. مەلەوانەکە چەند جارێك دەســـتی بەرەولای ئەم هەڵبڕی و هاواری کرد، لە دواییدا، وەك ئەوەی لەناکاو چیایەك لە ناوەڕاستی دوورگەیەکدا قوت بووبێتەوە شەپۆلێك هات و مەلەوانەکەی بەرەو ژێرەوە لوول کرد تا بە تەواوی دیار نەما.

شوان هەســـتایە ســـەرپێ و کەوتە ملە قوتێ. ئاســـەواری مەلەوانەکەی لەهیچ جێگایەکدا نەدی. دانیشتەوەو بە خۆی وت: ((باشتر کە مەلە نازانم))

کەروێشکێك دەیویســـت لەجادەکە بپەڕێتەوە، کەوتە بەردەم ماشینەکەو شوان هاتەوە ســـەرخۆی، بەپەلە ســـتۆپی گرت. کەروێشـــکەکە خێرا تێپەڕی و ئەم هەر وەستابوو بیری دەکردەوە. قەمەرەیەکی ئۆدی مۆدیل ٢٠١٠ لە دوایەوە هات و لە پاڵیا ڕای گرت، ژن و پیاوێکی لێ دابەزین، شوان کە لێیان وردبوەوە تەزوویەکی پێداهات

و کەمێك پەشـۆکا. ئەو ژن و مێردە بوون کە وێنەیان بە گەورەیی لە کۆشـکەکەدا هەڵواسـرابوو. هۆی وەستانەکەیان لێ پرسـی کە ئایا پێویستیی بە یارمەتیی ئەوان نیە؟ ئەو داوای لێبوردنی لێ کردن. ئەوان سـواربوونەوەو لە چرکە ساتێکدا لەچاو ون بوون. شوان حەزی کرد بیان گاتێ و زیاتر لێیان بڕوانێت. پێی لە بەنزین داگرت و ماشینەکەی تاودا، کە نائومێد بوو بە خۆی وت: دایۆیەکی مۆدێل نزم کەی توانای فڕینی ئۆدێکی مودێل بەرزی هەیە!

کە شـوان لە خۆراوابووندا گەیشـتە ئاستی کۆشکەکەو ماشـینەکەیانی لەبەر دەرگاکە دی، دیسانەوە بە قووڵی تەماشای کردەوەو هەناسەی ناکامیی هەڵکێشایەوە، دیسـان دیمـەن و وێنەکانـی هاتنـەوە بەرچاو، لەسـەرخۆ کەوتـەوە ئاژووتن و بیرکردنەوە، دیمەنەکان لەناو زەینی شـواندا جارێك شـلوێ دەبوون و بەتەمای ون بـوون بوون، تاوێك گوێیان بـە گومان نەدەدا و دەهاتنەوە بەردەمی، بەڵام شـوان دواجار نەیتوانی تاسەر دەرەقەتی راسـتیەکان بێت یان توانای گۆڕینیانی هەبێت. بۆیـە بە ئارەزوویەکی پڕەوە فڕیەوە ناو کۆشـکەکە. بێ دەربەسـتانەو وەك خۆی خاوەنی راسـتەقینەی کۆشکەکە بێت کەوتەوە سـەردانی هۆڵ و ژوورەکان، دەستی بۆ قاپێك شـامپانیا برد، زوو دەسـتی گێڕایەوە، لەوە ترسـا دەنگی تەپەدۆرەکەی سـەری ئاشـکرای بکات. پێکێك وێسـکی تێ کرد و هاتەوە باڵکۆنەکە، تەماشای لای مەلەوانەکەی کردەوە. خۆزگەی خواست لەپڕێکدا مەلەوانەکە ببێتەوە بە دۆلفین و لەلایەکی ترەوە بەرەو لای ئەم بگەڕێتەوە. هاتەوەو پێکێکی تر ویسکی تێ کردەوە، دیسانەوە، هەر بە پێوە لە دەریاچەکەی ڕوانیەوە کە لە جاری پێشوو قەشەنگتربوو، شـەپۆلەکان بەدوای یەکتردا هاژەیان دەکرد و تا دەهاتن بەرزتر دەبوونەوە. شـوان هاتەوە ژووری، ناو کۆشـکەکە لەجاری پێشوو بێدەنگتر بوو، بە نیوە مەستیەکەوە لەبەردەرگای ژووری نووسـتنەکە وەستا، تەماشای سەر سیستمەکەی کردەوە، ژن و مێردە گەنجەکە بە ڕووتی نووستبوون. رووی وەرگێڕا، بەڵام زوو چاوی تێ بڕیەوە، دیسانەوە چاوی کەلا خستەوەو دووبارە گەڕایەوە سەری.

شــوفێرێکی ناســیاو هۆڕنێکی درێژی بۆ لێدا، شــوان بە کورتی وەڵامی دایەوە، خۆی ڕێك کردەوەو بەملاو ئەولایدا ڕوانی، ئەمجارەیان ڕێگاکە لەوە زۆر ئاپوورەتر بوو فریای ئەوە بکەوێت بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆشــکەکە، ماشینەکان تیژ تێدەپەڕین و ئەمیــش وەك تــازە لەخەو هەســتابێت وابوو، لەســەرخۆ کاســێتێکی گۆرانی و هەڵپەرکێی خستە سەر و تەواو گوێی بۆشل کرد. بۆ شەوی ناوجێگا و تەنیاییەکەی خۆیشی تەنیا دیمەنی دوەمی سەر سیستەمەکەی بە لۆکیی هێشتەوە.

حوزەیرانی ٢٠١٠

# ٣
# بەیەك گەیشتنی هێڵە تەریبەكان

ئەو بەیانیەی هەواڵی مەرگی شانازم بیست هیچ مەبەستم نەبوو نە بۆ بەخاك سپاردنی بچم نە چوونە پرسەكەی ئێوارەی. ئاسایی، وەك هەموو بەیانیەكی رۆژانی هەینی بەرەو ناو بازاڕ و لای شارەوانی كۆن بەڕێ كەوتم. خۆم دایەوە دەست ئەو بێهودەییەی كە سەرلەبەری گەڕانەكەم دەداتە دەست ڕێكەوت و منیش تەواو خۆمی بۆ شل دەكەم. شل بوونێك تا سنووری پەرت بوون و وێڵگەردیی. هەرچەندە لەوەیش بەئاگام كە پەناو پەسێوی ئەم ناو بازاڕە، بەتایبەتی گوزەرە تەسكەكەی كە تاسەر شەقامە گشتیەكە هەنگاو بوێرم پێ ناكات، هەندێك جار، بێ ویستی خۆم، پەلكێشی ناو ڕابووردوویەكم دەكات گەلێك لە دیمەنەكانی لەوە شلوێ ترن بیانخەمەوە بەرزەین و چێژێك بە ماندووبوونی ئێستام بدەن. جار هەیە تەنانەت دەست دەدەنە باڵی كە ئەوانەیان بەپەلە لەبەرچاوی خۆمیان لادەدەم و حەزناكەم بۆنیشیانم بەسەردا بێت. من هەوڵی خۆ لادانم زۆرە، بەڵام بە تەواویی

لەگەڵ ئەوانەیشــدا نیــم کە دەڵێن یادەوەریــەکان تابووتی مردوون بەسەرشــانی زیندووەکانــەوە. نا، ئەو تابووتانە، هەندێك جار مرۆڤی هێند زیندوویان تیایە کە لەکاتی خۆیدا دێنەوە دەنگ تێدەگەیت لە سەردەمەکەی تۆدا دەژین.

ئەو رۆژە گوزەرەکە لە هەفتە بازاڕی جاران دەچوو. دەتوت ســاڵێکە نە دووکانی تیاکراوەتەوە نە سەر شۆستەو ئەمبەر ئەوبەری ڕێگاکەی کەسی بە خۆوە دیوە، ئەمە یەکــەم رۆژەو وروژمی خەڵکــی ڕێ بە ڕێبوار نادات و هاواری فرۆشــیار ناهێڵێت بە ئاســانی دەنگی کەســێك بەوی تر بگات. من هیچ لەمانەم مەبەست نەبوو، کەچی لە پڕێکدا هاوڕێیەکی قوتابی کۆنی ســەرەتایی خۆم بینی کە بەردەوام لە پۆلی یەکدا و لــە گەرمەی وانەکاندا خەوی لێ دەکەوت. کاتێك بە ئاگا دەهاتەوە بەگژ قوتابیەکەی تەنیشتیدا دەچوو، کە مامۆستا هۆیەکەی لێ دەپرسی ئەو زۆر سادە و ساکارانە وەڵامی دەدایەوە کە قوتابیەکەی تەنیشــتی ناهێڵێت سەرخەوێك بشکێنێت. پێم وت: جەلال گیــان ئێســتا کیلۆی خەو بە چەندە؟ وتی لەو بابەتەی ئەوســا هەر لــە کڕین نایە. من جارێکی دی ویســتم خۆم لەو دیمەن و یادگاریانە بدزمەوە، چونکە نە ســوکراتم پرسیاری سەیر و هەمەجۆر لە خەڵکی ناوبازاڕ بکەم بۆ ئەوەی بگەمە بەرئەنجامێکی فەلسەفی، نە بازرگانیشم سەر لە هەڵاوسانی بازاڕ دەربکەم و بەدوای قازانج و زەرەری کاڵاوەبــم. کەچی ئەمڕۆ، هەر لە خوار حەوزە وشــکەکەوە بیرم بــو بە کۆلارەیەکی دەزوو پچڕاو کە هەر هەڵدەکشێ و سووڕ دەخوات، دەڕواو تەقڵە لێ دەدات، کە باکەیشی خست ئیدی بە هێوریی لەپاڵ دەزوە مردوەکەی هاوڕێیدا ڕادەکشێت. بۆ نموونە بیرم لە بازاڕی ئەســینای سەردەمی ســۆفۆکلیس کردەوە، کاتێك ئۆدیب بە کوێریی پیایدا تێدەپەڕێت و ئەنتی گۆنای کچی دەســتی ڕادەکێشێت. ئۆدیب هەر دەڕواو نەفرەت لە خواکانی گریك دەکات کە ناهێڵن مرۆڤ بە سەربەســتی و ویســتی خۆی بژی. ئاخر دەبێــت ئۆدیب چ تاوانێکی کردبێت کە پێشــتر خواکان قــەدەری باوك کوژی و دایك هێنانیان لە چارە نووســیبێت؟ ئەگەر دوای سەدان ســەدە (فرویدێك) پەیدا نەبێت میداڵی رسواکردنی بەبەرۆکدا بکات و بیکاتە نموونەی دەیان گرێ کوێرەی تر!

گــوزەری بیرکردنەوەکــەم لــە هەنگــاوی ئاســایم دەتــرازێ و کوێرێکــی ترم بیردەکەوێتەوە ئەگەر خۆی بە شیعرو چیرۆکەوە سەر قاڵ نەکردایە بۆینس ئایرسی دەکــردە ئاکادیمیای زانســت و بیرکردنەوە. کوێرێك لە ئێمــە جوانتر ڕەنگ ببینێ و لــە ئێمەیش چاکتر شــارەزای کلتووری خۆرهەڵات و خۆراوا بێت. من ئێســتایش کــە بەرهەمی ئــەو دەخوێنمەوە وا هەســت دەکەم لەناو کەشــتیەکدام بێ ئەوەی سەرنشــینەکانی بناسم هاوڕێ و دۆســتی کۆن و ئێستامن. کوێرەکەی وڵاتی گریکی کۆنیشم دێتە بەرچاو کە نەخشە بۆ گرتنی تەروادە دەکێشێت.

لــە دامێنــی گوزەرەکەدا، تەواو لەو شــوێنەدا کــە ئەگەر بەلای ڕاســتا لادەیت حەمامەکەی ســەی عەلی ســەرنجت بۆ لای خۆی دەگوێزێتەوە، وەك جاران لەســەر دووکانەکــەی باوکی عەلی دادەنیشــمەوە، ئیتر نە ئاگام لــە بۆرخیس دەمێنێت و نە لە ســۆفوکلیس و هۆمیرۆس. عەلی وەك جەلال هاوڕێی سەرەتایم بوو، ڕۆژێك دوای قوتابخانــە بە جووتە لە دووکانەکەیاندا دانیشــتبووین و باوکی لەوێ نەبوو. عەلی لێی پرســیم: ئەمڕۆ مامۆســتای ئایین وتــی ڕۆژێك لە ڕۆژان دنیــا کۆتایی دێت و تەواو خاپوور دەبێت، قیامەت هەڵدەســێت و هەموو دەمرین. دەزانیت من لەوساوە هــەر بیر لەوەدەکەمەوە. باشــە ئەگەر وابوو تۆ چی دەکەیــت؟ وتم جا چیە، خۆم دەشــارمەوە. وتی لە کوێ؟ وتم لەباوەشــی دایکما. وتی ئــەی دایکت خۆی لە کوێدا دەشــارێتەوە؟ وتم لەباوەشــی باوکما. وتی ئەی باوکت خۆی لە کوێدا دەشارێتەوە؟ وتم لە تەنوورەکەی ماڵەوەماندا، تەنووری حەوشــەکەمان هێند قووڵە کە چوویتە ناوی و ســەرت داپۆشــی ئیتر کەس ناتدۆزێتەوە. وتی کەرە کاتێك دنیا کاول دەبێت تەنوورییش خەڵك دەســووتێنن. وتم کێ وا دەڵێت؟ وتی مامۆستا. کەمێك وەستام و ئەقڵم بە پەنایەکی تر نەشــکا. وتم عەلی بەڕاســت چی بکەین؟ وتی من جێی خۆم هەیە، دەچمە حەمامەکەی باجی حەبێوە، شــوێنێکی چەپەك و تاریکی تیایە ژنان تیایدا داڕوو لە خۆیان دەگرن و کەس نامدۆزێتەوە. وتم بە خوا کەریت، خوا لەپێش هەموو شــوێنێکدا ئەوێ خاپوور دەکات. وتی بۆ؟ وتم دەزانیت ئەو داڕوو لە خۆدانە

بـــۆ چیە؟ وتی بۆ چیە؟ وتم ژنان هینەکەیان ســاف و لــووس دەکەن بۆ پیاو. عەلی چـاوی لێ بزکردمەوەو وتی زۆڵ ئەمانە چۆن دەزانیت؟ وتم رۆژێك باجی حەبێ بە دایکمی وت ئیتر لەمەودوا حەممەی کورت مەهێنە بۆ حەمامی ژنان چونکە هینەکەی ئێســقانی کردوە. عەلی وتی جا ئێســقان کردن چ پەیوەندیەکی بە ناوگەڵی ژنانەوە هەیە؟ وتم زۆر، ئەی خوا چۆن بیانووی دەســت بکەوێت بۆ کاول کردنی دنیا! وتی هەر لەســەر ئەو دوو شــتە بچووکە؟ وتم وەك مامۆســتاکان باسی دەکەن ئەوە زۆر زۆرە.. ئەو تۆزە ئیسقان و گۆشتە لە هەموو شتەکانی تری دنیا گوناهبارترن.

عەلی گەورە بوو، داوای شانازی کرد، زۆر یەکتریان خۆش دەویست. باوکی شاناز بــە باوکمی وتبوو ئەگەر عەلی نەخواتــەوە کچی خۆمی نادەمێ. ئەو داوایە بۆ ئەو ســەردەمە شتێکی سەیر بوو. باوکم کە سەری بچوایە نوێژی نەدەچوو پێی وتبوو: کاکە ئەحمەد ئەوەیان لەسەر من، بەڵێنە و هەقت نەبێت.

دوای دووســاڵ، بەیانیەك قەدەغەی هاتوچۆ کرا، مــن و عەلی و هەزارانی تری خەڵکی ئەم شــارە گیراین و خراینە گەورەکەی حامیەوە. لەوێ من و عەلی هەمیشە گۆرانیمــان دەوت و یادی رۆژانی قوتابیەتی خۆمانمان دەکــردەوە، بەتایبەتی ئەو دیمەنە سەیرانەی لە حەمامەکەی باجی حەبێدا دیبوومان و هێشتایش دنیاکەمان خاپوور نەبوو بوو. کە دوای ســێ مانگ لەحامیە بەربووین ئیتر عەلی وەك ئەسپی مــەرگ هەڵیگرتبێــت بڕیاری دا بڕواتــە دەرەوەو ببێت بە پ.م. لە یەکەم شــەڕی قاتەکانــی کفریدا شــەهید کرا، وتیان پێشــتر هەر لە ســەنگەرەکەیدا لە تینواندا خنکابوو. من تا ئێســتایش کە زۆر تینوم دەبێت و ئاوی ســارد بەســەرەوە دەنێم عەلیم بیردێتەوەو یادێکی پڕ لەتاسەی دەکەمەوە.

دوای مەرگی عەلی شــاناز کوڕێکی بوو ناومان نا (پێشــڕەو) پاش ســاڵێك شاناز شووی کردەوەو پێشڕەوی دایەوە بەسەر ماڵی خەسوویدا. ئیدی وەك ئەوەی پێشڕەو کوڕی ئەو نەبووبێت هەرگیز لێی نەپرسیەوە. پێشڕەو گەورە بوو، زانکۆی تەواوکرد، لەباتی ناوی شاناز ناوی نەنکی خستە سەر شناسنامەکەی.

ئــەو ڕۆژەی کــە لە هەفتە بــازاڕی جاران دەچوو من پێشــڕەوم لەســەر کۆنە دووکانەکەی باپیری بینیەوە. دانیشــتم، هەر هەردووکمان بووین. پێم وت دەزانیت دایکت مردوە؟ وتی بۆ نازانیت دەمێکە دایکم مردوە؟ وتم مەبەســتم شــانازە. وتی جا کەی ئەو دایکمە! من لە زووەوە مەیتی یادەوەریە ناخۆشــەکانیم لەســەر شــانم لابردوە، پێکیشــەوە بۆ پرســەکەی دەچین. وتم زۆرباشە. وتی بەڵام من دەمەوێت ژن بێنــم. نازانم چیم بۆ دەکەیت؟ وتم بۆ هیچ قەوماوە؟وتی بەڵێ. باوکی کچەکە ورکــی گرتوە دەڵێت ئەگەر پێشــڕەو نوێــژ نەکات کچی نادەمــێ. وتم کێیە؟ وتی دەیناســیت، حەمە ســووری خەیات، ..وتم باشە پێشــڕەو من چیم لە دەست دێت، بەتایبەتی کە حەمە ســوور لە نزیکەوە چاکم دەناسێت؟ وتی وەك خوازبێنیەکەی باوکت بۆ باوکمی کردبوو. بڵێ لەســەر من و هەقت نەبێت. وتم باوکت بەڵێنەکەی بەجێ هێنا! وتی باشــە منیش شــتێکی لێ دەکەم. وتم بەڵام تۆ کتێبی ســەرمایەت خوێندۆتەوەو بڕوات بە تیورەکانیەتی؟ وتی بنەماکانی فەلسەفەیشــم لەبەرە. وتم ئــەی چۆن؟ وتی بــۆ نابێت بۆ ماوەی مانگێك پەیڕەویی لــە میکیافیلی بکەم! وتم هەرتەنیــا مانگێك؟ وتی بەڵێ. وتم جا ئەم درۆیەم بۆ پێ دەکەیت؟ وتی بۆ بەیەك گەیاندنی دڵی دوو عاشق ئەوە درۆی سپیەو لە هەندێك ڕاستیی وتن پاکژ و بێ وەی ترە. وتم ڕاســتە، وەلێ تۆ لە ئێســتاوە پەیڕەویی لە میکیافیلیەت دەکەیت! وتی تۆ دەتەوێت لەم دنیا پڕ لەخەوش و گەندەڵیەدا ئێمەیش پریشکێکمان بەرنەکەوێت؟ وتم: ئاســاییە، منیش ئەوەندە ئایدیالیست نیم، بەڵام گرنگە پریشکەکە زۆر گەورە نەبێت، وتی دە هەر مانگێکەو تەواو.

بڕیارم دا شەوی ئایندە، لەدوای مەیخانەوە بچم بۆ ماڵی حەمە سووری خەیات، هــەر بەبۆن و بەرامــەی مەیخانەکەوە- خۆم چۆنــم دەوێت- هەرئــاوا خوازبێنی دڵخوازی کچی بۆ پێشڕەو بکەم و، بێگومانیشم هەر بەجلەکانی بەریەوە پێشکەشمان دەکات.

٢٠١٠/١٠/٢٢

# ٤
# تەرم

لەسەرخۆ دەرگا تەختەکەی دەرەوەی کردەوەو چووە ژووری، لەودیوەوە لە زنجیرە درێژو ژەنگاویەکەی ڕوانی کە هێشــتا بە پشتی دەرگاکەوە مابوو، بەڵام شوێنەواری ئەڵقە ڕێزەکە دیار نەبوو. چاوی بە ناو حەوشــەکەدا گێڕا: ســەر تەنوورو حەوزە بچووکەکــەی بەردەم بۆری ئاوەکە. هەردوو هەیوانی ســەرەوەی بەردەم ژوورەکان. بنمیچی ســەربانیش کە ڕیشاڵ ڕیشــاڵی نارێکی گژوگیا ڕەنگی قەوزەیی کردبوون و چەند هێڵێکی لە هەندێك شوێندا قرتاو بەسەر دیوارە قوڕەکەدا هاتبوونە خوارێ. چووە بــەر هەیوانی کۆنە ژوورەکەی خۆیان کە لە خانووەکەدا بە کرێیان گرتبوو. پاڵی بە دەرگاکەوە نا، جیڕەیەکی ناقۆڵای لێوە هات و وەك مرۆڤێکی وزەلێبڕاو توند بە پشتا کەوت، تەپوتۆزێکی زۆری لێ بەرزبووەوەو ئەم هەنگاوێك گەڕایەوە دواوە. دوای کەمێك چاوەڕێ کردن چووە ژووری. دیواری ژوورەکە لە زۆر جێگادا سواغەکەیان لێ ببووەوەو قوڕەکەیان لەسەر زەویەکەدا ببووەوە بە خۆڵێکی ڕەشداگەڕاو. زۆربەی داری

بنمیچەکە شــکابوون، یان لە جێگاکەیان ترازابوون‌و لایەکیــان کەوتبووە خوارێ‌و ئەویتریان هەر بە هەڵواســراوەیی مابووەوە. تەماشای دووتاقە بەرانبەرەکەی سەر دیوارەکانــی کرد کــە یەکێکیان شــوێنی کتێبی قوتابخانەی‌و ئــەوی تر چرایەکی لالەیان تیادا دەگیرساند. هێشتا هەموو جێگاکانی بەسەر نەکردبووەوە کە لە پڕێکدا چۆلەکەیەکــی شــپرزە خۆی بە ژوورەکەدا کــرد، بــە دەم زاق‌و زریقەوە خۆی بە دارو دیوارەکاندا دەکێشــا، دیاربوو ترســی مەرگ نەیدەهێشــت لە جێگایەکدا ئارام بگرێــت. هەر لەو کاتەدا چەند جارێــك گوێی لە هاژەی باڵی باڵندەیەکی گەورەبوو کە تارمایییەکەی گەیشتبووە بەر هەیوانەکەو لەوە دەچوو بیەوێت بڕواتە ژوورەوە. لەپڕێکدا دیارنەما، دوای کەمێك چۆلەکەکەیش کە هێشــتا بەســەر یەکێك لە دارە شکاوەکانی بنمیچەکەوە نیشتبووەوە هەڵفڕی‌و ڕۆشت.

ئەم بۆ چرکەساتێك سەری پڕ بوو لە ژاوەژاوی جریوەو غاك غاكی ئەو باڵندانەی شەوانی بارانی زستان بەسەر شاردا تێدەپەڕین. باوکی دەیوت ئەوانە قازو قوڵنگن‌و بــەرەو گەرمیان دەچن. هەر ئەو شــەوانەیش بوو کە دڵۆپــەی بنمیچەکە جێگای خەوتنی بۆ نەدەهێشــتنەوە. دایکی بە بۆڵەبۆڵ تەشت‌و سینی‌و قابلەمەی دەخستە بەر دڵۆپەکان‌و جوێنی بە بان گوشەکە دەدا. ڕەش مارێکیش چون میوانێکی درەنگ وەخــت بەناو دارەڕاکانی بنمیچەکەدا خشــەی دەکردو چاوی هەرســێکیان ئەبڵەق دەبوو، باوکی دەیگوت لێی گەڕێن فریشــتەیەکی بێ زیانە، دەســتی لێ نەوەشــێنن هیچتان لێ ناکات. دایکی دەیگوت مار هەر مارە، دەترســم ڕۆژێك فرســەت بێنێت‌و بە کوڕەکەمەوە بدات.

هەورە تاڵەکەی دەرەوە گرماندی‌و ئەم لەناو ژوورەکەدا هەر وەستابوو، هەستێك تەمەنی بە تەواویی هەڵپێچاو زەمانی لەبەردەمیدا ڕاخســت. لە خۆی‌و ئێستای بە تەواویی دابڕا:

«ئەو شــەوە بەفر ناوشاری داپۆشــیبوو، سەربان‌و ناوحەوشــەو کۆڵانەکەیانی ســاف‌و ســپی کردبوو. کە بەیانی لە خەو هەســتان دەرگــای دەرەوە نەدەکرایەوە،

پیـــاوەکان بە خاکەناز کەوتبوونە پاك کردنـــەوەو ڕاماڵینی بەفرو هاتو هاوارێکی نائاســـایی کۆڵانەکەی پڕکردبوو. مام عەزیزی خـــاوەن ماڵمان کە تەمەنی نزیکەی حەفتا ســـاڵ دەبوو دەیگوت: «ئەمە یەکەمجارمە بەفری وا قورس ببینم. شـــەویش گوێـــم لە دەنگـــی گورگ بووە» لە گەرمـــەی ئەو هەراو زەنایەدا ڕەشـــیدی خاوەن خانوەکـــەی بەرانبەرمـــان هاواری کـــرد: «وەرن، خەڵکینە تەرمێـــك لەژێر بەفری بەرماڵەکەماندایە!» کۆڵان بە ژنو پیاویەوە وروژاو لەبەردەم دەرگای ماڵی ڕەشـــیدا کۆبوونەوە. تەرمی لاوێکی شـــەرواڵو ستارخانی لەبەری بالأبەرز بوو، جامانەکەی لە ســـەروملی ئالأندبوو. قۆبچـــەی مرادخانیەکەی وەك ڕیزێـــك خاڵی ڕەش بەرەو خوار هاتبوونو پشتێنەکەیشـــی توند بەســـتبوو. مام عەزیز کە بەسەر تەرمەکەدا چەمابـــووەو لێـــی ڕامابوو وتی: «خوا بمگرێت ئەگەر ســـەری لـــێ دەربکەم! ئەمە کێیەو بۆ گەیشـــتۆتە ئێرە؟» ســـابیر وتی: «تـــۆ بڵێی لە گوندێکی ئـــەم نزیکانەوە نەهاتبێـــتو لێرەدا بەفرو کرێوە ســـەری لێ نەشـــێواندبێت!» حەمەســـوور وتی: «هەرچۆنێکـــە دەبێـــت بیگەیەنینە مزگەوتو لەوێوە بانگـــەوازی بۆ بکەین بەڵکو کەسوکاری بدۆزینەوە» ڕەشـــید وتی: «دەبێت لە پێشا پۆلیسی لێ ئاگادار بکەین» سابیر وتی: «با جارێ بیبەینە ماڵی یەکێك» حەسەن وتی: «لە بەردەمی چ ماڵێکدا ڕەق بۆتـــەوە دەیبەینە ئەوێ» ڕەشـــید ڕاپەڕیو وتی: «ئای لەم قســـە قۆڕە! شـــەو گەنجێـــك تا ئێرە بڕی کردووە، لەوانەیە لە دەرگای هەموو ماڵەکانی دابێتو کەس ئاگـــای لێ نەبووبێت، ئیتر بۆ دەبێت من تووشـــی گێچەڵی پۆلیس یان کەسو کاری بم؟» حەســـەن پێـــی داگرتو وتی: «کـــێناڵێت هەر بە تایبەتی بـــۆ بەردەم ماڵی ئێـــوە نەهاتووە؟ یان کارێکی نەبووەو..!» هەموو بۆ چرکەســـاتێك بێدەنگ بوونو نەیانزانی چی بکەن.. ســـالاری کوڕی حەسەن کە تەمەنی دە ساڵ دەبوو لە خۆیەوە هەڵیدایەو وتی: «من دوو سێ جار ئەم کوڕەم دیوە بێرەدا تێپەڕیوە، جارێکیان هەر لەم ئاستەدا وەستاو چەند جارێك کۆکی» خونچەی کچی ڕەشید کە کچێکی جوانو هەرزەکارو لە دوای باوکیەوە کزۆڵەی کردبوو، دوای قســـەکانی ســـالار چون مارێکی

ترساو بێدەنگ خۆی خزاندەوە ژووریٚو دیارنەما. بەڵام ڕەشید بە هێوریی خۆی ڕاست کردەوە، بەفرەکەی لە جلەکانی تەکاندو وەك بۆ شتێك بگەڕێتو دەستی نەکەوێت دەمو چاوی داگیرساو پیشی خواردەوە. لەو کاتەدا باوکم بەتانیەکی گەورەی هێناو وتی: «با جاریٚ مەیتەکە هەر لەناو بەفرا نەهێڵینەوەو بیخەینە ناو ئەم بەتانیەوە». کە دەستیان دایە تەرمەکەو هێنایانە دەریٚ، خەنجەرێك لەبەر پشتوێنەکەیەوە بۆ سەر بەتانیەکە کەوتە خواریٚ. هەموو سڵەمینەوەو چاویان لە خەنجەرەکە بڕی. دیاربوو ئەوەی ڕەشید بیری لێ دەکردەوەو بۆی دەگەڕا زۆر بە ئاسانی هاتۆتە بەردەستی، خێرا خەنجەرەکەی لە کێلانەکەی هەڵکێشاو لە چاوتروکانێکدا سەر دڵی حەسەنی پێ کون کرد. خوێن بەسەر تەرمەکەدا ڕژاو سنگو بەرۆکی سوورکرد. چاوی هەموومان بە بڵقەبڵقی خوێنەکەوە نووسا کە چۆن لە زامەکەی سەردڵی حەسەنەوە دەردەپەڕیو بەسەر بەفرو تەرمەکەدا دەڕژا. لە پڕێکدا بێدەنگیەکە بوو بە هاوارو قیژەی ژنو منداڵو کەس نەیدەزانی چی بکات. ڕەشید خەنجەرەکەی بە بەرۆکیا کردو زوو لە چاو ون بوو. ئێمەی منداڵ هەمانبوو بۆ ژووری ژوورەوە هەڵاتینو هەیش بوو لە جێی خۆی نەدەجوڵاو ساکابوو. پیاوەکانیش بێدەنگ هەردوو تەرمەکەیان خستە سەر بەتانیەکەو بۆ ماڵی حەسەنیان بردن.

شوباتی ٢٠١١

# ٥
# شار

لـــە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەدا دانیشـــتبوو، لە شـــەقامو ڕێبـــوارو ئاپوورەی ناوشـــاری دەڕوانی. شـــتەکان تا ئەو ســـاتە ئاسایی بوون. کە ســـەری بەرەو باکوور بەرزکـــردەوەو بۆ زۆر دووری ڕوانی، کۆمەڵێك تارمایی هاتنە بەرچاو. تارماییەکان لـــە پەڵە هەورێکی ڕەش دەچوون لـــە پڕا بایەك بێتو لێکیـــان جیابکاتەوە، دوای چرکە ســـاتێك بایەکە بیخاتو تارماییەکان دیسانەوە بە پاڵ یەکەوە بەرەو پێشەوە بجوڵێن..

چـــاوی ئەم بە دەم ڕۆیشـــتنو جووڵەی ئەوانەوە هاتوچۆی بـــوو، تا دیمەنەکە لە مەودای بینینی نزیك کەوتەوەو بوو بە لەشـــکرێکی پڕ تەدارەك. لەشـــکرەکە لە شێوەی نیوە بازنەیەکدا بەرەو شار دەجووڵاو تا دەهات هەردوو سەری نیوە بازنەکە لـــە یەکدی نزیك دەبوونـــەوە. پیاوێکی بە تەمەنی چاویلکە لـــە چاو کە دووکەڵی

جگەرەکەی ڕەنگو سیمای دەمو چاوی داپۆشیبوو گەیشتە ئاستی پەنجەرەکە. کوڕەکە هاواری لێ کرد: خاڵە تەماشای باکوور بکە بزانە چی دەبینیت؟ پیاوەکە وەستاو سەری بۆ لای پەنجەرەکە هەڵبڕی. یەك دوو جار چاویلکەکەی بەرزو نزم کرد تا کوڕەکەی بینی. بێ ئەوەی هیچ بڵێت سەری بەرەو باکوور بەرزکردەوە، چەند جارێك چاویلکەکەی هێناو برد. کە دڵنیا بوو ڕووی لە پەنجەرەکە کردو وتی: کوڕم من هیچ شتێکی نائاسایی نابینم، ڕەنگە چاوت ڕەشکەو پێشکە بکات! تۆ چی دەبینیت؟ ئەم بێدەنگ بوو ئەو ڕۆشت. مامۆستایەکی ئاینی گەیشتە جێگای پیاوە چاویلکە لە چاوەکە، ڕیشی تۆپێکی ڕەشو جوبەیەکی شینباوی لەبەردا بوو. کوڕەکە هاواری لێ کرد: مامۆستا تەماشای باکوور بکە بزانە چی دەبینیت؟ مامۆستا سەرەتا لە دەنگەکە سڵەمیەوەو وەستا، پاشان لە پەنجەرەکەی ڕوانی، بە دەم ورتە ورتێکەوە کە تەنیا خۆی دەیزانی چی دەڵێت تەماشای باکووری کردو هیچی نەدی. ئاوڕی بۆ لای پەنجەرەکە دایەوەو پاشان لە باکووری ڕوانیەوە، کە دڵنیا بوو بە کوڕەکەی وت: هیچ شتێکی نائاسایی نابینم کوڕم، ئەی تۆ چی دەبینیت؟ ئەم بێدەنگ بوو ئەو ڕۆشت. دایكو کچێك گەیشتنە شوێنی مامۆستاکە، کوڕەکە هاواری لێ کردن: بەرەو باکوور بڕوانن، بزانن هیچ دەبینن؟ دایكو کچەکە وەستانو ئاوڕیان بەرەو لای دەنگەکە دایەوەو کوڕەکەیان بینی. بە جووتە تەماشای ئەو شوێنەیان کرد کە چاوی کوڕەکەی پێوە ئەبڵەق ببوو. ژنەکە زووتر لە کچەکە ئاوڕی دایەوە، بە کوڕەکەی وت: هیچ دیار نیە. تۆ چی دەبینیت؟ کچەکە بە سەرسامیەوە لە دایکی ڕوانیو پاشان تەماشای لای کوڕەکەی کرد. ژنەکە لە بێدەنگیی کوڕەکە نیگەران بوو. بە کچەکەی وت ڕەنگە تێك چووبێت؟ با بڕۆین. کچەکە بە دایکی وت: من نایەم، کوڕەکە ڕاست دەکات. ژنەکە جارێکی تر لە باکووری ڕوانیەوەو هیچی نەدی. بە کچەکەی وت با بڕۆین. کچەکە وتی دەچم بۆ لای کوڕەکە. ژنەکە وتی حەزت لێ کردووە؟ کچەکە وتی هەر کەسێك حەز لەوە دەکات کە لە خۆی دەچێت. ژنەکە کە لە ناو چاوی کچەکەی ڕوانی هەستی بە نامۆییەك کرد لە ترسو نیگەرانی دەچوو،

بەڵام هیچی نەوت‌و ڕۆشت. کچەکە چوو بۆ لای کوڕەکە.

تەم‌و مژێکی نائاسایی شاری داگرت. کوڕو کچەکە هاتنە خواریٚ‌و بەناو تەمتومانەکەدا بەرەو باکوور بەڕێ کەوتن. بە دەم ڕۆیشتنەوەو لە ناو ئاپوورەی شاردا هاواریان دەکرد: خەڵکینە، لەشکرێك بەرێوەیەو هاکا گەیشتە سەرتان، بێگومان شارەکەتان داگیر دەکات.

بە دەم تەماشاکردنی باکوورەوە هەبوو دەوەستاو بێدەنگ گوێی لێ دەگرتن. هەندێك دەیانوت ئەمانە ئاشقن‌و ئەقڵیان لەدەست داوە. هەبوو دەیگوت جاکوا خوا ئەوە بکات سوپایەکی فریادڕەس بێت‌و لەم دەستەڵاتدارانەی خۆمان ڕزگارمان بکات!

کچ‌و کوڕەکە نەدەوەستان، هەر دەرۆیشتن‌و هاواریان دەکرد، تا لە بەردەم دەروازەی شاردا پاسەوان هەردووکیانی گرت‌و داوای شناسنامەی لێ کردن، ئەوان هیچیان پێ نەبوو، چونکە لە ڕاستیا خۆشیان نەیاندەزانی سەر بە کام وڵات‌و نەتەوەیەکن، لە کوێن‌و بۆ کوێ دەچن! کەچی لە هاوارکردن نەدەکەوتن. پاسەوانەکان بە تۆمەتی ئەوەی ئەمانە ئاژاوەگێڕ یان سیخوڕن بۆ زیندانێکی هەرە دووری بیابانی خۆراوا ڕەوانەیان کردن، لەوێ ڕۆژانە بێجگە لە چۆڵەوانیەکی هەتەرو چەند پۆلیسێکی ڕەش‌و ناشیرین کە بەردەوام تووڕە بوون‌و شەڕیان لێ دەباری چی تریان نەدەبینی.

سوپاکە زۆر بە ئاسانی‌و بێ هیچ بەرەنگاربوونەوەیەك هاتە ناو شار، کووچەو کۆڵانەکانی داگیر کرد، مۆزەخانەو پەیکەرەکانی ڕووخاند، گۆڕی شاعیرو ناودارەکانی بێ ئاسەوار کرد، ئەو گەنجانەی مابوونەوە یان بێ سەروشوێن یان بەرەو ئەو زیندانەیان کردنەوە کە کوڕو کچەکەی تیابوو.

دوای ئەو ڕووداوە دانیشتوان شەوانە خەیاڵیان لەوە دەکردەوە چۆن سوپاکە بشکێنن! چۆن دەماریان لە خوێن وشك بکەن تا پەیکەرە ئێسکینەکەیان دەمێنێتەوە، ئینجا بیان کەن بە کەرەستەی یاری پێ کردنی دەستی مناڵەکانیان. دوای خەیاڵێکی

زۆر کــە بە کارو ئەرکــی خۆیان دەزانیو هەســتیان دەکرد ئەو شــەوە تۆڵەیەکی باشــیان لە دوژمن کردۆتەوە، دەنووستن. نووســتنی جەنگاوەرێك هەفتەیەك خەو نەچووبێتە چاویو بەرگری لە مافی ڕەوای خەڵکیی کردبێت، یان ژنێك بە دەم ژانی منداڵبوونــەوە چەند شــەوو ڕۆژێك تلی خواردبێت تــا منداڵەکەی لێ بووبێتەوەو خەوێکــی قووڵی لێ کەوتبێت. بــەڵام بۆ بەیانی کە دەچوونەوە ســەر کارو ژیانی ڕۆژانــەی خۆیان بیرکردنەوەکانی شــەویان فەرامۆش دەکرد، یــان لە بیری خۆیان دەبردەوە. تەنانەت چێژیان لە ملکەچیو دەســت بەسەریی داگیرکەران دەچەشتو بە خۆشیو شــادیەوە سوخرەو بێگاریەکانیان ئەنجام دەدا. شەوی ئایندە دیسانەوە خەیاڵیان دەکردەوە چۆن خوێن لە دەماری دوژمندا وشك بکەن تا دەبنە پەیکەریی ئێســکین، بۆ ئەوەی پارچەپارچەیان بکەنو منداڵەکانیان یاری بەلەیســتۆکیان پێ بکەن.

دوای سەدان ساڵ بەســەر ئەو کارەساتەدا، زانایەکی میتۆلۆژی لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەســەر شــارەکە کــرد. بە بەڵگەی دروســتەوە ســەلماندی کە ئەو شــارە بە هەمــان پێکهاتەی دانیشــتوانو ســوپای داگیرکەرەوە ئێســتا بوونــی هەیە. بەڵام زاناکە دوای لێکۆڵینەوەی زۆرو گەڕانو پشــکنینێکی ماندوونەناسانە بەناو زانستە جۆربەجۆرەکاندا ئەوەی بە لاوە ئاســایی بوو کە بۆ دانیشــتوان شــەو بیر لە تۆڵە دەکەنــەوەو بەیانیی لە بیر خۆیانی دەبەنەوە. بەڵام ئەوەی هەر بە نهێنی مایەوەو چ زانســتێك فریای لێکدانەوەو تێگەیاندنی زاناکەی نەبوو ئەوە بوو کە ئەو چێژە چیە لە ژێردەستەیی وەری دەگرنو بۆ داگیرکەریان خۆش دەوێت!!

٢٣/ ٣/ ٢٠١١

# ژیان و کارنامەی نووسەر

١- ١٩٤٢ لەشـــاری کەرکووک لە دایک بووە، لە سلێمانی ژیاوەو خوێندنی لەوێ تەواو کردووەو بووە بە مامۆستای سەرەتایی.

٢- ١٩٦٠ دەورەی تەربەوی مامۆستایانی تەواوکردووەو بووە بە مامۆستای سەرەتایی.

٣- ١٩٦٦ خێزانی پێکەوە ناوەو چوار کچ و کوڕێکی هەیە.

٤- ١٩٧٠ دەستی کردووە بە چیرۆکنووسین.

٥- ١٩٧٧ کۆمەڵە چیرۆکی (بوار)

٦- ١٩٨١ کۆمەڵە چیرۆکی (هەوار)

٧- ١٩٨٤ کۆمەڵە چیرۆکی (ئانتوان چیخۆف)ی لە فارسیەوە کردۆتە کوردی.

٨- ١٩٨٥ کۆمەڵـــە چیرۆکـــی (بەرەو چیـــا)ی بەناوی (ڕێبـــوار عەبـــدوڵا ئەحمەد)ەوە لە چیا بڵاو کراوەتەوە.

٩- ١٩٨٦ کتێبی (سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی) کە لە عەرەبیەوە کردوویەتی بە کوردی.

١٠- ١٩٨٧ وەرگێڕانی (سێ شانۆگەری) لە زمانی عەرەبیەوە.

١١- ١٩٨٩ کۆمەڵە چیرۆکی (هەڵۆ)

١٢- ١٩٩١ بووە بە سەرۆکی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی.

١٣- ١٩٩٤ کۆمەڵە چیرۆکی (کۆڵان)ی لە وڵاتی سوید چاپکراوە.

١٤- ١٩٩٧ بووە بە سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ.

١٥- ١٩٩٨ کۆمەڵە چیرۆکی (سەما)

١٦- ١٩٩٨ کۆمەڵـــە چیرۆکـــی (دڵۆپـــە خوێنەکانی ســـەر بەفر) کـــە کۆمەڵێک چیرۆکی بیانین لە فارسی و عەرەبیەوە کردوونی بە کوردی.

١٧- ١٩٩٨ لەگـــەڵ چەند هاوڕێیەکدا دەزگای چاپ و پەخشـــی ســـەردەمیان دامەزراندووەو بووە بە سەرنووسەری گۆڤاری (سەردەم) کە تایبەتە بە وەرگێڕان.

١٨- ١٩٩٩ چاپکردنی شانۆنامەی (ئیڤانۆف)ی چیخۆف لە زمانی فارسیەوە.

١٩- ٢٠٠١ چاپکردنی ڕۆمانی (زۆربا)ی نیکۆس کازانتزاکیس لەزمانی فارسیەوە.



٢٠- ٢٠٠٢ چاپکردنی کتێبی گیرفان (دیکارت) لەزمانی فارسیەوە.

٢١- ٢٠٠٢ چاپکردنی ڕۆمانی ( ئاهەنگی ماڵئاوایی) میلان کوندیرا لە فارسیەوە.

٢٢- ٢٠٠٣ کتێبی گیرفان (چۆن ڕۆمان دەنووسرێ) نووسینی گابریل گارسیا مارکیز وەرگێڕانی لە فارسیەوە.

٢٣- ٢٠٠٤ چاپکردنی کۆمەڵە چیرۆکی (دەستی خودا).

٢٤- ٢٠٠٤ چاپکردنی (دوا گفتوگۆکانی پۆرخیس) وەرگێرانی لە فارسیەوە.

٢٥- ٢٠٠٥ چاپکردنی (سێ دەقی شانۆیی) وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە.

٢٦- ٢٠٠٥ چاپکردنی کتێبی (یەکەمین ترپەی عاشقانەی دڵم) کە کۆمەڵێک نامەی ژنە شاعیری ئێرانی (فروغ فروخزاد)ە بە هاوکاری شەیدا سەلاح لە زمانی فارسیەوە.

٢٧- ٢٠٠٦ وەرگێڕانی رۆمانی (تاوان و سزا)ی دۆستۆیفسکی لە فارسیەوە.

٢٨- ٢٠٠٧ چاپکردنی کۆمەڵێک وتاری ئەدەبی بە ناوی (بێدەنگی و شتی تر)ەوە.

٢٩- ٢٠٠٨ چاپکردنی کتێبی (دڵدارە هەرە ئازیزەکەم) کە کۆمەڵێک نامەی خۆشەویستی نێوان ئەنتۆن چیخۆف وئۆڵگاکنیبەرە لە فارسیەوە.

٣٠- ٢٠٠٩ چاپکردنی کتێبی (بەرەو کەناری شپرزەیی) کە دەقێکی کراوەیە.

# پێڕست


دۆنادۆن ٥
فڕین بە مەرزی حەرامدا ٣١
چەند لاپەڕەیەکی ونبووی ڕۆمانی غەزەلنووس‌و باخەکانی خەیاڵ ٥٨
من، ئەو، ئێوە ٧٩
گەڕان بە دوای دیمەنە ونبوەکاندا ٨٨
خۆشەویستی ٩٤


## ڕۆژانە چیرۆك


١-یاد ١١٩
٢-خەون ١٢٢
٣-بەیەك گەیشتنی هێڵە تەریبەکان ١٢٧
٤-تەرم ١٣٢
٥-شار ١٣٦
ژیان‌و کارنامەی نووسەر ١٤٠